دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە



**پەیامی پیرۆزبایی مستەفا هیجری،**
**لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**بەبۆنەی ساڵی نوێی زایینییەوە**

**بەبۆنەی ڕۆژانی یادی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح و جێژنی سەری ساڵی نوێی زایینی، پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بە هەموو هاونیشتمانییە مەسیحییەکانی کوردستان، بە تایبەت مەسیحییەکانی نیشتەجێی کوردستانی ئێران دەکەین.**
**هیواخوازین ساڵی ۲۰۲۲ ساڵێکی پڕ لە خۆشی، ئاشتی و برایەتی بۆ هەموو لایەک بێ.**

**لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**مستەفا هیجری**
**۹ی بەفرانباری ۱۴۰۰ی هەتاوی**

ژمارە ۸۱٤، چوارشەممە ١٥ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی، ٥ی ژانویەی ٢٠٢٢

www.kurdistanmedia.com

سیاسەت ٤




«٢٦ی سەرماوەز ڕێبەری دڵەکانە» ٦



تاران خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەلەبیب ئەدزێتەوە ٨





دیمانەی کوردستان ١٠



# مامۆستای قوتابخانە، کەوتۆتە بەندیخانە







ڕێکەوتی ١٢ی بەفرانبار هەواڵی تەیید کردنی حوکمی ستەمکارانەی ٥ ساڵ زیندانی تەعزیری بەسەر زارا محەممەدی چالاکی فەرهەنگیی کورد، دنیای خوازەکی تەنییەوە و ئۆگرانی زمان و شوناسی نەتەوەیی کورد وێڕای بەداخبوونیان بۆ دەرکردنی ئەم حوکمە ناڕەوا بە شێوەی جۆراوجۆر دژی وەستانەوە و پشتگیری خۆیان لە خاتوو زارا محەممەدی دەربڕی کە بێتاوان دەخرێتە سووچی بەندیخانەوە.

دیارە ئەمە یەکەمجار نییە کە حوکمی لەو شێوە دژ بە چالاکێکی کورد دەردەکرێت و هاوکات لەگەڵ ناوبراو هەن کەسانێکی تریش کە هەر لەو بیاڤەدا چالاکی دەکەن بەڵام لە دیدی کۆلۆنیالیستی تارانەوە بوونەتە مایەی لەمەترسی کەوتنی دەسەڵاتێکی سیاسی! کەسانێکی وەک موژگان کاووسی لێکۆڵەر، وەرگێڕ، ژەنیار و چالاکی فەرهەنگی کورد خەڵکی کەلاردەشتی مازەندەران کە مامۆستای زمانی کوردی بوو بۆ منداڵانی ناوچەکەی خۆی و مەحموود نیروومەند چالاکی فەرهەنگی کورد خەڵکی گوندی پلگەرد سەر بە ناوچەی هەزار مەسجدی شاری کەلاتی نادری لە پارێزگای خۆراسانی ڕەزەوی کە ئەویش وەکوو مامۆستایەک بۆ زمانی کوردی کاری مەدەنیی دەکرد کە هەنووکە لە ژێر ئەشکەنجەدان و لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەشێک لە تەمەنی گرانبەهایان داناوە تاکوو بتوانن خزمەتکارێکی کوردایەتی و زمانی کوردی بن. پرسیاری سەرەکی لەم نێوانەدا کە دەبێ ئاوڕی جیددی لێ بدرێتەوە لەڕاستیدا ئەوەیە کە چی وادەکات کۆماری ئیسلامی وەها هۆڤانە دژ بە کەسانێک کە نەک لەڕێگەی توندوتیژ بەڵکوو تەنیا لەبەر وتنەوەی وانەی زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەییان دەجەنگن بکەونە بەر ڕق و قین و حوکمی ناڕەوای زیندانیان بەسەردا بسەپێ؟

لە دەسەڵاتیکی کۆلۆنیالیستیی وەکوو کۆماری ئیسلامیدا سیاسەتی سەرەکی و پێڕەوکراو، بریتییە لە نکۆڵیکردن لە نەتەوەکان و سڕینەوەی جیاوازییەکان، بۆیەشە کە دەسەڵات لەسەر تواندنەوەی زمان و کەلتووری نەتەوە جیاوازەکان بونیات نراوە و هەرجۆرە هەوڵەک بۆ زیندووراگرتنی زمانی نەتەوە ستەملێکراوەکان، بە داڕمانی کۆڵەکەی دەسەڵاتەکەیان دەزانن وهەر بەم بۆنەوەیە هەوڵی زاراکان و موژگانەکان و مەحموودەکان و دەیان و سەدانی تری لەو چەشنە کە دەیانەوێ زمانی دایکییان بپارێزن بە دوژمن دەبینێ. دوژمنێک کە هەوڵی وەئاگاهێنانەوەی منداڵانی ئاووخاکی داگیرکراوی زاگرۆس دەدات، دوژمنێک کە ئامانج و خولیای زاڵکردنی دووبارەی فەرهەنگی یەکترقەبوڵکردن و قبوڵکردنی جیاوازییەکان و فرەییەکانە.

دەسەڵاتی کۆلۆنیاڵیستی تووڕەیە لەوەی کە ڕوونکابیرانی نەتەوەی کورد ، چالاکنی زمان و کەلتووری نەتەوەیی کوردستان، آاخافتن و نووسین بە زمانی دایکی بە مافی سروشتیی خۆیان دەزانن و زمان بە کۆڵەکەی سەرەکیی ناسنامە و پێناسەی بوونیان دەزانن. هەر بۆیە هەر جۆرە مامەڵەکردنیکی زمانی ئەمانە بە هەڕەشە و مەترسییەکی ئەمنیەتی و بەزاندنی سنوورێک دەزانن کە خۆیان دیارییان کردووە. ئەمە ڕێکاوڕێک ئەو فۆبیایەیە کە دەسەڵات هەیبووە و هەیەتی و دەشیبێت؛ کەواتە دەتوانین بڵێین ئەوانەی لەم مەترێزەدا هەنگاویان هەڵگرتووە و هەنگاو دەنێن ئەو دژەوان و پاسەوانانەن کە شکۆی زار و زمانی گەلەکەیان دەپارێزن.

گرتن و بەندکردنی چالاکانی ئەم بوارە بەشێکە لەو تراژێدیایانەی کە بەسەر نەتەوەی کورد یان باقی نەتەوەکانی نیشتەجێ لەو جوگرافیایەی بە ئێران دەناسرێ هاتووە و ئەگەر برێ ورد لێی بڕوانین لەوانەیە هیچ کەمتر نەبێ لە تراژێدیاکانی وەک ژینۆساید و هەوڵ بۆ قەتڵوعامی فیزیکیی تاکی کورد!

بەپوختی پرسی گیران و سەپاندنی حوکم بەسەر زارا کە دەنگدانەوە و کاردانەوەی جۆربەجۆریشی لێکەوتۆتەوە، وەک ڕاگەیەندراوی یەکیەتیی زانایانی ئایینی کوردستانی ئێران کە بەڕوونی دەڵێ: «زارا محەممەدی ئەم کیژە دڵسۆز و بوێرە تەنیا بە تاوانی وانەوتنەوەی کوردی سزای پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە. ئەم ستەمە دژە مرۆییە بە هیچ شێوەیەک لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلام و پەیماننامەکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ قەبوڵکراو نییە، بۆیە ئەرکی ئایینیی هەموو ئازادیخوازان و گەلی کوردە کە دژایەتیی ئەم سزا نامرۆڤانەیە بکەن و لە بەرانبەر ئەم ناعداڵەتی و بێڕێزییە بوەستنەوە، چونکە ئەمڕۆ زارا تەنیا کەسێک نییە بەڵکوو دایک و خوشک و کچی هەموو کوردی ڕۆژهەڵاتە و شەرەفی هەر کوردێکە کە ڕێژیمی دژە کوردی ئێران خەریکە پێشێلی دەکات! داواکارین لە بەرانبەر ئەم سزایە بێدەنگ نەبن و هەموومان ببین بە زارا محەممەدی و شەرەف و نامووسی کوردستان بپارێزین.» دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆماری ئیسلامی وەک سەرەکیترین دژمنی ئێمەی کورد هەموو هەوڵ و توانای خۆی خستۆتە گەڕ تاکوو بەهەر شێوەیەک کە بووە کورد لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆی دابماڵێ و لە چییەتی ڕاستەقینەی دووری بخاتەوە؛ چونکە دەزانێ کە «زمان» ئەو چەکە بەهێزەیە کە ڕێگری دەکات لەم ئامانجە، هەوڵی بڕینی دەدات جا بە هەر نرخێک

## پەیڤ

### لەتە قاسم

کەریم پەرویزی

قاسم وشەیەکی عەرەبییە و بە واتای کەسێك کە تەقسیم دەكات یان بە مانای دابەشکەر دێ. بەو پێیە قاسم کەسێکە کە بۆ دابەشکردن دیاری کراوە و ئەرکی خۆی لە دابەشکردنی بەردەوامدا دەبینێتەوە.

قاسمەکەی خامنەییش کە زۆری لەبەردڵان بوو و بۆ مردنەکەی تێر گریا و تازەییش بڕیاری داوە هەر کەس لە ڕاگەیەندنەکان باسی خراپەکانی بکات، لەداری بدەن، کەسێك بوو کە بەناوی پاراستنی حەرەمی ئیمامزادەکان، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا خەریکی بڵاوکردنەوەی توندوتیژی و ئاژاوەگێڕی و کوشتار بوو.

قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودسی ڕێژیمی کۆلۆنیالیستیی تاران بوو کە تایبەت بە کاری تیرۆر و کوشتار لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دیاری کرابوو، بەڵام هەندێ جاریش کە سوپای پاسداران لە نێو ئێران لەکزیی دەدا، قاسم و سوپا تیرۆریستییەکەیان دەهێنایەوە بۆ نێو ئێران بۆ سەرکوتی خەڵك: بەشداریی حیزبوڵای لوبنان لە سەرکوتی خۆپیشاندانەکان لە تاران و شارە گەورەکان، بەشداریی میلیشا عێراقییەکانی سەر بە ئێران لە سەرکوتی خۆپیشاندانی ئەهواز و هەروەها بە پێی هەندێ هەواڵ بەشداریی قاسم سولەیمانی لە شەڕی کۆساڵان دژ بە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، لە نموونەکانی ئەو بابەتەن.

قاسم کە دوو ساڵ پێش و لە سێی ژانویەدا لە فڕۆکەخانەی بەغدا لەتوکوت کرا، پێش لە کوژرانی کاری ئەوە بوو گرووپی جیاجیا تەنانەت لە نێو شیعەکانی عێراقیش دروست بکات و بەگژ یەکیاندا بکا و بۆ هەر شوێنێك دەڕۆیشت کاری تەنیا کوشتار و بە گژیەکداکردن بوو و لە سووریەش ئیدی ڕووی هیتلێری سپی سپی کردەوە!

دوای لەتبونی خودی قاسم بە ڕاکێتی ئامریکایی، وادیارە ڕۆڵی لەتکەریی «قاسم» ی سولەیمانی تەواو نەبووە! دوای دوو ساڵ لە ئاسوودەیی ناوچە بەدەست گەورەتیرۆریستێك وەکوو لەتەقاسمەوە، ئێستا لەتەکانی هەر لە باری دەروونییەوە کاریگەری دادەنێن و دەبینین کە بەناو سیاسیی وەها بەشانوباڵی لەتەقاسمدا هەڵدەڵێن کە مێژووش هەڵی ناگرێ!

ئەوانەی ئەو کارە دەکەن دووبارە هەمان

درێژە لە لاپەڕەی ٣

## ماڵپەڕی «قاسملوو» دەستی بەکار کرد

لە ٩١ـەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی شەهید دوکتور قاسملووی هەرگیز نەمر، ماڵپەڕی قاسملوو دەست بەکار بوو. بەڕێوەبەرانی ئەم ماڵپەڕە لەمبارەوە ئاگادارییەکیان بڵاو کردەوە.

لە بەشێکی ئەو ئاگادارییەدا هاتووە:

یەکێک لە شوێندانەرترین کەسایەتییەکانی کوردستان شەهید دوکتور قاسملووە کە وەک کەسایەتییەکی ئاکادێمیک و شۆڕشگێڕێکی کەموێنە لە تیۆری و پراکتیکدا بووەتە ڕێبازێکی بێ وێنە بۆ ڕزگاری و ئازادیی کوردستان. کەسایەتییەک کە تەنانەت لە دەرەوەی وڵات بە سەدان دۆستی لە گرینگترین وڵاتانی جیهان بۆ کورد کۆ کردەوە کە هەموویان سەرکردە و کەسایەتیی گەورەن.

دوکتور قاسملووی نەمر کەسایەتییەکە کە تا دێت زیاتر کاریگەرییەکانی لەسەر کوردستان دەردەکەوێت و بارودۆخی وڵاتمان کوردستانیش وا دەخوازێت کە بۆ پێشکەوتنی دۆزی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات هزری دوکتور قاسملوو زیاتر لە جاران لە کوردستان و دەرەوەی وڵات پەرە پێ بدەین.

هەر بۆیە بە خۆشحاڵییەوە ڕایدەگەیەنین کە وەک پێویستییەکی مێژوویی لە ٩١ـەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی شەهید دوکتور قاسملووی هەرگیز نەمر، ماڵپەڕی قاسملوو دەست بەکار بوو. ماڵپەڕێک بۆ هەموو بابتگەلێکی پێوەندیدار بە قاسملووی ڕێبەر و مەکۆیەک بۆ هەموو بەرهەمەکانی شەهید دوکتور قاسملوو وەک کتێب، وێنە، دەنگ و فیلم..

هەروەها لە ڕێگای ئەم ئاگادارییەوە و بۆ هەرچی دەوڵەمەندترکردنی ئەم ماڵپەڕە دەستی یارمەتی بۆ هەموو دڵسۆزان و ڕێبوارانی پێغەمبەری ئاشتی درێژ دەکەینەوە و داوا دەکەین کە هەر کەس هەر بابەت و وتار و ئارشیوێکی لەو پێوەندییەدا هەیە بۆمان بنێرێت.

www.ghassemlou.com



www.ghassemlou.com

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

سەرلەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ١ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی بەرابەر لەگەڵ ٢٢ی دسامبری ٢٠٢١ی زایینی، کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بەشداریی هەیئەتەکانی ناوەند لە پەیوەندییەکانی هەولێری «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران» بەڕێوە چوو.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد و پاشان «محەممەد نەزیف قادری» وەکوو بەرپرسی هەیئەتی دەورەیی ناوەند باسێکی سەبارەت بە کار و ئەرکەکانی ناوەندی هاوکاری لە ماوەی بەرپرسایەتیی دەورەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها دۆخی ئێستای پێشکەش کرد. پاشان دەستووری کاری کۆبوونەوەکەی خستە بەر دید و بۆچوونی بەشداربووانی کۆبوونەوەکەوە.

لە درێژەی کاری کۆبوونەوەکەدا هەیئەتەکانی بەشدار سەبارەت بە ڕاپۆرتی کار و هەروەها دەستووری کاری دانیشتنەکە بە تێروتەسەلی ڕا و بۆچوونی خۆیان خستە بەر باس و بە وردی بابەتەکانی دەستووری کاری دانیشتنەکەیان شرۆڤە کرد.

هەیئەتەکانی ناوەندی هاوکاری سپاس و پێزانینی خۆیان لە ماوەی بەرپرسایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش بە هەیئەتی حیزب کرد و بەرپرسایەتیی دەورەی داهاتوو بە هاوڕێیانی «حیزبی دێموکراتی کوردستان» سپێردرا.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێک ڕاسپاردە سەبارەت بە داهاتووی کاری ناوەند دەستنیشان کرا و ناوەند ئەرکدار کرا کە ئەو ڕاسپاردانە لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا بە ئەنجام بگەیەنێت.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**ای بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی**
**٢٢ی دسامبری ٢٠٢١ی زایینی**

## پەیامی پیرۆزبایی پەیەدە بۆ حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ساڵی نوێی زایینی

پارتی یەکیەتیی دێموکرات (PYD) بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێی زایینی پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نارد.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە: بەبۆنەی سەری ساڵی زایینی، پیرۆزباییەکی گەرم لە سەرکردایەتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرجەم لایەنگرانی حیزبەکەتان دەکەن. هیوادارین سەری ساڵی تازە ببێتە ساڵی سەرکەوتن و یەکڕیزیی گەلی کورد لەپێناو ئازادی و دێموکراسی لە هەر چوار پارچەی کوردستان. لەم بۆنەیەدا جارێکی تر جەخت دەکەینەوە لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندییەکانمان.

**نوێنەرایەتیی پارتی دێموکرات PYD**
**لە هەرێمی کوردستان**

## پەیامی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ساڵی نوێی زایینی

یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان (PUK) بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێی زایینی پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نارد.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

بەڕێز/ حیزبی دێموکراتی کوردسانی ئێران


بەبۆنەی سەری ساڵی نوێی زایینی، پیرۆزبایی لە لێپرسراوی گشتی و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و سەرجەم ئەندام و لایەنگرانی (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) دەکەین.

ئومێد دەخوازین گەلی کوردیش وەک گەلانی تری جیهان بە ڕێگەی سیاسی و دیالۆگ و بێ خوێنرشتن بگاتە مافە ڕەواکانی و بە ئەنجامێکی دڵخوازمان بگەین.

جارێکی تر جەخت لەسەر هەماهەنگی و پێشخستنی پەیوەندییەکانمان دەکەینەوە.

**بۆردی پەیوەندییە کوردستانییەکان**
**٣٠ دێسامبری ٢٠٢١ی زایینی**

## لە بەردەم وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لەسێدارەدانی شەهید «حەیدەر قوربانی» مەحکووم کرا




کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە واشنتۆن سەبارەت بە لەسێدارەدانی شەهید «حەیدەر قوربانی» لە بەردەم وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا خۆپیشاندانی بەڕێوە برد.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢ی بەفرانبار کوردانی دەڤەری واشنتۆن لە بەردەم وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتییان دژی لەسێدارەدانی شەهید «حەیدەر قوربانی» و سەرجەم ڕۆڵە بەشەرەف و بێتاوانەکانی دیکەی کورد لەلایەن جەلادان و تێرۆریستانی کۆماری پەت و سێدارەی جەمارانەوە بەڕێوە برد.

سەرەتا بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێ کرد.

پاشان بەشداربووان بە دانی دروشم و هەڵگرتنی نووسراوەکانیان ئەو تاوانە چەپەڵانەی ئەو ڕێژیمە دڕندەیان مەحکووم کرد و پشتیوانی و هاوخەمی و دڵسۆزیی خۆیان بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهید «حەیدەر قوربانی» و سەرجەم شەهیدانی دیکەی گەل و نیشتمانەکەمان دووپات کردەوە.

لە کۆتایی خۆپیشاندانەکەدا نامەیەکی نارەزایەتییان بەرامبەر بە تاوانەکانی کۆماری پەت و سێدارەی ئێران ڕادەستی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا کرد و بە باشی ئاماژەیان بە تاوان و پێشێلکارییەکانی ئەو ڕێژیمە دڕندەیە بەرامبەر بە مافی مرۆڤ و سەرکوت و کوشتاری گەلانی ئازادیخوازی ئێران و یەک لەوان گەلی قارەمان و خۆڕاگری کورد و ڕۆڵە دڵسۆزەکانی ئەو گەلە کرد.

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئامریکا بەوپەڕی تواناوە بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیان کردبوو. هاوکات نوێنەری لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان لە خۆپیشاندانەکەدا بەشدار ببوون.

## ڕێوڕەسمی یاد و پرسەی شەهید «حەیدەر قوربانی» لە وڵاتی ئاڵمان بەڕێوە چوو



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٤ی بەفرانبار، کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئاڵمان، سەبارەت بە جێبەجێکردنی حوکمی سێدارەی «حەیدەر قوربانی» زیندانیی سیاسیی کورد و شەهیدکرانی بە دەستی ڕێژیمی دژە کوردی ئێران، ڕێوڕەسمێکی پرسە و سەرەخۆشیی لە شاری «برێمن»ی ئاڵمان بەڕێوە برد.

لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا «مەسعوود تەک» سەرۆکی پارتی سوسیالیستی کوردستان لە ڕێگای تەلەفۆنەوە پرسە و هاوخەمیی خۆی بە بنەماڵەی تێکۆشەری شەهید «حەیدەر»، گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوڕێ و هاوسەنگەرانی ڕاگەیاند و هەروەها لەسێدارەدانی شەهید «حەیدەر قوربانی» لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوەی مەحکووم کرد.

پاشان «شەهریار نەقشبەندی» بەرپرسی ڕێکخستنی هەرێمی ئورووپا، بە ناوی ڕێکخستنی گشتیی دەرەوەی وڵات وتارێکی پێشکەش کرد.

لە درێژەدا «ڕەشید ڕەحمانی» بەرپرسی گشتیی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە ئاڵمان پەیامێکی پێشکەش کرد و پەیامی پرسە و سەرەخۆشیی کۆمیتەی بە بنەماڵەی شەهید «حەیدەر» و گەلی کورد و حیزبی دێموکرات ڕاگەیاند.

پاشان»عەبدولکەریم» نوێنەری پارتی دێموکراتی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد.

لە درێژەدا «لەلعا کەیخوسرەوەی» شێعری» پارێزەرانی ئاو و خاک» لە نووسینی شاعیر «فەرەیدوون ئەرشەدی»ی خوێندەوە و دواتر پەیامی پارتی سوسیالیستی کوردستان لەلایەن مامۆستا «مستەفا» پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ لەسێدارەدانی شەهید «حەیدەر قوربانی» لەلایەن «نەرمین عوسمانی» خوێندرایەوە.

دواتر هەڵبەستی «فەڕشی سوور» بەرهەمی «تیشک تیڤی» بۆ بەشداربووان نمایش کرا و بیرەوەریی زیندانییەکی خۆڕاگری کوردستان لەگەڵ شەهید «حەیدەر قوربانی» لەلایەن «ئێقباڵ شادی» بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی «شتووتگارت» خوێندرایەوە.

هەروەها پەیامی کۆمکار و ناوەندی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی «برێمن»یش لەلایەن «ڕەسووڵ و ڕێکان عەبدی» پێشکەش کران، دواتر پەیامی کۆمەڵەی کوردی «برێمن ماک» لەلایەن «دارا تیرێژ» خوێندرایەوە.

سەبارەت بە شەهیدکرانی «حەیدەر قوربانی» چەندین حیزب و لایەنی سیاسیی کوردستان لەوانە: «پارتی دێموکراتی کوردستان - باکوور، ڕێکخستنی تەڤگەری ئازادیی کوردی سووریە لە ئورووپا، شپێلا پێشەرۆژا کوردستانا سووریا و ڕێکخستنی ئورووپا» پەیامی پرسە و سەرەخۆشییان بۆ ئەو ڕێوڕەسمە ناردبوو.

## وەفدێکی پارتی ماف و ئازادی (هاکپار) سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد




ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٣ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی، هەیئەتێکی پارتی ماف و ئازادی (هاکپار) لە کوردستانی تورکیە بە سەرپەرستیی «لەتیف ئیپۆز دمیر» سەرۆکی گشتیی «هاکپار» سەردانی حیزبی دێموکراتیان کرد و لەلایەن وەفدێکی حیزب بە سەرپەرستیی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات پێشوازییان لێ کرا.

لەم دیدارەدا ڕەوشی کوردستانی «باکوور و ڕۆژهەڵات» و هەروەها دۆخی «ئێران و تورکیە» تاوتوێ کران و هەرکام لە ڕوانگەی سیاسەت و هەڵوێستەکانیان، چۆنیەتیی بەرەوپێشچوونی بزاڤی نەتەوەیی دێموکراتیکی نەتەوەی کوردیان لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان باس کرد.

لەم چاوپێکەوتنەدا هەردوو لایەن بەپێی بارودۆخ و هاوکێشە سیاسییەکانی ئێستای ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە و دۆخی ناوچەکە، پێویستیی یەکگوتاری و یەکڕیزیی هێز و لایەنە سیاسییەکانیان بە ئەرکێکی زەرووری زانی.

لە کۆتاییدا هەردوو لایەن لەسەر بەهێزترکردنی پەیوەندیی دۆستانەی نێوانیان جەختیان کردەوە.

# لە چیاکانی کوردستان و لەلایەن ڕێبوارانی ڕێبازی هەتاوەوە ڕێوڕەسمی شەوی یەڵدا بەڕێوە چوو



لە هەموو بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هێزی ١٢٢ بە ئامادەبوونی کادر و پێشمەرگەکان، شەوی یەلدا بۆنەی لەدایکبوونی خۆری هەتاو دوکتور «قاسملوو» و شەوی لەدایکبوونی میترا بەرز ڕاگیرا.
چەند بڕگەی جیاوازی ئەو ڕێوڕەسمە لەلایەن بەشی ڕاهێنانی هێزی پێشمەرگە ئامادەکاریی بۆ کرابوو. بە خوێندنی سروودی ئەی ڕەقیب و چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کورد و کوردستان جەژنی شەوی یەلدا دەستی پێ کرد.
دواتر چەند پارچە شێعرێک لەلایەن «پێشەوا ڕۆستەمی» و چەند پارچە مۆسیقا لەلایەن «هەژار فەرەجی‌زادە» بە ئامێری کەمانە پێشکەشی بەشداربووان کرا. لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا، پێشمەرگەکانی هێزی ١١٥ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ ڕێبازی ڕێبەری کوردان دوکتور «قاسملوو»ی نەمر و شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان پەیمانیان نوێ کردەوە، هەروەها یادی شەهیدی نوێی گەلەکەمان شەهید «حەیدەر قوربانی»یان بەرز ڕاگرت.
هەروەتر ڕوو لە تاریکپەرستان و ڕێژیمی پەت و سێدارە، پەیامی بەرخۆدان و خەبات هەتا لەنێوبردنی شەمشەمەکوێرەکانی ڕێژیمیان دووپات کردەوە و وتیان: «ئێوە ناتوانن ئیرادەی نەتەوەی کورد بۆ ئازادی بە زوڵم و زۆر بڕووخێنن». پاشان لە سەنگەری شاخ ڕوو لە گەلی کوردستان سڵاوێکی پێشمەرگانە و پیرۆزبایی گەرمی شەوی یەلدایان نارد و بەڵێنییان دا کە بەجێیان ناهێڵن و تا سەرکەوتن و هاتنی خۆری ڕزگاری و لەنێوبردنی تاریکی و تاریکپەرستی درێژە بە خەبات دەدەن. ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی گۆرانی و هەڵپەڕکێی پێشمەرگانە کۆتایی پێ هات.
هەروەها لە هەر دوو لکی هێزی ١١٥ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەوی یەلدای ١٤٠٠ی هەتاوی و یادی لەدایکبوونی دوکتور قاسملوو بەرز ڕاگیرا.
ڕێوڕەسمی لکی یەکی هێزی ١١٥ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەم شێوەیە بەڕێوە چوو:
ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» لەلایەن کۆڕی میوزیکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆحی پاکی شەهیدانی کوردستان بە پێشکەشکاریی «سووسەن غەفووری» دەستی پێ کرد.
پاشان «ماریا ئەحمەدی» مۆمی «٩١» ساڵەی لەدایکبوونی ڕێبەری هەمیشە زیندووی گەلەکەمانی هەڵ کرد.
دواتر «ڕێباز پەروازە» باسێکی لەسەر ئەم شەوە پیرۆزە پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.
«ئەمیر حەنەفی» لە بڕگەیەکی دیکەدا گۆرانییەکی لەژێر ناوی «ئای دڵبەرێ» پێشکەشی بەشداربووان کرد.
لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا «سەیران مەحمودپوور» پوختەیەکی لەسەر ژیانی پڕسەروەریی دوکتور «عەبدولڕەحمان قاسملوو» پێشکەش کرد. پاشان سروودێک لەژێر ناوی «هەستەوە دوکتوری زانا» لەلایەن کۆڕی میوزیکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێشکەش کرا. دواتر پەخشانێک لەژێر ناوی «دوکتور قاسملوو» و لە نووسینی «هەژیر تافتە» لەلایەن «دیاکۆ موساعید» پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.
پاشان چەند پێشمەرگە بە ناوەکانی «سامان سۆفی قۆیتاسی، ڕێبوار مەعروفپوور و توانا عوسمانی» کە لەلایەن لکەوە بەبۆنەی بەڕێوەبردنی نەزم و دیسیپلینی ئۆرگانەکەیان دیاری کرابوون، خەڵات کران.
خەڵاتی هەڵبژێردراوان لەلایەن «چۆمان کاوە» پێشکەش کرا. ڕێوڕەسمەکە بە پێشکەشکردنی شێعرێک لەلایەن «هەژیر تافتە» لەژێر ناوی «موژدەی یەلدا» کۆتایی پێ هات. هەروەها ڕێوڕەسمی شەوی یەلدای لکی دووی هێزی ١١٥ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەم شێوەیە بەڕێوە چوو:
ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» لەلایەن کۆڕی میوزیکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆحی پاکی شەهیدانی کوردستان بە پێشکەشکاریی «سەلاح مووسەوی قاسملوو» دەستی پێ کرد.
پاشان «عوومەر فەرهوودی» مۆمی «٩١» ساڵەی لەدایکبوونی ڕێبەری هەمیشە زیندووی ڕێبەرەکەمانی هەڵ کرد. دواتر «ڕێباز پەروازە» باسێکی لەسەر ئەم شەوە پیرۆزە پێشکەش کرد.
لە درێژەدا «شیلان تاسە» گۆرانییەکی لەژێر ناوی «شەپۆلی شێت» پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.
پاشان «ئیدریس پیشان» پوختەیەکی لەسەر ژیانی پڕسەروەریی دوکتور «عەبدولڕەحمان قاسملوو» پێشکەش کرد. لە بڕگەیەکی دیکەدا سروودێک لەژێر ناوی «قاسملوو» لەلایەن کۆڕی میوزیکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێشکەش بە بەشداربووان کرا.
دواتر شێعرێک لەژێر ناوی «ڕابوون ڕۆژهەڵات» و لە نووسینی «کامیل نەجاڕی» لەلایەن «ئەسرین بایەزیدی» پێشکەش کرا. پاشان چەند پێشمەرگە بە ناوەکانی «کەیوان پەیغامی، ئارمان دەرویشی هێندوو، سەلاح مووسەوی قاسملوو و فەرزین مەعرووفی» کە لەلایەن لکەوە بەهۆی بەڕێوەبردنی نەزم و دیسیپلینی ئۆرگانەکەیان دیاری کرابوون، خەڵات کران. خەڵاتی هەڵبژێردراوان لەلایەن «قانع حاجی ئەحمەدی» پێشکەش کرا.
ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی شێعرێک لەلایەن «مێهران حوسێنی» لەژێر ناوی «خاکیپۆشانی وڵاتم» لە نووسینی «عارف عەزیزی» کۆتایی پێ هات.
لەلایەکی ترەوە بەبۆنەی شەوی یەلدا و شەوی لەدایکبوونی دوکتور قاسملووی ڕێبەر، لە هێزی ١٣٥ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕێوڕەسمێک بەڕێوە چوو. لەو ڕێوڕەسمەدا کە شەوی سێشەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی هێز بەڕێوە چوو، ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی «ئەی ڕەقیب» و چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان ڕێوڕەسمەکە دەستی پێ کرد.
دواتر پەیامی شەوی یەلدا لەلایەن «مستەفا مەناف» فەرماندەی هێزی ١٣٥ـەوە پێشکەش کرا. لە پەیامەکەدا باس لە مێژووی شەوی یەلدا و چۆنیەتیی ناولێنانی ئەو شەوە و هەروەها گرینگیی ئەو شەوە بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کرا. لە نێوەڕۆکی پەیامەکەدا باس لە ژیان و خەبات و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو، ڕێبەری مەزنی گەلەکەمان کرا.
لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، کورتەفیلمێک لەسەر ژیان و خەباتی و کەسایەتیی دوکتور قاسملووی هەمیشە زیندوو بڵاو کرایەوە. لە درێژەدا پەخشانێک لەلایەن پێشمەرگەکانی هێز و هەروەها سروودێک لەلایەن کۆڕی هونەریی «هێزی ١٣٥»ـەوە پێشکەشی بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە کرا.
بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە بۆ چەند کێبڕکێی جیاواز و پرسیارکردن تەرخان کرابوو. ڕێوڕەسمەکە بە شایی و هەڵپەڕکێی پێشمەرگەکانی هێز کۆتایی

# شەوی «یەلدا» و ساڵیادی لەدایکبوونی دوکتور «قاسملوو» لە کوردستان بەرز و پیرۆز ڕاگیرا




ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شار و ناوچەکانی کوردستان، شەوی یەلدا و ساڵیادی لەدایکبوونی ڕێبەری بلیمەت و ناوداری کورد دوکتور ‹‹عەبدولڕەحمان قاسملوو››یان جێژن گرت و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی ئەو ڕێبەرە هەرگیز نەمرە دووپات کردەوە.
لە مەهاباد ئەندامانی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات و درێژەدرانی ڕێبازی قاسملوو لە شەوی یەلدا یادی ٩١ ساڵەی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئاشتییان بەرز ڕاگرت.
لە بۆکان تێکۆشەرانی دێموکرات و ئەویندارانی ڕێبازی قاسملوو بە ڕازاندنەوەی سفرەی یەلدا، شەوی لەدایکبوونی دوکتور قاسملووی مەزنیان جێژن گرت، هەروەها بە بڵاوکردنەوەی نوقڵ و شیرینی و وێنەی قاسملووی مەزن، لە بۆکان چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام دا. هاوکات لە شاری نەغەدە و گوند و ناوچەکانی ئەو شارە قوتابییانی دوکتور قاسملوو بە ڕازاندنەوەی سفرەی شەوی یەلدا و دانانی وێنەی دوکتور قاسملوو ساڵیادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئاشتییان جێژن گرت. هەر بەوە بۆنەوەی ئەویندارن و تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری شنۆ و گوندی هێیە و شارۆچکەی نەڵۆس، ساڵیادی لەدایکبوونی ڕێبەری ناوازەی کورد دوکتور قاسملوویان جێژن گرت، هەروەها یادی شەهیدان ‹‹هیدایەت عەبدوڵڵاپوور و عوسمان مستەفاپوور››یان بەرز ڕاگرت.
لە شاری پیرانشار قوتابییانی مەکتەبی قاسملوو، بە شێوازی جۆراجۆر ساڵیادی لەدایکبوونی ڕێبەری مەزنی کورد، شەهید دوکتور قاسملوویان جێژن گرت و شەوی یەلدایان بەرز نرخاند.
هەروەها لاوانی هەورامان لە بناری کۆساڵان ڕۆژی لەدایکبووین خۆری کوردان دوکتور قاسملووی ناودار و مەزنیان جێژن گرت و لەگەڵ شەهیدی نوێی گەلەکەمان شەهید «حەیدەر قوربانی» پەیمانیان نوێ کردەوە.
هاوکات لە شاری سەقز ڕێبوارانی ڕێبازی قاسملوو شەوی لەدایکبوونی هاوڕێی هەتاویان جێژن گرت و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان بە تایبەت شەهید «حەیدەر قوربانی» نوێ کردەوە، هەروەها تیکۆشەرانی دێموکرات بەبۆنەی شەوی یەلدا لە بەرزاییەکانی پارکی کەوسەری سەقز ئارمی حیزبیان لەسەر ڕێگای هاتوچۆی خەڵک دانا کە خۆشحاڵیی خەڵکی لێکەوتەوە.
لە شاری کامیارانی شەهید حەیدەر قوربانی، درێژەدەرانی ڕێبازی شەهیدان و قوتابییانی دوکتور قاسملوو شەوی یەلدا شەوی لەدایکبوونی هاوڕێی هەتاو دوکتوو قاسملوویان بەرز ڕاگرت و لەگەڵ شەهیدانی حیزب و گەل پەیمانیان نوێ کردەوە.
لە ئاوایی تەنگیسەر ڕۆڵە قارەمانەکانی دێموکرات بەبۆنەی لەدایکبوونی هاوڕێی هەتاو شەهید دوکتور قاسملوو لە هەموو کۆڵانەکانی تەنگیسەر بە بڵاوکردنەوەی ئاڵای کوردستان، وێنەی دوکتور قاسملوو و شەهید حەیدەر قوربانی چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد، هەروەها لەسێدارەدانی شەهید حەیدەریان مەحکووم کرد.
هەروەها لە گوندی نییەری هەمیشە دێموکرات ئەویندارانی ڕێبازی قاسملوو شەوی لەدایکبوونی ئەستێرەی پڕشنگداری کورد دوکتور قاسملووی مەزنیان بەرز و پیرۆز نرخاند.
لە شاری سنەی خوێناوی ڕێبوارانی ڕێبازی قاسملوو بەبۆنەی شەوی یەلدا شەوی لەدایکبوونی ڕێبەری مەزن و ناوداری کورد، شەهید دوکتور قاسملوو ، لە زۆربەی شەقام و کۆڵانەکانی سنە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
لە مەریوان، درێژەدەرانی ڕێبازی قاسملوو، بە ڕازاندەوەی سفرەی شەوی یەلدا و دانانی ئاڵای کوردستان و وێنەی دوکتور قاسملوو و جامانە، شەوی یەلدایان پیرۆز نرخاند، هەروەها بە دانانی وێنەی شەهید حەیدەر قوربانی پەیمانی وەفاداری و ئەمەگناسیی خۆیان بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان نوێ کردەوە. هەروەها لە شارەدێی ‹‹نێ›› لاوانی خوێنگەرمی دێموکرات بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان یادی لەدایکبوونی شەهید دوکتور قاسملوویان بەرز نرخاند. هەر بەو بۆنەوە تێکۆشەرانی دێموکرات لە سەردەشت لە شاری میراوا، ٩١ـەمین ساڵیادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئاشتی دوکتور قاسملوویان پیرۆز ڕاگرت. هەروەها لە شاری قوروە تێکۆشەرانی دێموکرات بە ڕازاندنەوەی سفرەی یەلدا ساڵیادی لەدایکبوونی شەهیدی هەمیشە زیندوو دوکتور قاسملوویان بەرز ڕاگرت.

## دریژەی پەیڤ

ڕێی قاسم سولەیمانی درێژە دەدەن کە دابەشکردن و جیاکردنەوەی خەڵکە لەیەکدی و بەگژیەکداکردنەوەیانە!
قاسم سولەیمانی هیچ کارێکی نەبوو کە خەڵك دڵیان پێ خوش بێ و ئەوەندەی تاوان لە ئێران و عێراق و سووریە و لوبنان و یەمەن خوڵقاندووە کە هەر پێداهەڵگوتنێک بەو، خوێ بە برینی دەیان و سەدان هەزار کەسدا کردنە. پێداهەڵگوتن بە قاسم سولەیمانی هەموو ئازارەکانی سەدان هەزار ئاوارە و بنەماڵەی کوژراوانی سووری دووبارە دەکولێنێتەوە. بە هەزاران کەس لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بریندار دەکات و دووبارە دژایەتیی خەڵك بە نیسبەت ئەو کەسانەوە کە پێیدا هەڵدەڵێن نوێ و تیژتر دەکاتەوە.
قاسم سولەیمانی تەنیا بۆ خامنەیی قازانجی هەبوو چوونکە هەردووکیان نەخۆشیی دەروونییان هەبوو و حەزیان لە ئاژاوە و خوێنڕشتن بوو و خامنەیی پێی وابوو و پێی وایە کە تەنیا بە شەڕ و ئاژاوە، دەسەڵاتەکەی بەردەوام دەبێ بەڵام بۆ هەموو خەڵکی دیکە و تەنانەت بۆ خەڵکی ئێران و بۆ فارسەکان لە ئێرانیش هێمای ماڵوێرانی و تیرۆر و کوشتار بوو. هیچ ویژدانێکی ئازا، بە ڕادەی دڵۆپە قورێکیش دڵی بە لای قاسم سولەیمانیدا لێ نادا و ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە دەیهەوێ لەو تاوانبارەی مێژوو، قارەمانێکی درۆینە بۆخۆی ساز بکا.

# کارناسانی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسێدارەدانی شەهید «حەیدەر قوربانی»یان مەحکووم کرد




کارناسانی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١ی بەفرانبار لە بەیانییەیەکدا لەسێدارەدرانی شەهید «حەیدەر قوربانی» زیندانیی سیاسیی کوردیان لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە مەحکووم کرد.
لە بەشێک لەو بەیانییەیەدا هاتووە: «ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران حەیدەر قوربانیی لە کاتێکدا لە سێدارە داوە کە دۆسیەی ناوبراو لە دیوانی بەرزی وڵات لە حاڵی لێکۆڵینەوەدا بووە و بە شێوەی شاراوە ئێعدام کراوە.
بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران نارەزایەتیی بەربڵاویان لەسەرە و ئێمە نیگەرانی ئەوەین کە ڕێژیم ئەو هەوڵە سەرەڕۆیانەی تەنیا بۆ دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ لەنێو خەڵکدا ئەنجام دابێت».
شەهید «حەیدەر قوربانی» کوڕی شەهید «عەلی» ڕێکەوتی ٢٠ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٥ لەلایەن چەکدارەکانی ڕێژیمەوە هەڵکوترایە سەری و بە تاوانی ئەندامیەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەشداری لە بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستاندا دەسبەسەر و پەلکێشی بەندیخانەکانی ڕێژیم کرا

# پەیامی «یزاکا» سەبارەت سەپاندنی ٥ ساڵ زیندانی بە سەر «زارا محەممەدی»

یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران سەبارەت بە سەپاندنی سزای ٥ ساڵ زیندانی بەسەر «زارا محەممەدی» پەیامێکی ڕوو لە کۆمەڵانی خەڵک و لایەنە سیاسییەکان بڵاو کردەوە.
دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:
هاونیشتمانییان و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان!
هەروەک ئاگادارن کۆماری بەناو ئیسلامیی ئێران لە دژایەتی نەتەوەی کورد و مافە ڕەواکانی گەلی کورد و گەلانی ستەملێکراوی ئێران لە هیچ چەشنە بێڕێزی و ستەمکاری و جینایەتێک خۆی نابوێرێت و ئەشکەنجە و زیندانی و کوشتنی لاوان و ڕێگریکردن لە خوێندن بە زمانی دایکی و ئەو مافانەی خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بۆ مرۆڤایەتیی باسی فەرمووە، بە دڕندانەترین شێوە دژایەتی دەکات و خەریکە بە شێوەیەکی سیستماتیک نەتەوە جیابیر و غەیرە فارسەکان لە شوناسی نەتەوەیی بێبەش دەکات.
زارا محەممەدی ئەم کیژە دڵسۆز و بوێرە تەنیا بە تاوانی وانەوتنەوەی کوردی سزای پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە. ئەم ستەمە دژە مرۆییە بە هیچ شێوەیەک لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلام و پەیماننامەکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ قەبوڵکراو نییە، بۆیە ئەرکی ئایینیی هەموو ئازادیخوازان و گەلی کوردە کە دژایەتیی ئەم سزا نامرۆڤانەیە بکەن و لە بەرانبەر ئەم ناعداڵەتی و بێڕێزییە بووەستنەوە ،چونکە ئەمڕۆ زارا تەنیا کەسێک نییە بەڵکوو دایک و خوشک و کچی هەموو کوردی ڕۆژهەڵاتە و شەرەفی هەر کوردێکە کە ڕێژیمی دژە کوردی ئێران خەریکە پێشێلی دەکات!
داواکارین لە بەرانبەر ئەم سزایە بێدەنگ نەبن و هەموومان ببین بە زارا محەممەدی و شەرەف و نامووسی کوردستان بپارێزین.

**بڕووخێت ڕێژیمی ستەمکاری ئاخوندیی ئێران**
**بژی کورد و کوردستان**
**یەکیەتیی زانایانی ئایینیی کوردستانی ئێران**
**١٣ی بەفرانباری ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# سیاسەت کردن (POLITICS)




برایم لاجانی

بەداخەوە لە نێو ئێمەدا بیرۆکەیەک خەریکە پەرە دەگرێ کە لایەنگری ئەوەیە خەڵک لە کاری سیاسی و حیزبایەتی دووری بکەن. کاکڵی ئەو بۆچوونە ئەوەیە کە دەڵێ حیزبایەتی و کاری سیاسی و تەشکیلاتی لە نێو کورداندا، بەدەستی هەندێک کەسەوە یا بەدەستی هەموومانەوە، گەندەڵ بووە و بۆتە مەیدانی کەڵەک و درۆ و ڕیا و تەزویر؛ بۆیە واباشە لە پێشدا کاری کولتووری و فەرهەنگی بکەین تا میللەتەکەمان بۆ کاری سیاسی ئامادە دەبێ. لەو وتارەدا هەوڵ دەدەم ئەو بۆچوونە بەرپەرچ بدەمەوە و پێ لەسەر گرینگیی کاری سیاسی و حیزبایەتی لە کوردستان دابگرم.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پێوەندییەکی زۆر نزیک و دیالێکتیکی لە نێوان کولتوور و سیاسەتدا هەیە. کولتوور و فەرهەنگ شوێن لەسەر سیاسەت دادەنێن و سیاسەتیش هەر بەو جۆرە کاریگەری و شوێن لەسەر کولتوور دادەنێ.

ئاڵوگۆڕە فەرهەنگی و کولتوورییەکان لە کۆمەڵگادا زۆر لەسەرەخۆ دەچنە پێش، هەربۆیە بۆ گۆڕینی کولتوور و فەرهەنگیش، وا باشترە سیاست و کاری سیاسی بکەین بەڵام منیش لایەنگری ئەوەم کە پێویستە تێبکۆشین سیاسەتی خۆمان سالمتر بکەین. چونکە ئەگەر بەتەمای پێکهاتنی ئاڵوگۆڕە فەرهەنگی و کولتوورییەکان ڕاوەستین و هەروا دەست لەسەر دەست دانێین، پێم وایە قەت ناتوانین بگەینە ئاستی میللەتانی ئازاد و بەختەوەری دونیا. دەبێ بگوترێ هەر لەو کاتەشدا نابێ هیچ چەشنە کەمتەرخەمییەک سەبارەت بە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی کولتووری و فەرهەنگی لەخۆمان نیشان بدەین. چونکە پێشکەوتنی کولتووری و فەرهەنگی، وزەی تازە و پێویست بۆ هەڵسوڕانی ماتۆڕی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکەن.

بەشداری لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا، چالاکبوون و هەڵسوڕان لە کاروباری گشتیدا، یەکێک لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە و لە زۆربەی پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤدا، بە ڕەسمی ناسراوە. لەوەش زیاتر ئێستا بەجۆرێک پێی دەگوترێ ئیتاعەت و خوداپەرستی سەردەم. کەواتە سیاسەت کردن و کاری سیاسی، بریتییە لە بەشداری و هەڵسووڕان لە کاروباری گشتی و کۆمەڵایەتیدا. سیاسەت بە زانستی «ئیدارەی کۆمەڵ» پێناسە دەکرێ هەربۆیە پێوەندیی بە «دەسەڵات» و «هێز»ەوە هەیە. لەوەش زیاتر دەتوانین بڵێین کە تەنانەت بیرکردنەوەی سیاسیش، دەکەوێتە ژێر شوێنەواری سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسییەوە.

بەداخەوە ئێستاش لە نێو ئێمەدا، تێگەیشتنمان بۆ سیاسەت هەر ئەو تێگەیشتنەیە کە لە نێو عەوامدا هەیە. ئەو تێگەیشتنەی کە دەڵێ سیاسەت درۆیە، سیاسەت بەروپشتی نییە، سیاسەت کەڵەکە، سیاسەت دایک و باوکی نیی،. سیاسەت کڵاوبازییە و ... . ڕاستە ئێستاش لە زۆر جێگە درۆ و کەڵەک و فێڵ و تەزویر لە سیاسەتدا وەبەرچاو دەکەون و لە سیاسەتی کوریشدا ئەوە دەبینرێ. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە لە داهاتووشدا شتی وا هەر ڕوو دەدات بەڵام ئەگەر بە چاوێکی پڕ لە ئینسافەوە بڕوانینە سیاسەتی کوردی بەگشتی و لەهەرکام لە بەشەکانی کوردستاندا بەتایبەتی، دەبینین کە سیاسەتی ئێمە لەمێژە ئەو قۆناخەی بەجێهێشتووە. ئەو هەموو فیداکاری و جیددییەتەی لە سیاسەتی کوردیدا دەبینرێ، (سەیریکە خوێناوییە ڕابردوومان)،پێمان دەڵێ ئەو دیاردە نەرێنییانە، ئێستا لە سیاسەتی کوردیدا جەوهەر و نێوەرۆک نین، ئەگەر بەرچاویش بکەون، ئەوە بە نەخۆشی سیاسەت دادەنرێن تا خودی سیاسەت.

لە نێو ئێمەشدا ئەو نەخۆشییانە سەرهەڵدەدەن، بە تایبەت بەهۆی ئەو هەلومەرجە سەخت و دژوارەوە کە بزووتنەوەی کوردی پێدا تێدەپەڕێ، زەمینەی سەرهەڵدانی ئەو دیاردە دزێوانە لەبارترە بۆیە نابێ چاوەڕوان بین کە بەوزوانە دووڕوویی سیاسی، زمانهەراشی بۆ شاردنەوەی بێباوەڕیی، دەسەریەکخستنەوەی دەستەواژە بێ نێوەرۆکەکان بۆ حەشاردانی بێنەوایی فکری و هەروەها شانۆبازی کردن بۆ بازارگەرمی ئەجێندا خسوسییەکان، دەست لە یەخەی سیاسەت و حیزبایەتی ئێمە بەردەن بەڵام هەموومان دەزانین کە ئەو جۆرە کردارانە، لە دەرەوەی «محفل»ە خودییەکاندا، لە دەرەوەی ئەڵقەی تەنگی دەوروبەری کەسەکاندا، لەنێو بیروڕای گشتی میللەتەکەماندا، لە نێو گۆڕەپان و مەیدانی ئەسڵی بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا، لە نێو کۆمەڵانی میلیۆنی و بەرینی میللەتی کورددا کڕیاریان نییە. ئەوە بۆخۆی پێشکەوتنێکی گەورەی سیاسەتی کوردییە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لە نێو کوردانیشدا سیاسەت خەریکە بەرەبەرە بایەخ و گرینگیی خۆی پەیدا دەکات. دەبێ بگوترێ کە لەنێو هەموو چالاکی و کاروکردەوە ئینسانییەکاندا، سیاسەت و کاری سیاسی لە هەموان بە جیددیتر دادەنرێ. شەڕیش کە پلەی هەرەبەرزی سیاسەتە، بە گەورەترین موجاهدەی ئینسان لە قەڵەم دەدرێ. ئەوە ڕاستییەکە کە میللەتی ئێمە تازە خەریکە لێی حاڵی دەبێت. ئاخر ئێمە لە ڕابردوودا زۆرمان باج و ماڵیاتی بە هێند نەگرتنی سیاسەت داوە.

دەزانین کە زۆربەی خەڵک ئێستاشی لەگەڵ بێ بە شک و گومان و بە ئیحتیاتەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ سیاسەت دەکەن. ئەوەش هۆکاری خۆی هەن. زۆر جار پاش ماوەیەکی زۆر لە بەهێندنەگرتنی سیاسەت، وەک مێگەل وەدوای ڕێبەرێک دەکەوین و چاوەڕوانیمان لەوی ئەوەیە وەک حەزرەتی موسا بە سەحرای سینای خەباتدا بمانگەیەنێتە سەرزەوی مەوعود و ترۆپکی ڕزگاری. ئەگەر بە هەر هۆیەک ئەو بابایە نەیتوانی ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات (کە قەت بە تەنیا ناتوانێ)، لە سیاسەت و حیزبایەتی وەڕەز دەبین و دەست دەکێشینەوە و دەچینەوە نێو قۆزاخە و قاوغی «چوار دیوار»ی خۆمان. چواردیوارێک کە ئەو هەموو بایەخەی بۆ دادەنێین. ئەوە بە هەردوولادا مانای وایە ئێمە سیاسەت بە جیدی وەرناگرین. ئاخر کاتێک سیاسەت بە کاری کەسانی درۆزن و کەڵەکباز دەزانین، ئاخر کاتێک پێمان وایە کەسایەتییەک یان ڕێبەرێک دەبێ وەپێشمان کەوێ و ئێمەش وەک مێگەل وەدوای کەوین، ئاخر کاتێک پێمان وایە سیاسەت کاری ئێمەی شەریف و پیاوچاک نییە و نابێ خۆمان هێندە بێنینە خوار کە سیاسەت بکەین،کاتێک پێمان وایە ڕێژیمە دژی گەلی و دیکتاتۆرییەکان لەشکان نایەن مەگەر ئەوەیکە زلهێزەکان بیانهەوێت، کاتێک ئومێدێکمان بە خۆمان و کار و تێکۆشانی خۆمان و بەشداری خۆمان نییە، ئەوە سیاسەتمان بەجیدی نەگرتووە و گرنگی و بایەخی خۆیمان نەداوەتێ.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تەنانەت لە دونیای سێهەم و لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکانیشدا، سیاسەت تەنیا بە بازاڕ و گۆڕەپانی یاری کەسانی درۆزن و حۆقەباز دانانرێ. ئێستا لەهەموو جێیەک و لە کوردستانیش، خەڵک دەتوانن ڕاست و ناڕاست، کەسانی جیدی و خەباتگێر لە کەسانی ناڕاست و دووکاندار جیا بکەنەوە. ئاخر خۆناکرێ هەموان هەتاسەر بەفریو بەری. مێژوو هیچ کەسایەتی و حکومەت و حیزب و ڕێبەرێکی ناکارا و ناشایستەی لەشکاننەهاتووی وەبیرنایەت. بەتایبەتی لە سەردەمی دونیای گلۆباڵی ئێستادا کە زانیاری و ئاگاهی وەک شنەی شەماڵ بە هەموو کون و قوژبنێکدا بڵاو دەبێتەوە.

دونیایەک کە سەردەمی ڕووخان و لەنێوچونی ئەو حکومەت و ڕێژیمانەیە کە بێجگە لە سەرکوت و کوشتار و زەبروزەنگ، شتێکی دیکەیان بۆ پاراستن و درێژەپێدانی دەسەڵاتی خۆیان پێ نییە. سەردەمێک کە بە سەردەمی بەرینبوونەوەی بیرو هۆشەکان، بەرینبوونەوەی ڕوانگە و پێرسپێکتیڤەکان، بەرینبوونەوەی پێوەندییەکان و سەردەمی پێکەوەبەسترانی هەموو شتێک لەگەڵ هەموو شتێکی دیکە دەزانرێ. هەموو ئەوانە مەیدانی کاری سیاسی و سیاسەت کردنیان ئاوالا کردۆتەوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو خوێندنەوە عەوامانە بۆ سیاسەت، باشترین دەرفەت و هەلومەرج بۆ کەسانی ناڕاست و ناجیدی، بۆ بازرگانانی فرمێسک و خوێن، بۆ کەسانی کەڵەکباز و دەغەڵکار دەخولقێنێ تا بێنە مەیدان و ئەجێندای شەخسیی خۆیان بەرنەپێش. ئەگەر پوڵی ئەسڵ لە بازاڕدا نەبێ پوڵی قەڵبیش ڕەواج پەیدا دەکات. لە حاڵێکی ئاوادا تەنانەت لە «چواردیوار»ی خۆشماندا جێگامان پێ تەنگ دەبێ. ئاخر ئەگەر ئێمە سیاسەت بەجیدی و بە هێند نەگرین، لە جیدی بوون و گرنگبوونی سیاسەت هیچ کەم نابێتەوە.

سیاسەت هەمیشە جیدییە و جیدیش دەمێنێتەوە و تەنانەت تا چوار دیواری ماڵێ وەدوامان دەکەوێ. ئاخر ژێرچەپۆکیمان، درێژەکێشانی دەسەڵاتی دوژمنان و ڕێژیمە دژیگەلییەکان لەسەرمان و لەسەر نیشتمانەکەمان، ئاخر نان و پەنیر وشیر وماست و سوبحانەو شاممان، کارەبا، ترەفیک، باخچەی ساوایان، قوتابخانە، جلوبەرگ و مکیاج و عەتر و ئۆدکلۆنمان، بەنزین و ماشێنمان، سەفەر و گەڕانمان، سابون و فاف و خەمیرددان و دوشی بەیانان و تەوالێتمان و خەوتن و کاری سەرجێییمان، هەموویان لەژێر شوێنەواری سیاسەتدان.

بۆیە دەتوانین بڵێین کە خۆشاردنەوە لە قۆزاخەی »چوار دیوار»ی خۆماندا، گەورەترین هەڵە و کەمتەرخەمییە بەرانبەر خۆمان و وڵاتەکەمان و منداڵەکانمان و تەنانەت نەوەکانیشمان.

لەخۆڕا نییە دوکتور قاسملوو دەڵێ ئەگەر نەسڵەکانی پێشوو بەباشی ئەرکی خۆیان بەڕێوە بردبا، ئەو نەسڵە شەهیدی نەدەبوو؛ کەواتە ئەرکی گرنگتر و خێراتر لەوەمان نییە کە هەموو بێینە مەیدان و لە کاروباری سیاسی و سیاسەتدا بەشداری بکەین. گرنگ ئەوە نییە لەگەڵ کام حیزبین، چ ئیدیۆلۆژییەکمان هەیە، کام بیروباوەڕی سیاسیمان هەیە. گرنگ ئەوەیە چەندەمان وەخت و ئیمکان و مایە و توانا هەیە، بەو ئەندازەیە و بەجیدی تێبکۆشین لە کاروباری گشتیدا بەشداری بکەین. هیچ نۆروێژییەک نییە لە چەند ڕێکخراوی سیاسی و سینفی و مەدەنیدا بەگوێرەی قازانج و بەرژەوەندی و ئامانجەکانی خۆی، کاروچالاکی نەبێت.

لەسەرمانە «فەزای گشتی» بەرین بکەینەوە و پەرەی پێبدەین. دەبێ ئەوەش بزانین کە تەنیا لە ڕێگای بەرینکردنەوە و پەرەپێدانی «فەزای گشتی»یەوە دەتوانین «چوار دیوار»ەکەی خۆشمان بپارێزین. وەک هابرماس فەیلەسوف و کۆمەڵناسی ئاڵمانی دەڵێ: فەزای گشتی دڵی کۆمەڵگای مەدەنییە.

حیزبەکان، نەقابەکان، سەندیکاکان، یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان، خوێنکاران، مامۆستایان، کرێکاران، جوتیاران، ڕێکخراوەکانی دیفاع لە مافەکانی مرۆڤ، قاوەخانە و دیسکۆ و کافە و سینەما و باڕ و ساڵۆنە وەرزشییەکان و هتد... هەموو ئەو شوێن و فەزایانەن کە خەڵک لە چواردیواری تەسکی خۆیان دێننەدەر و هێز و دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەیان پێدەبەخشن، هێزو قودرەتێک کە لە وڵاتی خۆیاندا لە هێز و قودرەتی هەر حکومەت و حاکمێکی دیکتاتۆر زیاترە.

دوکتور قاسملوو هەموو هەوڵی ئەوە بوو قەناعەتی ئەوە بە کورد بهێنێ کە دەبێ لە خەباتی خۆیدا پشت بەخۆی ببەستێ و تەنیا وەک فاکتۆری یارمەتیدەر تەماشای هۆکاری دەرەکی بکات بۆیە دەیگوت کێشەی کوردستان لە کوردستان و لەئاکامی خەباتی خەڵکی کوردستاندا دەبێ بچێتە پێش. لەڕاستیدا ئەگەر بۆ کەس سیاسەت کردن پێویست نەبێ، لەو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەدا و لەو دونیای گلۆباڵەدا، سیاسەت بۆ کورد نەک هەر پێویستە بەڵکوو واجب و فەرزیشە. ئێمە نیشتمانمان داگیر کراوە و میللەتەکەمان ژێرچەپۆکەیە کەواتە سیاسەتکردن و خەبات و تێکۆشان لەسەرمان فەرزە. حەتمەن کەسانێک هەن دەڵێین کە ئێمە هەموو ئەوانە دەزانین، بەڵام ئەزموونی زۆر تاڵمان لە سیاسەت و حیزبایەتی لە کوردستان هەیە، پێڵەپانیان لێداوین، کڵاویان لەسەرناوین، درۆیان لەگەڵ کردوین، بەرهەمی ماندووبوون و زەحمەتمان، بەفیڕۆچووە و پاش تەمەنێک کارو خەبات بوینەتە شوانەکەی حەقنادیاری. ( شێوەرد من بیبرم، کێ دایدەچێنێ ). ئەوانە هەموویان ڕاستن بەڵام هیچیان پاکانە بۆ خۆدزینەوەی ئینسانی کورد لە سیاسەت و حیزبایەتی و تێکۆشانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ناکەن. ئەوە وەک ئەزموونی سیاسی بە حیساب نایەت بەڵکو دەچێتە خانەی هەڵەی سیاسییەوە. هەڵەی سیاسی بەوە قەرەبوو دەبێتەوە کە نەهێڵین ئەو هەڵانە بەسەرماندا دووبارە ببنەوە. ئەوەش بەوە جێبەجێ دەبێت، کە تێکۆشین باشتر کاری سیاسی و تەشکیلاتی و حیزبایەتی بکەین و مەیدان بە دەغەڵکاران و دووکانداران تەنگ بکەین.

بەهێند نەگرتنی کاری سیاسی لەلایەن بەدەنەی حیزب، لە لایەن ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لەتبوون و ئەتۆمیزەبوونی بەدوادا هات. سیاسەت وەک تەبیعەت وایە لە بۆشایی و بەتاڵایی بێزارە. ئەگەر ئەتۆ بچیە کەنار ڕوونە کەسانی دیکە جێت دەگرنەوە، کە ڕەنگە مایەی ئەوەشیان تێدانەبێت. دوکتور سەعید دەیگوت ململانێکانمان حیزب و خەبات و بزووتنەوە دەبەنە پێش.

ئەگەر دەمانهەوێ چیدیکە «قوربانی» سیاسەت نەبین پێویستە ڕوانگەی خۆمان بۆ سیاسەت بگۆڕین.

لەسەرمانە سیاسەت بە جیدی بگرین. ئەوە خەڵکن، جەماوەرن، کە شکڵ و فۆڕم بە سیاسەت دەدەن. ئەوە فاکتۆری جەماوەر و خەڵکن کە لە سیاسەتدا چارەنوسسازن بۆیە خەڵک بە گوێنەدانە سیاسەت و کشانەوە لە کاری سیاسی و حیزبایەتی، بە قازانجی کەسانی بێ مایەو ناجدی و بەزیانی خۆیان، شکڵ بە سیاسەت دەدەن. خەڵک بە پشتیوانی، دژایەتی، بێلایەنی و بێ تەفاوەتی بەرانبەر بە مەسەلە و کێشە سیاسییەکان شکڵ بە سیاسەت دەدەن.

لەو نێوەدا بێ تەفاوەتی و گوێنەدانە کاروباری سیاسی لەهەمووی پڕمەترسیترە؛ ئاخر ئەگەر من و تۆ و خەڵک بەشداری کاروباری سیاسی و حیزبایەتی بکەین، سیاسەتی خراپیش پاش ماوەیەک بەرەو باشی دەڕوا بەڵام ئەگەر کارمان پێی نەبێ، گوێی نەدەینێ، دەخالەت لە کاروباری سیاسی و حیزبی و تەشکیلاتیدا نەکەین، سیاسەتی باشیش پاش ماوەیەک بەرەو خراپی و گەندەڵی و ناکارایی دەڕوا.

ئاخر بێلایەنی و چوونەکەنار و بێ تەفاوەتی هەر چەشنە جیاوازییەک لەنێو دەبات. تەنیا فاکتۆری بەشداری جەماوەری و خەڵکییە کە شکڵ بە سیاسەتی درووست دەدا.

# پێوەندیی دێموکراسی و دەروونناسیی کۆمەڵایەتی



**کەسایەتی «زێدەخواز و خۆسەپێن» بوونەوەرێکی گەورەساڵە کە لەباری فکری و عەقڵانییەوە هیچ کات نەگەیشتووەتە قۆناغی پێگەیشتوویی (بلوغ)؛ گەورەساڵێک کە هێشتا نەیتوانیوە هەستی لاوازیی متمانەبەخۆیی و نەبوونی ئەمنیەت لە هەڕەتی منداڵیی لە کۆڵ بکاتەوە و بە ترسەوە دەژی. لە بەرامبەریشدا کەسایەتی «دێموکراتیک» هەم لە بواری فکری و هەمیش لە بواری تەمەنییەوە توانیویەتی ببێتە گەورەساڵێکی پێگەیشتوو**

شەماڵ تەرغیبی

## پێشەکی

باسکردن لە سەر چەمکی دێموکراسی و وەردانەوەی لایەنە فرەڕەهەندەکانی ئەم مژارە گرینگە لە ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤ، لە هەموو بارەکانی سیاسی، وشەناسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، زانستی و ... باسێکی پێویست و گرینگە؛ بەو واتایە کە ئەگەر بمانهەوێ بە تەواوی مانا لە وشە، نێوەڕۆک، کاریگەری و داهاتووی وڵاتان و ژیانی مرۆڤەکان لەسێبەری دێموکراسی بگەین دەبێ بە موتاڵا و خوێندنەوەی ورد و هەمەلایەن ئەم کارە ئەنجام بدەین. یەکێک لەو بابەتانەی کە زۆر کەمتر گرینگی پێ دراوە (لانیکەم لە نێو گەلی کورددا) پێوەندی نێوان دێموکراسی و زانستی دەروونناسییە؛ واتە کەمتر هەوڵ دراوە وڵامی ئەو پرسیارە بدۆزرێتەوە کە ئایا لە بواری دەروونناسییەوە پێویست دەکات سیاسییە کوردەکان هەڵسەنگاندن بۆ کۆمەڵگای خۆیان بکەن ئینجا پرسی دێموکراسی بورووژێنن؟ یان بە واتایەکی تر ئایا هەموو کۆمەڵگایەک هەڵگری ئەوە هەیە کە تێیدا دێموکراسی جێگیر ببێت؟ ئەگەر وەڵام «ئەرێ»یە کەواتە بۆچی لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا (بۆ نموونە هەرێمی کوردستانی باشوور) هێشتا بەستێنی جێگیربوونی دێموکراسی (سەرباری هەبوونی هەندێک دامەزراوەی بەڕواڵەت دێموکراتیک) وەک فەرهەنگێکی گشتگیر ئامادە نییە؟ بەکورتی لەم وتارەدا (لێکۆڵینەوە) هەوڵ دەدرێ وڵامی ئەو پرسیارە بدۆزرێتەوە کە «بۆچی هەموو کۆمەڵگایەک بەشێوەی یەکسان دێموکراسی تێیدا جێگیر نابێت و ئێمە وەک حیزبی دێموکرات دەبێ چی بکەین؟»

بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی لۆژیکی لەم وتارەدا کەڵك لە تێڕوانینەکانی زیگمۆند فرۆید لە پێوەندی لەگەڵ کەسایەتی مرۆڤ لە کتێبی «اصول روانکاوی»، بۆچوونەکانی دیل کارێنگی لە پێوەندی لەگەڵ ژیان و کەسایەتی مرۆڤ و کتێبی «دەروونناسی دێموکراسی» لە نووسینی د.عەلی فەتحی وەرگیراوە.

**ئەمەش وای کردووە کە هەستی متمانەبەخۆیی لە ناخی تاکی کورددا (بەشێوەی ڕێژەیی) هەستێکی لاواز بێ و تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا حاشا لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆی بکات. ئەمە کە دەکرێ وەک ئەنجامی شەڕی نەرمی ڕێژیمە یەک لەدوای یەکەکانی زاڵ بەسەر کوردستانیش پێناسەی بۆ بکەین لەڕاستیدا وای کردووە کە تاکی کورد (بەشێوەی ڕێژەیی) نەتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ و باوەڕ بە تواناییەکانی لەمەڕ دابینکردنی دێموکراسی بهێنێت**

## خوێندنەوەی یەکەم

هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی وەک فەرهەنگێک کە بتوانێ تاکەکانی نێو کۆمەڵگەیەک بەرەو کەناراوەکانی ئارامی ببات و ببێتە ئامرازێک لەمەڕ دابینکردنی سەقامگرتوویی و ئاسایش و هێمنی، پێویستی بە کۆمەڵێک مەرج و پێشمەرج هەیە؛ لەوانەش هەلومەرجی ئابووری، سیاسی، ئیداری، نێونەتەوەیی، هەرێمی و فەرهەنگی و بەتایبەت دەروونشیکاری؛ واتە ئەگەر بمانهەوێ ئەزموونێکی سەرکەوتوو لە دێموکراسی بدەین بە دەستەوە، جیا لەوەیکە پێویستە تەمرینی دێموکراسی بکەین دەبێ هەوڵ بۆ جێگیرکردن و بوارخۆشکردن لەم ڕەهەندانەش بدەین کە لەڕاستیدا ئەمانە بەستێنسازی دابینبوونی دێموکراسییەکی سەقامگرتوون کە تێیدا جگە لە گەیشتن بە ئازادی و بەختەوەری، دەکرێ دڵخۆش بین کە نۆرم و بایەخە فەرهەنگی، ئەخلاقی، سیاسی و مێژووییەکانی وڵاتێک پارێزراو دەبێ. (هاوشێوەی ئەوەیکە ئەمڕۆ لە وڵاتێکی وەک ژاپۆن دەبینرێ)

## خوێندنەوەی دووهەم

لە ڕوانگەی دەروونناسی سیاسییەوە کەسایەتی «زێدەخواز و خۆسەپێن» بوونەوەرێکی گەورەساڵە کە لەباری فکری و عەقڵانییەوە هیچ کات نەگەیشتووەتە قۆناغی پێگەیشتوویی (بلوغ)؛ گەورەساڵێک کە هێشتا نەیتوانیوە هەستی لاوازیی متمانەبەخۆیی و نەبوونی ئەمنیەت لە هەڕەتی منداڵیی لە کۆڵ بکاتەوە و بە ترسەوە دەژی. لە بەرامبەریشدا کەسایەتی «دێموکراتیک» هەم لە بواری فکری و هەمیش لە بواری تەمەنییەوە توانیویەتی ببێتە گەورەساڵێکی پێگەیشتوو.

لەم سۆنگەوە دەپڕژێینە سەر ئەو بابەتەی کە لەو وڵاتانەدا یان لە نێو ئەو گەلانەدا کە دێموکراسی نەیتوانیوە بە تەواوەتی جێگیر ببێ یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکان ئەوەیە کە زۆرینەیەکی ڕەها لە ئەندامانی کۆمەڵ نەیانتوانیوە لە قاڵبی گەورەساڵێکی ناپێگەیشتوو خۆیان ڕزگار بکەن و ئەگەرچی لە باری تەمەنەوە قۆناغی گەورەساڵییان تێپەڕاندووە بەڵام لەباری زەینی و فکرییەوە هاوشێوەی منداڵێک کە لە هەڕەتی منداڵیدا ماوەتەوە (بە هەبوونی هەستی ترس لە داهاتوو و نەبوونی متمانەبەخۆیی و ...) بیر دەکەنەوە و بڕیار دەدەن بۆیە دەبینین کە ئەگەر ڕێبەرانی سیاسی بەلایانەوە کەسانی بڕواپێکراو (هاوشێوەی باوک لە دەورانی منداڵی مرۆڤ) بن ئەوا ملکەچی دەسەڵاتبەدەستان دەبن و بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەو متمانەیان لەلا درووست نەبێ ئەوا نەتەنیا ملکەچ نابن بەڵکوو دەبنە دژبەری ڕاستەقینەی دێموکراسی. (وەک ئەوەیکە لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەمدا دەیبینین)

## خوێندنەوەی سێهەم

لە خوێندنەوەی سێهەمدا هەوڵ دەدەین کە دەروونشیکارییەکی کورت لەسەر تاکی کورد بکەین بەو واتایە کە تاکی کورد بەهۆی بەگراوەندێکی مێژوویی کە هەیەتی (مەبەست لێرەدا کۆی ئەو بارودۆخە سەخت و دژوارەی ژیانە کە کورد لە ڕابردووی خۆیدا تاقی کردووەتەوە) هەموو کات لەلایەن گوتاری داگیرکەرەوە هەوڵ دراوە ژێرچەپۆکە (هەم لەباری فیزیکی و هەمیش لەباری فکرییەوە) بمێنێتەوە؛ ئەمەش وای کردووە کە هەستی متمانەبەخۆیی لە ناخی تاکی کورددا (بەشێوەی ڕێژەیی) هەستێکی لاواز بێ و تەنانەت لە هەندێ حاڵەتدا حاشا لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆی بکات. ئەمە کە دەکرێ وەک ئەنجامی شەڕی نەرمی ڕێژیمە یەک لەدوای یەکەکانی زاڵ بەسەر کوردستانیش پێناسەی بۆ بکەین لەڕاستیدا وای کردووە کە تاکی کورد (بەشێوەی ڕێژەیی) نەتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ و باوەڕ بە تواناییەکانی لەمەڕ دابینکردنی دێموکراسی بهێنێت.

## خوێندنەوەی چوارەم

کاتێک تاکەکانی نێو کۆمەڵگایەک بەو شێوازەی کە لە خوێندنەوەی پێشوو باسی لێوە کرا بار بهێنرێن واتە هەم بنەماڵە و هەمیش سیستمی فێرکاری زاڵ و هەمیش میدیای دەسەڵاتدار کەسایەتییەکی درۆیین بۆ ئەو تاکە بەرهەم بهێنن ڕوونە کە شوێندانەریی نەرێنی لەسەر کۆی کۆمەڵگاکەیان دادەنێن؛ واتە لە کۆمەڵگەیەکی وەک کوردستان کە پێوەرە باسکراوەکان دەیگرێتەوە پڕ دەبێت لە کەسانێک کە ناتوانن خۆیان (ego) بناسن و کاتێکیش لە خودی زاڵ (super ego) بێبەری دەبن (بەهۆی سیستمی پەروەردەیی) هەر جۆرێک دەسەڵاتی زاڵ پێی خۆش بێ لەگەڵیان دەجوڵێتەوە و لە ئەنجامدا کۆمەڵگای کوردستان دەبێتە کۆمەڵگایەکی ملکەچی بێبەری لە هەستی متمانەبەخۆبوون کە توانای ئیرادەکردن بۆ هەڵگرتنەوە هەنگاوی گەورە و قەڵەمبازی ستراتێژیکی نامێنی. لەم کاتەدا ئەگەر وەها گریمانە بکەین کە لەناکاو بارودۆخێک بێتە ئاراوە کە ڕێژیمی زاڵ بڕووخێ و ڕێگە بۆ هاتنە سەرکاری دەسەڵاتێکی خەڵکی خۆش بێ جێگیرکردنی «دێموکراسی» وەک نیزامێکی سیاسی زۆر ئەستەم دەبێت. ئەمە نەک بەو مانایە کە بەهیچ شێوەیەک ناکرێ بەڵکوو زیادتر مەبەست ئەوەیە کە چونکە لە باری فەرهەنگییەوە دێموکراسی لە نێو وەها گەلێکدا ئەزموون و تاقی نەکراوەتەوە و جومگەکانی لای خەڵک هێشتا نامۆن، خۆڕێکخستن لەگەڵی پڕاوپڕ دەبێ لە گرێ و کێشە و ڕەنگە چەندین ساڵ و تەنانەت چەندین دەیە ماوەی بوێت تاکوو تاکەکانی کۆمەڵگە لێی تێبگەن و خۆیان و مافەکانیان بناسن. بۆ ڕوونبوونەوەی زیادتری ئەم باسە دەتوانین ئاوڕێکی خێرا لە هەرێمی کوردستانی باشور بدەینەوە؛ ئەگەرچی لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی باشوری کوردستان هەندێ هەوڵ هاتە ئاراوە تا کۆمەڵگای کوردستان لەم بەشە بەرەو دێموکراتیزەبوون هەنگاو بنێ و لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تێڕوانینە هەندێ ڕێکخراو و دامەزراوە و نیهادی دێموکراتیکیش دامەزرێندران و لە ئامرازێکی وەک هەڵبژاردنیش (کە یەکێک لە نیشانەکانی دێموکراتیکبوونی هەر سیستمێکی بەڕێوەبەرییە) کەڵک وەرگیرا بەڵام دەبینین کە پاش زیادتر لە ٣٠ ساڵ هێشتا کۆمەڵگای ئەم بەشەی کوردستان بە دەست نەبوونی ئازادی و دێموکراسییەکی جێگرتوو و سەقامگیر، نەبوونی یەکسانی و دادپەروەری و زۆر پرسی گرینگی دیکە کە لەسێبەری دێموکراسیدا دێنە ئاراوە دەناڵێنێ و هێشتا ناکرێ دوورەدیمەنێکی گونجاوی بۆ وێنا بکرێت کە بەدڵنیاییەوە یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی هاتنەئارای ئەم دۆخە، لەبەرچاونەگرتنی باری سایکۆلۆژیایی تاکەکانی نێو ئەم کۆمەڵگەیە و دەبێ ئاوڕی جیددی لێ بدرێتەوە.

**ئەگەر بمانهەوێ دێموکراسی بەشێوەی ڕاستەقینە و ئەو جۆرەی کە زانستی ئەمڕۆ پێناسەی بۆ دەکات لە کۆمەڵگایەکدا جێگیر ببێت پێویستە لە پێشدا خوێندنەوەیەکی ورد هەبێ لەسەر ئەو کۆمەڵگایەی کە مەبەستە و بە بێ سازکردن و هەبوونی بەستێنی گونجاو بۆ پیادەکردنی سیستمێکی دێموکراتیک هەوڵەکان بە ئەنجامی ڕاستەقینەی خۆیان ناگەن و کۆمەڵگە زیادتر لەگەڵ چەشنێک لە بێسەرەوبەرەیی و ئانارشی بەرەوڕوو دەبێت. ئەمەش وا دەکات کە دواجار خەڵک نەتەنیا واز لە دابینکردنی دێموکراسی بهێنن بەڵکوو خۆزگە بۆ سیستمی پێشووی دەسەڵاتداری بخوازن**

## کۆبەند و دەرەنجام

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کەتوارانەی کە باس کران دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەگەر بمانهەوێ دێموکراسی بەشێوەی ڕاستەقینە و ئەو جۆرەی کە زانستی ئەمڕۆ پێناسەی بۆ دەکات لە کۆمەڵگایەکدا جێگیر ببێت پێویستە لە پێشدا خوێندنەوەیەکی ورد هەبێ لەسەر ئەو کۆمەڵگایەی کە مەبەستە و بە بێ سازکردن و هەبوونی بەستێنی گونجاو بۆ پیادەکردنی سیستمێکی دێموکراتیک هەوڵەکان بە ئەنجامی ڕاستەقینەی خۆیان ناگەن و کۆمەڵگە زیادتر لەگەڵ چەشنێک لە بێسەرەوبەرەیی و ئانارشی بەرەوڕوو دەبێت. ئەمەش وا دەکات کە دواجار خەڵک نەتەنیا واز لە دابینکردنی دێموکراسی بهێنن بەڵکوو خۆزگە بۆ سیستمی پێشووی دەسەڵاتداری بخوازن.

بۆیە ئەگەر ئەم حاڵەتە بۆ داهاتووی کوردستانی ئێران لەبەرچاو بگرین وەک ئەرکێک دەکەوێتە ئەستۆی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ئێران و لە سەرووی هەمووان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تاکوو لە پۆتانسییەلەکانی بەردەستی لەوانەش دەزگای ڕاگەیاندن، دەزگای ڕێکخستن و ڕێکخراوە سینفییەکانی کەڵك وەربگرێ تاکوو بەستێنە فیکرییەکانی جێگیرکردنی فەرهەنگی دێموکراسی لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە بکات و ئۆڵگوو و سەرباشقەیەکی درووست پیشانی جەماوەری کوردستان بدات و هەوڵ بۆ نەهادینەکردنی دێموکراسی لە ناخی کۆمەڵگە بدات.

# «٢٦ی سەرماوەز ڕێبەری دڵەکانە»

مەولوود ئابجامە (پەیمان)

بێگومان بۆ ڕزگاری نەتەوەیەکی بندەست، تێکۆشان و فیداکاریی هەموو چین و توێژەکانی ئەو نەتەوەیە پێویستە، بەو مانایە کە هەر کام لە ڕۆڵەکانی ئەو گەلە بە گوێرەی هەلومەرج و وەزعییەتی ژیانی خۆی و بنەماڵەی، ڕادەی تێگەیشتوویی و زیاتر لە وانەش بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی و ناسیاوی لە سەر مافەکانی خۆی، ئەرکی سەر شانیەتی کە بۆ ڕزگاری نەتەوەکەی تێبکۆشێ.

لە نێو هەموو ئەو گەلانەی کە دوای فیداکاری و بەربەرەکانییەکی توندوتیژ توانیویانە سێبەری ڕەشی زۆرداری لە سەر خۆیان لابەرن و بە نێعمەتی ئازادی شاد بن ژمارەیەک یان بەشێک لەو خەڵکە لە ڕیزی فیداکارترین ڕۆڵەکانی ئەو گەلە بوون کە ناویان چووەتە نێو مێژووی ئەو نەتەوەیە و لە بیر ناچنەوە.

گەلی کوردیش یەکێک لەو گەلانەیە کە هەر چەند دوای ماوەی نیزیک بە سەدەیەک تێکۆشان هێشتا ڕزگاری نەبووە و تا ئێستاش لە ژێردەستیدا دەژی، بەڵام لەو ماوەیەدا فیداکاری و لەخۆبردوویی زۆری لە خۆی نواندووە و لەخۆبردووترین و فیداکارترین ڕۆڵەکانی ئەو گەلە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ناوی پیرۆزی پێشمەرگەیان لە سەر دانرا هەموو کات وەک خۆشەویستترین و بەرزترین ناو لەنێو دڵی خەڵکی خۆیاندا جێیان کردووەتەوە. پێشمەرگە لە نێو گەلی کورددا ڕەمزی بەرزترین پلەی فیداکاری، دڵپاکی و ڕزگاریدەرییە و ئەو پلەش بە درێژایی ماوەی ژێردەستەیی گەلی کورد و بەربەرەکانییەکەی بۆ ڕزگاری بەدەست هێناوە. هەر ئەوەش کە لە هەر دەورەیەک لە بەربەرەکانیدا ژمارەیەکی زۆر لەو ڕۆڵە قارەمانانە گیانی خۆیان کردووەتە قوربانی لە ڕێی ڕزگاری نەتەوەکەیان، نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوان بە بێ هیچ چاوەڕوانییەک و تەنیا بە عیشقی وڵات و نەتەوەکەیان ئامادە بوون ئەو کاتەی کە پێویست بووە بە پێشوازی مەرگەوە بچن، ئەویش نەک لەبەر ئەوەی مردنیان پێ خۆش بووە، بەڵکوو ئەوان ئەویندای ژیانێکی سەربەخۆ و دوور لە زوڵم و ژێرچەپۆکی بوون و زیاتر لە خەڵکی دیکەش دڵیان بۆ ئەو چەشنە ژیانە لێیداوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو ژیانە خۆش و سەربەرزانەیە بۆ ڕۆڵەکانیان و بۆ نەسڵەکانی داهاتوو دابین بکەن باوەشیان بۆ مەرگ کردووەتەوە.

ئەو ڕووحیاتە بەرزە، ئەخلاقی و فیداکارییەی پێشمەرگە لە فەرهەنگ و ژیانی ڕۆژانەی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و تینووی ئازادیدا ڕەنگی داوەتەوە.

بە دەیان سروود و ئاهەنگ بۆ ڕێزگرتن لە پێشمەرگە ئامادە کراوە، بە سەدان و هەزاران منداڵی کورد ناوی پێشمەرگە قارەمان و خۆشەویستە شەهیدەکانیان لە سەر دانراوە و لە زۆر بۆنەدا بەپێی هەلومەرج بە ئاشکرا یان بە نهێنی حورمەت لە پێشمەرگە دەگیرێ و فیداکارییەکانیان بەرز دەنرخێندرێ.

حیزبی دێموکراتیش بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری کردووە. مێژووی ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە خەڵکی تێکۆشەری شاری مەهاباد لەساڵی ١٣٢٤ لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز هێرشیان بردە سەر بنکەی شارەوانی و ئەو شوێنەیان گرت و بەم چەشنە ئاخرین نیشانەی دەسەڵاتداریەتی ڕێژیمی پاشایەتی لەو شارە پاک بوویەوە و خەڵک بوون بە خاوەنی چارەنووسی خۆیان بەڵام ئەگەر حیزبی دێموکرات ڕۆژێکی تایبەتی بۆ یادی پێشمەرگە دیاری کردووە بەو مانایە نییە کە خەڵکی کوردستان تەنیا لەو ڕۆژەدا بیر لە ڕۆڵە شۆڕشگێڕ و قارەمانەکانیان دەکەنەوە، بەڵکوو هەموو ڕۆژێکی ساڵ ڕۆژی پێشمەرگەیە، لەبەر ئەوەی لە هیچ ڕۆژێک لە ساڵدا نییە کە پێشمەرگە تێدا قارەمانەتیی نەنواندبێ.

هەر ئێستاش هەزاران پێشمەرگە ئامادەی فیداکاریی لە ڕێگای ئازادی گەلەکەیاندان و بێگومان تا وەدیهاتنی ئامانجە بەرزەکانیان کە ڕزگاری نیشتمان لە ژێردەستی و ملهۆڕیدایە، کۆڵ نادەن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شانبەشانی هەموو خەڵکی ئەمەگناس و پێشمەرگەپەروەری کوردستان هەموو کاتێک بە تایبەت لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستاندا یادی فیداکاری و لەخۆبردوویی هەموو پێشمەرگەکان دەکاتەوە. مێژووی حیزبی دێموکرات بە تایبەت لەم دەیەی دواییدا پڕە لە فیداکاری و گیانبازی ڕۆڵەکانی ئەم حیزبە لە ژێر ناوی پێشمەرگە لە ڕێگای ئازادی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا. لە هەموو قۆناغی خەبات تا ئێستا خەڵکی کوردستان زۆر سەرکەوتن و حەماسە خوڵقاندن و تێکۆشانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتیان دیتووە، بەڵام حیزبی دێموکرات هیچکام لەو ڕۆژانەی وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری نەکردووە.

چوونکە بۆ حیزبی دێموکرات نەک هەر گیانبازی پێشمەرگەکانی حیزب بەڵکوو فیداکاری و لەخۆبردوویی هەموو خەڵکی کوردستان لە ڕێگای وەدیهێنانی ئازادی و خەبات لە دژی سەرەڕۆییدا جێگای ڕێز و پێزانینە.

ڕووداوی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ تەنیا کاری حیزبی دێموکرات نەبووە، بەڵکوو پەیوەندی بە خەباتی سەرانسەری خەڵک لە دژی دیکتاتۆڕی پاشایەتی پەهلەوییەوە هەبوو؛ هەر بۆیە لە ساڵی ١٣٦٣ دا ئەو ڕۆژە لە ساڵدا بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەری ئەو ڕووداوە مێژووییە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دیاری کراوە. هێزی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان خەڵکیترین هێزی پارێزگاری لە خاک و خەڵک لە ناوچەدایە و هەڵقوڵاوی قوڵایی کۆمەڵگای کوردستان، جێگرتوو لە دڵی ئازادیخوازان و جێی هیوای نەتەوەکەیان و خاوەنی پیرۆزترین شانازییەکانن کە لە بەر چاوی لاوان و ڕۆڵەکانی کورددا حەماسەخوڵقێنی سرنجڕاکێش کە پەیوەست بووە بەو هێزە وەک خولیا و ئاواتێکی لێدێ بۆ لاوانی بەهێز و نیشتمانپەروەر.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەر ئەوەی لە دڵی خەڵکدا جێی گرتووە قەت دوژمن نەیتوانیوە شکستی یەکجارەکی پێبهێنێ!

بە هەزاران جار دوژمن بە هێرشی بەربڵاو و پان و بەرین و بە گەمارۆدان لە شوێنێکی ئەم نیشتمانە سەربڵیندە ویستویانە پۆلێک یان تاقەکەسێک لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، یەک پێشمەرگە بگرن و دەسبەسەری بکەن یان لە شوێنەکە دەری بکەن بەڵام دوژمنان قەت بۆیان نەکراوە کە لە دڵی خەڵک دەری بێنن چوونکە پێشمەرگە لە دڵی خەڵکەوە هەڵقوڵاوە و لە دڵی خەڵک جێی گرتووە بۆیە خەباتی هێزی پێشمەرگە بەردەوام بووە و تا گەیشتن بە لووتکەی بەرزی سەربەستی بەردەوام دەبێ.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان شانازی بەوەوە دەکات کە دەست لە چەک بوونی بۆ پاراستنی نەتەوەکەی بووە و شانازی بە بەڕێوەبردنی خەباتێکی ڕەوا و پیرۆز لە پێناو سەربەرزی نەتەوەکەیدا دەکات و نەتەوەی کوردیش شانازی بەوەوە دەکات کە خاوەنی هێزێکی بە ئیمان و بە ورە و حەماسەخوڵقێنی وەک هێزی پێشمەرگەی کوردستانە و وتەیەکی بە نرخی ڕێبەری مەزنمان ڕاستە کە دەڵێ: «پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە». ڕەنگە بۆ هێندێک کەس وشەی پێشمەرگە بیرخەرەوەی تەنیا ئەو لاوە بە هەست و شۆڕشگێڕانە بێ کە چەکی شەڕەفیان لە شانە و وەخت و بێ وەخت هێرش دەکەنە سەر پارێزەرانی دیکتاتۆری و تاریکی و خەویان لە چاو دەتارێنن.

ئەو تەعبیرە لە پێشمەرگە ڕاستە، بە مانای هەموو ئەو مرۆڤە شۆڕشگێڕانە دێ کە لە پێناوی بەختەوەری و ئازادی گەلەکەیاندا ئامادەن ژیانی خۆیانن، کە بەنرخترین و خۆشەویستترین سەرمایەی ژیانیانە فیدا بکەن و لەو ڕاستایەدا تێدەکۆشن. بەم مانایە، ئەو بەشە لە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان کە لە ژێر زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامیدا لەگەڵ ئەو ڕێژیمەدا بەبەرەکانێ دەکەن و بۆ لابردنی سێبەری شوومی ئەو ڕێژیمە لە سەر خەڵکەکەیان تێدەکۆشن، لە حاڵێکدا کە دەزانن هەنگاونان لەو ڕێگایەدا ڕەنگە ئەوان بگەیەنێتە زیندان و ئەشکەنجە و تەنانەت ئێعدامیش، پێشمەرگەن.

بۆیە پێشمەرگەکان ئەوەندە زۆرن لە ژمارە نایەن و ئەگەر سەردەمانێک شاخەکان و لێڕەوارەکان سەنگەری پێشمەرگە بوون، ئێستا هەموو زانستگە و قوتابخانە و مزگەوت و بازاڕ و کارگە و کارخانەکان بوونەتە سەنگەری پێشمەرگە لە دژی دیکتاتۆرییەکانی زاڵ بە سەر کوردستانی ئێران و ئێراندا.



# کۆتایی ئیمپراتورییەک و وێکچوونێکی مێژوویی!

ڕاسان

٣٠ ساڵ لەمەوپێش و لە مانگی دێسامبری ١٩٩١، ڕووداوێکی مێژوویی – سیاسی هاتە ئاراوە کە بەهۆیەوە وێڕای گۆڕانی نەخشەی سیاسیی ئیمپراتوریەتێک، عەردهەژێکی گرینگی ژێئۆپۆلیتیکی و لەوەش زیاتر گۆڕانێکی ئەساسی لە ئایدیا و فکر هاتە ئاراوە.

لە مانگی دێسامبری ١٩٩١ بەرامبەر لەگەڵ بەفرانباری ١٣٧٠، یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو ناسراو بە یەکیەتیی کۆمارە سوسیالیستییەکانی شۆڕەوی بە هەبوونی ٣٠٠ میلیۆن کەس حەشیمەت لە گۆڕەپانی سیاسی جیهاندا نەما و کرایە ١٥ وڵاتی نوێ! سیستم یان ڕێژیمێک کە بە شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ بە ڕێبەری لێنین بنیات نرا و لە ساڵانی دواتردا بوو بە یەکێک لە دوو جەمسەری سەرەکی هێز لە جیهاندا و سەدان میلیۆن کەسی لە سەرانسەری جیهان تەنیا بەهۆی ئایدیۆلۆژییەکی سەرنجڕاکێش خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە. سیستمێک کە لە باری پانتایی و هێزی ئینسانی و هێزی سروشتییەوە ڕکەبەرایەتی زۆرێک لە وڵاتانی دیکە دەکرد و خاوەنی پێشکەوتنی سەربازی و سەنعەتی کەموێنە بوو لە سەردەمی خۆیدا؛ بەڵام ڕوخا و ئاسەواری تێکەوە پێچرا! بەڵام چۆن و بۆچی؟ ڕەنگە باسکردن لە هەموو لایەنەکان و کاریگەرییەکان و ڕیشەی ئەم ڕووداوە مێژووییە لە مەجالێکی وەها کورتدا کارێکی زۆر ئەستەم بێت بەڵام ئەگەر بمانهەوێ چەند هۆکاری بنەڕەتی ئەم پرسە ناو ببەین دەتوانین بڵێین ئابووریی تێکشکاو، ئیدئۆلۆژی، ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگ، نەمانی ڕەوایی و مەشروعیەت و نەبوونی ڕێبەرییەکی تۆکمە گرینگترین هۆکارەکانی ئەم پرسە بوون کە لێرەدا هەوڵ دەدەین بەکورتی ئاماژە بە یەکەم هۆکاری ڕیشەیی ڕوخان و نەمانی یەکیەتیی سۆڤیەت بکەین کە هاوشێوەکەی هەنووکە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیشدا دەبیندرێ؛

**ئابووری**

داتەپینی ئابووری گەورەترین گرفتی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو. ئابووریی ئەم وڵاتە ئابوورییەکی بڕیاری و پلاندانراو بوو و بەپێچەوانەی زۆرێک لە وڵاتانی ئەو سەردەمە پشتی بە بازاڕ نەبەستبوو؛ واتە دەوڵەت بڕیاری دەدا کە هەر کاڵایەک چەندە بەرهەم بهێندرێت و هەر کەسێک لەو وڵاتە دەبێ چەندە مەسرەف بکات و نرخی هەر کاڵایەک دەبێ چەندە بێت و خەڵک دەبێ چەندە مووچە وەربگرن و ... کە ئەمە لەڕاستیدا جۆرێک لارەملی کردن لەبەرامبەر ڕەوتی سروشتی ژیانی مرۆڤەکان بوو. ئایدیای زاڵ لەو سەردەمەدا ئەوە بوو کە ئەم سیستمە ئابوورییە نەتەنیا عادڵانە دەبێ بەڵکوو کاراییەکی کەموێنەشی لەسەر کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە و کۆمەڵگەکانی دواتر دەبێت و مرۆڤەکان دەخاتە سەر ڕاستەڕێی گەیشتن بە یوتوپیاکان بەڵام لە عەرزی واقیعدا وا نەبوو! خستنەڕوو یان عەرزە بەقەدەر خواست یان تەقازا نەبوو و لە بنەڕەتدا پارە مانایەکی وەهای نەبوو. زۆریک لە خەڵکی شۆڕەوی توانای دەستڕاگەیشتن بە کەلوپەلە بنەڕەتییەکانیان نەبوو. خەڵک لەو دەمەدا بۆ کڕینی ماشین دەبوو ناویان بنووسن و چەند ساڵ چاوەڕوان بن تاکوو نۆرەیان بگات! بۆ کڕینی جلی زستانی دەبوو چەندین کاتژمێر لە سەفدا ڕابوەستن تا وەچنگیان بکەوێ هەڵبەت ئەگەر بە سایزی ئەو کەسە جل یان پێڵاو مابێ! لە شۆڕەویدا باسوخواستی خەڵک بریتی نەبوو لە کڕینی شتومەکەکان بەڵکوو باسەکان زیاتر لەسەر شێوەی وەدەستهێنانیان بوو. ئەوەیکە زیاتر لە هەموان ببووە مایەی شکستی شۆڕەوی تێچووە سەرسووڕهێنەرەکانی دەوڵەت بۆ بەرنامەی فەزایی و ڕکەبەرایەتی چەکوچۆڵ لە نێوان مۆسکۆ و واشینگتۆن بوو کە بە شەڕی سارد دەناسرا. ڕاستە کە شۆڕەوی ناوی خۆی لە مێژوودا وەک یەکەم وڵات کە توانیویەتی فەزانەوەردێک بنێرێتە بۆشایی ئاسمان تۆمار کرد یان ببووە خاوەنی بۆمبی ناوکی و موشەکی زۆر پێشکەوتووی هەبوو بەڵام بە چ تێچوویەک؟ بە تێچووی برسی مانەوە خەڵکانی نیشتەجێ لە وڵاتەکەی!

پشتوپەنای ئابووریی شۆڕەوی لە ڕاستیدا هەڵێنجاندن و فرۆشتنی نەوت و گاز بوو بەڵام لە سەرەتاکانی دەیەی ٨٠ی زایینی نرخی نەوت دابەزی و ئابووریی تاکبەرهەمی مۆسکۆ زەبرێکی کاریگەری وەپەیکەری لەرزۆکی شۆڕەوی گەیاند و ئەم وڵاتەی هەژارتر لە پێشوو کرد. کەلوپەلە مەسرەفییەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕوویان لە کەمی و کزی کرد و هەڵاوسان بەردەوام گەشەی دەکرد. لە ساڵی ٩٠دا ئیسڵاحاتی ئەرزی و دراویان دەس پێکرد بەڵام هەر ئەم کارە بووە مایەی لەکیسچوونی کەمە پاشەکەوتە ماڵییەکانی خەڵک و چەندین میلیۆن کەس لە چینی مامناوەند پەیوەست بە لەشکری هەژارانی وڵات بوون و ...

ئەوەی باس کرا تەنیا وێنایەکی بچووک لە کۆی دۆخێک بوو کە لە ساڵانی کۆتایی تەمەنی یەکیەتیی سۆڤیەت بینرا و مێژوو تۆماری کرد؛ دۆخێک کە هاوشێوەکەی لە ئێستەدا و لە سووچێکی تری ئەم دنیا پانوبەرینە دەبینرێ؛ ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی!

لە ئێستەدا کە ئاوڕێکی خێرا لە دۆخی ژیان بەتایبەت لە بواری ئابووریی لە ئێران دەدەینەوە دەبینین کە لە ئێرانیشدا خەڵک لە نائۆمێدییەکی کەموێنەدا بەسەر دەبەن، کەلوپەلە سەرەتایی و بنەڕەتییەکان لە ئێران دەس ناکەون، خەڵک بۆ دابینکردنی بنەڕەتیترین پێداویستییەکانیان وەک نان و ئاو دەبێ بە چەندین کاتژمێر لە سەفدا ڕابوەستن، تاران خەریکە دەبێتە خاوەن بۆمبی ناوکی و خاوەنی چەندین جۆر مووشەکە بەڵام بە نرخی هەژارتربوونەوەی خەڵکانی نیشتەجێ لەو جوغرافیا، ڕێفۆرمە ئابوورییەکانی ئێرانیش هاوشێوەی شۆڕەوی لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بووەتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاستی هەژاری و هەڵاوسان زیاتر و زیاتر دەبێت.

بەکورتی و لە کۆتاییدا ئەمە ئەو وێکچوونەیە کە وێنا و دوورەدیمەنی ئەو کەتوارەمان پیشان دەدات کە ئێرانیش هاوشێوەی شۆڕەوی، خەریکە بەرەو قۆناغی ڕووخان و لەنێوچوون هەنگاو دەنێ؛ لەنێوچوونی ئیمپراتوریەتێکی خەیاڵی بەناوی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیە.

**لە ئێستەدا کە ئاوڕێکی خێرا لە دۆخی ژیان بەتایبەت لە بواری ئابووریی لە ئێران دەدەینەوە دەبینین کە لە ئێرانیشدا خەڵک لە نائۆمێدییەکی کەموێنەدا بەسەر دەبەن، کەلوپەلە سەرەتایی و بنەڕەتییەکان لە ئێران دەس ناکەون، خەڵک بۆ دابینکردنی بنەڕەتیترین پێداویستییەکانیان وەک نان و ئاو دەبێ بە چەندین کاتژمێر لە سەفدا ڕابوەستن، تاران خەریکە دەبێتە خاوەن بۆمبی ناوکی و خاوەنی چەندین جۆر مووشەکە بەڵام بە نرخی هەژارتربوونەوەی خەڵکانی نیشتەجێ لەو جوغرافیا، ڕێفۆرمە ئابوورییەکانی ئێرانیش هاوشێوەی شۆڕەوی لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بووەتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاستی هەژاری و هەڵاوسان زیاتر و زیاتر دەبێت**

# زارا ، هێمای کۆڵنەدان



**لەڕاستیدا هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ دەسبەسەرکردنی چالاکانی فەرهەنگی و سەپاندنی سزای نارەوای وەکوو ٥ ساڵ زیندانی بۆ زارا محەممەدی، پەلەقاژەی بێهێزیی دەسەڵاتێکە کە نەیتوانیوە لە بەرانبەر ئیرادەی نەتەوەیەک و دواتریش لە بەرانبەر ئیرادەی ژنێکدا خۆی ڕابگرێ**

ئاسۆ مێنبەری

ڕۆژی یەکشەممە، ١٢ی بەفرانباری ئەمساڵ، بەرپرسی گشتیی دادگوستەری شاری سنە حوکمی ٥ ساڵ زیندانی تەعزیریی بە سەر زارا محەممەدی، چالاکی فەرهەنگیی خەڵکی شاری سنەدا سەپاند.

نارەوابوونی ئەم حوکمە و ئەو سزایە کە بە سەر زارا محەممەدیدا سەپاوە، هیچ نکۆڵییەکی لێ ناکرێت، ئەمە ماهییەت و چییەتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە کە مرۆڤی بێتاوان دەبێ لە سووچی زیندان بێت و ئەوانەش کە مافی خەڵک پێشێل دەکەن لە باشترین دۆخدا دەژین.

لەم ڕۆژانەدا باسێکی زۆر لە سەر خۆڕاگری و کۆڵنەدانی زارا وەکوو پارێزەری شوناسی نەتەوەیی کراوە، بەڵام ڕەنگە زۆر کەسیش بەرپرسایەتی هەوڵی دەدا تاکوو گوندەکانی دەوروبەری سنە بە سەر بکاتەوە و لەوێ ئەگەر تەنانەت یەک کەسیش بێت، فێری زمانی دایکیی خۆی بکات.

سەرەڕای ئەوەی کە لە زانکۆی پەیام نووری سنە وەکوو چالاکی خوێندکاری و لە ئەنجومەنەکاندا تێکۆشانی هەبوو، هاوکات خەمی منداڵانی کوردستانیشی بوو بۆیە، زۆرجار پارەی زانکۆ و شەهریەی ترمی خوێندنەکەی بۆ دابینکردنی نامیلکەی زمانی کوردی و تێچووی هاتوچووەکانی تەرخان دەکرد، تاکوو بتوانێ لانیکەم هیوایەک لە منداڵێکی کورددا دروست بکات.

زارا ١٠ ساڵ لە تەمەنی لاویی خۆی لە پێناو پاراستنی زمانی کوردیدا داناوە، ١٠ ساڵ کە بۆ هەر کەسێک دەتوانێ باشترین دەرفەت بۆ گەیشتن بە زۆر ئاوات و ئارەزوو و خەونی گەورە گەورە بێ، بەڵام زارا ئەو ١٠ ساڵە لە ژیانی خۆی بۆ پەروەردەی کاتی بەڕێوەچوونی کلاسەکانی تایبەت بە وانەوتنەوەی کوردیدا هەڵیانکوتاوەتە سەر پۆلەکان و بە دروستکردنی ترس و تۆقاندن هەوڵیان داوە کەشێکی نائەمن بۆ قوتابیان و خوازیارانی فێربوون دروست بکەن تاکوو پێش بە پەرەسەندنی زمانی کوردی بگرن.

لە هەموو شارەکانی کوردستاندا ڕێکخراو و فێرگەی تایبەت بە زمانی کوردی هەن کە لە پێناو پاراستنی زمانی کوردی وەکوو سامانێکی نەتەوەییدا هەوڵ دەدەن، بەڵام ئەوەی کە لە شارێکی وەکوو سنە ڕوو دەدات زۆر جیاوازە، ساڵانێک بوو کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پێی وابوو، توانیویە لە ئاسێمیلەکردن و تواندنەوەی بیر و هزری خەڵکی ئەم شارەدا سەرکەوتوو بێت، هەرچەند پیلانی زۆریشی بۆ داڕشتبوو وەک هەوڵدان بۆ گۆڕینی دێمۆگرافیای ئەم شارە و نیشتەجێکردنی فارس زمانەکان و بە دەیان کردەوەی قیزەونی دیکە بەڵام بە ئێستا، بە سەدان تاکی دیکەی کوردستان ڕوویان لە فێرگەکانی زمانی کوردی کردووە و ئەم کاروانە نەوەستاوە.

بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە جگە لە زارا هەن کەسانێکی دیکەش کە ئێستا لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامیدان و تاوانیان تەنیا و تەنیا وتنەوەی وانەی کوردی بووە!

مۆژگان کاووسی یەکێکی دیکە لەو ژنانەیە کە ئێستا لە زینداندایە و لە لایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، ٧٦ مانگ زیندانی بەسەردا سەپاوە، مۆژگان جیا لەوەی کە تۆمەتی ئەندامەتی لە حیزبی دژبەری ڕێژیمی خراوەتە پاڵ بەشێکی گرینگ لە چالاکییەکانی لە ڕاستای پەرەپێدانی زمانی کوردیدا بووە.

هاوکات لەگەڵ ئەمەش مەحموود نیروومەند، چالاکی فەرهەنگیی کورد لە زیندانی وەکیلئابادی مەشهەد تەنیا بە تاوانی چالاکی فەرهەنگی حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاوە. لە

**ئێستا زارا بووەتە هێمای کۆڵنەدان، بووەتە مامۆستای خۆڕاگری و بێگومان ئەم وانەیە هیچکات لە مێشکی قوتابییەکانی ناسڕدرێتەوە**

هەبن کە زارا وەک خۆی نەناسن! زارای تەمەن ٣١ ساڵ، کاتێک کە یەکەمین ساڵەکانی خوێندنی زانکۆی دەست پێکردبوو، بۆ یەکەمین جار مامۆستایەتی و فێرکردنی زمانی کوردیشی ئەزموون کرد و لە ماوەی چەند ساڵدا توانی ببێت بە مامۆستایەکی باش و لێهاتوو کە قوتابییەکانی هەمیشە بە ڕێزەوە ناویان لێ دەبرد.

زارا سەرەڕای خوێندکاربوون و هەبوون لە قۆناغێکی هەستیاری ژیانیدا، هەوڵی دەدا مامۆستایەکی باش بێت، ئەوانەی کە لە نزیکەوە دەیناسن دەزانن کە زارا بۆ گەیشتن بە پۆلەکانی وانەوتنەوە چ ڕێگایەکی سەختی دەبڕی و چۆن بە هەستکردن بە منداڵانی نیشتمانەکەی تەرخان کرد، کەوابوو ئەم کردەوەیە شایەنی ستایشە .

لە هەموو ئەو ساڵانەدا کە فێرگە و ئەنجومەنەکانی تایبەت بە پەرەپێدانی فەرهەنگ و زمان لە شارەکانی کوردستاندا چالاکییان هەبووە، هەوڵیان ئەوە بووە کە بە دوور لە ڕەنگوبۆنی سیاسی و تێکەڵاوبوون لەگەڵ ئیدئۆلۆژیی تایبەت، خزمەت بە زمان و فەرهەنگی کوردی بکەن، بەڵام ئەمە بۆ دەسەڵاتێکی تۆتالیتێری وەکوو کۆماری ئیسلامی هیچکات قەبووڵ نەکراوە، بۆیە بە دەیان جار ناوەندەکانی وەکوو ئەماکن و کۆمیتە ئینزباتییەکان و حەراسەتی زانکۆکان لە خۆشحاڵییەوە لە ساڵانی ڕابردوودا شەپۆلێک چالاکیی بەربڵاوی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە لایەن لاوانی چاوکراوەی ئەم شارە بە کچ و کوڕەوە توانی ببێتە قەڵغانێکی بەهێز بۆ پێشگرتن لە هێژموونی داگیرکەر. لەڕاستیدا هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ دەسبەسەرکردنی چالاکانی فەرهەنگی و سەپاندنی سزای نارەوای وەکوو ٥ ساڵ زیندانی بۆ زارا محەممەدی، پەلەقاژەی بێهێزیی دەسەڵاتێکە کە نەیتوانیوە لە بەرانبەر ئیرادەی نەتەوەیەک و دواتریش لە بەرانبەر ئیرادەی ژنێکدا خۆی ڕابگرێ، لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵی ڕابردوودا واتە لە دەسبەسەرکرانی زاراوە هەتاکوو ڕاستیدا قەدەغەبوونی چالاکیی فەرهەنگی و هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی لەم پێناوەدا کە بێگومان بە دەسبەسەرکردن و سەپاندنی سزای زیندان بە سەر چالاکانی کورددا کۆتایی نایەت، نیشاندەری ترس لە سەرهەڵدانێکی گشتییە، چونکە دەزانێت کە مامۆستایەکی باش، قوتابییەکانیشی بە باشی پەروەردە دەکات، ئێستا زارا بووەتە هێمای کۆڵنەدان، بووەتە مامۆستای خۆڕاگری و بێگومان ئەم وانەیە هیچکات لە مێشکی قوتابییەکانی ناسڕدرێتەوە، بۆیە پێویستە هەموومان دەنگی زارا بین، تاکوو بتوانین نەوەیەکی کۆڵنەدەر وەکوو زارا پەروردە بکەین.

## وێستگە

# پەرەپێدانی هاوسەرگیریی منداڵان لە ڕێگەی کتێبە دەرسییەکانەوە



نووسین: هێمۆ

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا هەواڵێک بڵاوکرایەوە کە تێیدا هاتبوو، ڕێژیمی ئێران لە کتێبی پۆلی دوازدەدا پەرە بە دیاردەی «منداڵهاوسەری» دەدات.

بەپێی هەواڵە بڵاوکراوەکان ڕێژیمی ئێران بۆ جارێکی دیکە بابەتی «جیاوازیی ڕەگەزی» و «منداڵهاوسەری»ی لە کتێبی وانەی قوتابییاندا چاپ کردووە کە ڕەخنەیەکی زۆری لێ کەوتەوە و بەشێکی زۆر لە بەکارهێنەرانی دونیای خوازەکی بۆ دەربڕینی نارەزایەتی، بەشێک لە نووسراوەکانی ئەو کتێبەیان لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کردەوە.

کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران لە کتێبی پۆلی دوازدەدا بە ناوی «بەڕێوەبەریی بنەماڵە و شێوازی ژیان/ تایبەت بە کچان»، (مدیریت خانواده و سبک زندگی/ ویژه دختران) باسیان لە «کچانی سەرووی دە ساڵ و هەندێک بابەتی وەک پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لە مافی خوێندن سەرووترە و هەروەها نابەرابەریی مافی یاسایی و ئازادیی تاکەکەسیی کچان لەگەڵ کوڕان» کردووە کە نارەزایەتیی بەشێک لە ڕەخنەگرانی لێ کەوتەوە.

ئەمە بابەتێکی سەرسووڕهێنەر نییە بەڵام ئێجگار دڵتەزێن و جێگای داخە.

بەڵام گرینگە بزانین هۆکارەکان چین کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت ئەم بابەتە بەم شێوازە دەجووڵێنەوە و بۆچی پەرەی پێ دەدەن؟

- ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لە سەر بنەمای ئایین دامەزراوە و لە ئایینی ئیسلامیشدا زۆر ڕاشکاوانە ئیزن بە هاوسەرگیریی کچان لە تەمەنی خوارەوە دراوە.

- بەشێکی ئەم بابەتە بۆ بیرۆکەی پیاوسالاری و بە کاڵابینینی ژنان لە چوارچێوەی ئەم دەسەڵاتەدا دەگەڕێتەوە، هەر بۆیە کچانی کەم تەمەن وەکوو غەنیمەت چاویان لێ دەکرێت.

- لەو ڕووەوە کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، لە ساڵانی ڕابردوودا نەیتوانیوە بەو شێوازە کە دەیهەوێ پێش بە تێگەیشتن و پێشکەوتنی هزریی خەڵک و بەتایبەتیش ژنان بگرێت لەهەوڵدایە لەم ڕێگایەوە بە بەستنەوەیان بە چوارچێوەی ماڵ و ماڵدارییەوە لە خواستە سەرەکییەکانی خۆیان و کۆمەڵگا دووریان بخاتەوە، لەم حاڵەتەدا نیوەی حەشیمەتی کارای کۆمەڵگا لە جوولە دەکەون و هێزی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سەرکوتکارییەکانیش نیوە دەبێت کە ئەمە بە قازانجی دەسەڵاتە.

- لە لایەکی دیکەوە، بەهۆی گوشارە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕێژەی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگای ئێراندا کەم بووەتەوە و تەمەنی هاوسەرگیری چووەتە سەرێ، بۆیە بە هێنانی گەڵاڵەیەک لە ژێر ناوی «جەوانی حەشیمەت»، هەوڵ دەدەن تاکوو بە تەماحوەبەرنان بەنیسبەت بنەماڵەکان، کچەکان ببەنە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە تاکوو لەم ڕێگایەوە ڕێژەی حەشیمەت زیاد بکەن و پێکهاتەی کۆمەڵگای ئێران لە پیربوون ڕزگار بکەن.

بەڵام کۆماری ئیسلامی تاکوو ئێستا تا چەند توانیویە بەنیسبەت ئەم پرسە سەرکەوتوو بێت و ئەم بابەتە لە داهاتوودا دەتوانێ چۆن بێ؟

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا دیاردەی منداڵ هاوسەری هەر بووە بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی کە دەچوونە نێو ئەم پرۆسەیەوە کەسانێک بوون کە بە هۆکارگەلی جیاوازی وەکوو تووشبوونی دایک یان باوک بە مادە هۆشبەرەکانەوە، یان لە دەستدانی یەکێکیان یان هەردووکیان لە تەمەنی خوارەوەدا، یان بەهۆی دەستکورتیی لەڕادەبەدەرەوە هیچ بژاردەیەکیان جگە لە هاوسەرگیریی پێشوەختە نەبوو، بەڵام ئەوەی کە ئێستا ڕوو دەدات و بەداخەوە ڕێژەکەشی لە زیادبووندایە هۆکارەکەی جیاوازە.

ئەو کچانەی کە ئێستا بە شێوەی پێشوەختە دەچنە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە جاری وا هەیە بەهۆی پڕوپاگەندەکانی دنیای خوازەکییەوە تووشی ئەم بژاردەیە دەبن، هەندێکیان بەهۆی ناسەقامگیربوونی باری دەروونییەوە کە ئەم سەقامگیرییە لە بنەماڵەکەیاندا بۆیان دابین نەکراوە، هەندێکیان بەهۆی پەروەردەی ناتەندرووستەوە و هەندێکیشیان بە هۆی ڕزگاربوون لە دۆخی سەختی بنەماڵەکانیان بەڵام هەندێکیان هەن کە دەکەونە بەر گوشاری بنەماڵەکانەوە و زیاتر لە هەر شتێک بەهۆی نەبوونی توانایی بنەماڵەکانیان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی کچان و ترس لە داهاتوویەکی نارۆون بەهۆی پرسی لاوازیی ئابوورییەوە تووشی ئەم دیاردەیە دەبن.

هاوسەرگیریی پێشوەختە لە کچاندا ئەتوانێ کۆمەڵێک کێشەی دیکەی بەدواوە بێت، بۆ نموونە، لە خوێندن و بڕینی قۆناغی زانستی دادەبڕێن، بەهۆی هاوسەرگیریی پێشوەختەوە تووشی دووگیانبوونی پێشوەختەش دەبن و ئەمە ئەگەری مەرگیشیان زۆر زیاتر دەکاتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەپێی ئیدئۆلۆژی و چوارچێوەی دیاریکراوی خۆی، لە هەوڵی پەرەپێدانی دیاردەگەلی ناشیریندایە، ئەمە بە قازانجی دەسەڵاتە چونکە بەستێنی سەرکوتکارییش زیاتر بۆ خۆی دروست دەکات و ئەمە لە پەرەپێدانی ئیدئۆلۆژی و سیاسەتەکەیدا زیاتر بە قازانجیەتی.

لێرەدا ئەرکی تاکەکانی کۆمەڵگا و بەتایبەتیش ژنان ئەوەیە کە بەرەوڕووی بیری دواکەوتوویی ببنەوە و نەهێڵن کە دەسەڵات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کەڵکی ئامرازییان لێوەربگرێت. بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم بیرکردنەوەیە پێش لە هەموو شتێک پێویستی بە بردنەسەرەوەی ئاستی وشیارییە و بێگومان ژنان دەتوانن لەم بوارەدا هەنگاوی باش هەڵێنن.

# تاران خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەلەبیب ئەدزێتەوە



**محەممەد سلێمانی**

ئاڵۆزتربوونی کێشەکانی نێوان ئیسراییل و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەکانی ئەو وڵاتە لە تەلەبیب، تارادەیەک دۆخێکی تازەی لە شڵەژانی سیاسی و سەربازی لە سەر ئاستی ناوچەییدا هێناوەتە ئاراوە کە تەنانەت فەرماندە سەربازییە باڵاکانی ڕێژیمی ئاخوندی هەروەك پیشەی هەمیشەییان بەشان و باڵی توانا سەربازی و بەرگرییەکانی تاران هەڵدەدەن و ئەو مانۆڕە لەشکرییەی بەم دواییانە بەڕێوەیان بردووە، وەك خۆئامادەکردنێکی پێشوەختە بۆ شەر ناوی لێ دەبەن.

دیارە تاران لەو جۆرە قسانەی پێشتریش کردووە و هەرگیز خۆی لە قەرەی شەڕێك نادات، کە سوور دەزانێت بە زیانیان دەبێ و بۆ ڕازیکردنی دڵی لایەنە توندئاژۆ نێوخۆیی و دەرەکییەکانی نزیك لە تاران ئەو جۆرە لێدوان و هەڕەشانە دەکەن.

ڕێژیمی ئاخوندی لە مێژساڵە بەو زمانە زبر و خۆڵەمێشاوییە قسە دەکات و بەردەوام هەڕەشەی لەنێوبردن و سڕینەوەی ئیسراییل و تێکشکاندنی نارەکانی دەکا و دەمێکە ئەو شەڕە ڕەوانییەی دەست پێکردووە و ئەگەر سەرنج بخەینە سەر دۆخی سیاسی و دیپلۆماسی ئێران، لە مێژووی حوکمڕانیدا بە ڕادەی ئێستا توشی ئاڵۆزی و قەیران نەبۆتەوە و بێگومان کەڵەکەبوونی کۆی بارگرژییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، سەرەنجام سەری ئەو دەسەڵاتە ستەمکارەی دەخوات.

تاران بە تەواوی خۆی لە شەڕی ڕووبەڕوو لەگەڵ ئیسراییل دەپارێزێ و ئەگەر ئەو بەریەککەوتنە ڕووبدات، ئێران بە تەنیا دەمێنێتەوە و دڵنیایە کە براوە نابێ و دووچاری شکان و کاولکاری و بەسەریەکداڕوخانی گەورە دەبێتەوە و ئەوکات دۆستە نزیك و هاوبەشەکانی خۆی لێ بەخاوەن ناکەن. حکوومەتی ناوەندی ئێران بەدرێژایی مێژووی سیاسی هەڕەشەی لەنێوبردنی دژبەرە ناوچەییەکانی کردووە و ئەگەر سەرنج بخەینە سەر ئاڵۆزییەکانی نێوان تاران و تەلەبیب لە ماوەی ڕابردوودا، ئێران زیاتر لایەنی بەرگریکردنی هەڵبژاردووە و کاتێك حکوومەتی ئیسراییل لە سووریە و نێوخۆی ئێران، هێرشەکانی ئەنجام دەدات، تاران تەنیا لە زمان وەزیری هەندەران و وتەبێژی وڵاتەکەی، هەڕەشەی گەورە بۆ سەر تەلەبیب دەکات و بە قەولی خۆیان ئەوان یەکجار تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە، کە ئەوەش بەو مانایەیە کە یەك جێ نەیارەکەیان لەناوبەرن کە بێگوومان بە کردار هەرگیز هەڵەیەکی ئەوتۆ ناکەن و وەختێك دەبینن، شانسی سەرکەوتنیان زۆر لاوازترە لەوەی بەخەیاڵیاندا دێت.

پاشان لێکنزیکبوونەوەی وڵاتانی عەرەبی لە ئیسراییل و ئاساییبوونەوەی پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان، جگە لەوەی بەزیانی تاران شکاوەتەوە، هەرلەوکاتەشدا ئێران لەسەر ئاستی ناوچەییدا زیاتر هەست بە هەوسارکردن و پەراوێزخستنی خۆی دەکات و دژبەرەکانی ئێران لە ساڵانی ڕابردوو زیاتر خۆیان ڕێکخستووە و هەڕەشەکانی تاران بە هێند وەردەگرن، هەربۆیەش ئێستا ئەو پەیامە سیاسییە بەرگوێی جۆ بایدن گەیشتووە کە پێویستە ئەمریکا گورزی سەربازی لە ڕێژیمی ئاخوندی بوەشێنێ.

ئێران بە کۆمەڵێك قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گەورەوە پێ دەنێتە ساڵی نوێ و بێگومان ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای کاربەدەستانی تاران ئەوەندە ئاسان نین کە بەسانایی بەسەریاندا زاڵ بن و هەست بە ئاسوودەیی و ئاسایشی حوکمڕانییان بکەن. جگە لە قووڵتربوونەوەی ناکۆکییەکانی لەگەڵ بەشێك لە وڵاتانی دیار و کاریگەری ناوچەیی، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا متمانە و پڕەستیژی سیاسی و دیپلۆماسی خۆی لەدەستداوە و بە وڵاتێکی سەرەڕۆ و سەرچاوەی فیتنەی سیاسی ناسراوە و وڵاتانی بەهێزی دۆستی ئەمریکا، لایەنگری ئەو بژاردەیە دەکەن کە دەسەڵاتی ئاخوندی زیاتر هەوسار بکرێ و دەرفەتی بەهێزتربوونی پێ نەدرێت.

وڵاتێك کە تێیدا ئازادییە سیاسی و نەتەوەییەکان پێشێل دەکرێن، گرتن و لەسێدارەدان ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبووندایە و سەرباری ئەو نەهامەتییانەش لە سێبەری ئەو ڕێژیمەدا، بێکاری و هەژاری و بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵك وەك نان،ئاو و بەرق و دەرمان بەڕێژەیەك بەرزبۆتەوە، ژیانی لە گەلانی وڵات دەهێندەی تر دژوار کردووە و ئەو ناسەقامگیرییە سیاسی و ئابوورییە، بێزاری بەربڵاوی نێوخۆیی لە هەموو بەشەکانی وڵات بەرهەم هێناوە بەدژی دەسەڵاتی ناوەندی و ڕێژیمیش ڕێژەی سەرکوت و توندوتیژی بەبەراورد بەساڵانی پێشتر زۆر زیاتر کردووە.

بێزاری و ڕاپەڕینی کرێکاران، مامۆستایان و ژنان و بەگشتی چین و توێژەکانی تر لەلایەك و گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا بۆ سەر تاران و بڕیاربەدەستە سیاسی و سەربازییەکان و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی بەرینی سیاسی و جەماوەری لە ئەحواز و شارە کوردستانییەکان و شارەکانی تری وڵات، بێگومان بێ هۆکار و دەلیلی سیاسی و نەتەوەیی نین و کرۆکی بێزارییەکان، ستەمی سیاسی و نەتەوەییە.

ئەمساڵیش بە هەموو خۆشی و ناخۆشی و سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونێکی کە لەو پەیوەندییەدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیبووە، بەرەو ساڵێکی نوێ هەنگاو دەنێین و ئەگەر بەراوردێکی خێرای دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵات بکەین لە سایەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، بەداخەوە هیوایەك نییە کە لە سێبەری ئەو ڕێژیمەدا ئازادی و مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی گەلانی وڵات بسەلمێنرێن هەروەك دەرکەوتووە گوشارە سیاسی و سەربازییەکانی تاران بۆسەر خەڵکی کوردستان، تا سنوورێك چووە کە تێیدا ڕۆژانە ڕۆڵە ئازادیخواز و تێکۆشەرەکانی کوردستان بە هۆکاری بێبنەما دەگیرێن و بڕیاری لەسێدارەدنیان بەسەردا دەدرێت کە نوێترین شەهیدی ئەو تاوانەی تاران «حەیدەر قوربانی» بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزێکی دیارو کاریگەری مەیدانی بەرخۆدانی نەتەوەیی لەو بەشەی کوردستان، سەرەڕای هەوراز و نشێوی زۆری سەر ڕێگای تێکۆشانی سیاسی و ئاستەنگەکانی بەردەم شێوە جۆربەجۆرەکانی خەباتی مەدەنی، هەروەك هەمیشە جێگە و پێگەی تایبەتی خۆی لە نێو خەڵکدا هەیە و وەک هێزێکی نەتەوەیی لەسەر ئەرك و ڕێچکەی فیکری و ڕەساڵەتی مێژوویی خۆی بەردەوام ماوەتەوە و ئەو شێلگیرییەی لە مەیدانی خەباتی سیاسیدا، متمانە و پڕەستیژی سیاسی حدکا بەڕادەیەك بردۆتەسەرێ و بۆتە هێزێکی بەتەواوی جێگای پەسند و ئومێدی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ساڵی ٢٠٢١ جگە لە دژواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ گەلانی ئێران و یەك لەوان گەلی کورد، بێگومان شوێنی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵاتی خەڵك هەبووە.

**وڵاتێک کە تێیدا ئازادییە سیاسی و نەتەوەییەکان پێشێل دەکرێن، گرتن و لەسێدارەدان ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبووندایە و سەرباری ئەو نەهامەتییانەش لە سێبەری ئەو ڕێژیمەدا، بێکاری و هەژاری و بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵک وەک نان،ئاو و بەرق و دەرمان بەرێژەیەک بەرزبۆتەوە، ژیانی لە گەلانی وڵات دەهێندەی تر دژوار کردووە و ئەو ناسەقامگیرییە سیاسی و ئابوورییە، بێزاری بەربڵاوی نێوخۆیی لە هەموو بەشەکانی وڵات بەرهەم هێناوە بەدژی دەسەڵاتی ناوەندی و ڕێژیمیش ڕێژەی سەرکوت و توندوتیژی بەبەراورد بەساڵانی پێشتر زۆر زیاتر کردووە**

گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و بارگرژییەکانی ئەو دوو وڵاتە لەلایەك و چاوسوورکردنەوەی تاران لە تەلەبیب و نەیارە ناوچەییەکانی هێندەی تر گەلانی وڵاتی هەراسان و بێزار کردووە؛ سیاسەتی سەرەڕۆیانەی حکوومەتی ناوەندی لە سەر ئاستی گێتی و ناوچەییدا و دژایەتی کردنی پێگە و دەسەڵاتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەڕەشە و گۆڕەشەی ترسەنۆکانەیان بۆسەر حکوومەتی ئیسراییل، نوێترین وردەکاری سیاسی و دیپلۆماسی ناوچەیین کە تارانی هاوساندووە. جگەلەوەش نیگەرانی زۆری لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا بە دوای خۆیدا هێناوە و بەشێك لە وڵاتانی بەهێز و کاریگەری جیهان، پێیان وایە، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرگەی شەڕ و ئاڵۆزی گەورە ناگرێ و شوێنی بەرچاوی لەسەر ئابووری و بازرگانی وڵاتان دەبێت.

ئەمریکا و ئیسراییل و هاوپەیمانەکانی بەشێوەیەکی کاریگەرتر لە ساڵانی ڕابردوو بۆ دژایەتی لەگەڵ پێگە و دەسەڵاتی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران خۆیان ڕێکخستووە، لەبەر ئەوەی زیاتر هەست بەمەترسییەکانی ئێران بۆ سەر بەرژەوەندی و هاوبەشە ناوچەییەکانیان دەکەن و هەوڵ دەدەن پێش بەکار و چالاکییە ناوکییەکانی ئەو وڵاتە بگرن و تەلەبیب بە ڕوونی ئەوەی ڕاگەیاندووە کە هەرکاتێك ئێران لە ئامانجی ناوکی نزیك بکەوێتەوە، بە خێرایی هێرشی دەکەنە سەر و بەردەوامیش لە کۆشکی سپی دەپاڕێنەوە بەگوێی تەلەبیب بکرێ و ڕێژیمی تاران لاواز و لەنێوببردرێت.

دۆخی سیاسی و ئابووری حکوومەتی ئاخوندی ئێران لە شلوێترین هەلومەرجی خۆیدایە و جگە لە بێزاری و نارەزایەتییەکانی شەقامی وڵات بەدژی دەسەڵاتی ئاخوندی و قووڵتربوونەوەی نێوەڕۆکی داواکارییەکانیان، بە ڕوونی دروشمی ڕوخانی ڕێژیم و لاچوونی حاکمانی زۆردار و دژەئازادی سیاسی و نەتەوەییان بەرز کردۆتەوە و داوای حکوومەتێك دەکەن کە تێیدا مافی سیاسی و نەتەوەیی و ئابووری و ئاسایشی خەڵك دابین بکات.

کە ئەوەش یەکێکی ترە لە نیشانەکانی خەباتی بەرفراوانی جەماوەری کە زۆربەی بەشەکانی وڵاتی گرتۆتەوە و ئەو وشیارییەش دروست بووە کە ئەو ڕێژیمە دوژمنی کۆی نەتەوەکانی پێکهێنەری وڵاتی ئێرانە و ئەگەر یەکڕیز و یەکگرتووبن، سەرەنجام دەتوانن بەسەر دەسەڵاتی ئاخوندیدا سەر بکەون و بۆ هەمیشە ئەو ڕێژیمە کۆنەپەرست و دژی گەلییە لەسەر ڕێگایان لابدەن و بیڕوخێنن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزێك کە پشتیوانی بەرچاوی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە پشتە، زۆر بوێرانە بە دژی ئەو ڕێژیمە درێژەی بە خەبات و تێکۆشانی خۆی داوە و لەو ساڵانەشدا، بە دەستپێکردنەوە و لێکگرێدانەوەی خەباتی شار و شاخ بەیەکەوە، بزووتنەوەیەکی تری سیاسی و تەشکیلاتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێناوەتە ئاراوە و لاوانی کچ و کوڕ بە هاتنیان بۆ نێو ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، جگە لە بەهێزتربوونی ڕەوتی خەباتی سیاسی، حکوومەتی ناوەندیش زیاتر هەست بەمەترسی و لاوازی پێگە و نفووزی لە کوردستان دەکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك هێزێکی بە ئەزموون و بەرپرس لە بەرامبەر مافی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورددا، وێڕای خوێندنەوەی ورد و ژیرانەی بۆ دۆخی مەوجوودی وڵات لە سایەی ڕێژیمی ئاخوندیدا، ئەو وشیارییەی لە نێو خەڵکدا بڵاو کردۆتەوە کە بە یەکگرتوویی سیاسی و تێکۆشانی فراوانی جەماوەری بە دژی دەسەڵاتی تاران، دەست بە شێوەکانی نوێی خەباتی جەماوەری بکەن و لە هەر دەرفەتێك کەڵك وەربگرن، کە دەبێتە هۆی تەنگاوکردنی ڕێژیمی تاران لە کوردستاندا.

**گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و بارگرژییەکانی ئەو دوو وڵاتە لەلایەک و چاوسوورکردنەوەی تاران لە تەلەبیب و نەیارە ناوچەییەکانی هێندەی تر گەلانی وڵاتی هەراسان و بێزار کردووە؛ سیاسەتی سەرەڕۆیانەی حکوومەتی ناوەندی لە سەر ئاستی گێتی و ناوچەییدا و دژایەتی کردنی پێگە و دەسەڵاتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەڕەشە و گۆڕەشەی ترسەنۆکانەیان بۆسەر حکوومەتی ئیسراییل، نوێترین وردەکاری سیاسی و دیپلۆماسی ناوچەیین کە تارانی هاوساندووە**

بێگومان حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە مێژووی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی ستەم و سەرکوتی سیاسی و نەتەوەیی بەسەر گەلانی وڵاتدا، بە ڕادەی ئێستا هەستی بەداماوی و دوورکەوتنەوەی گەلی کورد و گەلانی تر لە حاکمیەت نەکردووە و بێشک ئەو ڕەوتە نوێیە حکوومەتی ناوەندی لە داڕمان نزیکتر کردۆتەوە؛ هەربۆیەش شەپۆلەکانی توندوتیژی و گرتن و لەسێدارەکانی زیاتر کردووە و بەداخەوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بەهۆی چاوچنۆکی و بەرژەوەندییەکانیان، تا ئەمڕۆ بێ هەڵوێست ماونەتەوە.

بەو هیوایەی ساڵی ٢٠٢٢ی زایینیی، ساڵی ئازادی و ڕزگاری نیشتمان بێت لەژێر دەستی داگیرکاری فاشیزمی بەرچاوتەنگی حاکم بەسەر وڵاتدا و گەلی کورد لە ڕەوتی نوێی گۆڕانکارییە سیاسی و ناوچەییەکاندا، ئەوجار ئەو دەرفەتەی بۆ بێتەبەرەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆنترۆڵ بکات و خۆی بڕیار لە سەر چارەنووسی سیاسی و ئیداری کوردستان بدا و حکوومەتێکی دێموکراتیکی گەلیی دابمەزرێنێت.

# مەرگ لە هزری بەرزەمرۆڤەکاندا

جاقل

چۆنیەتی هاتنە جیهان هیچکات بە دڵخواز یان ڕەزامەندی زارۆک نەبووە و ئەو منداڵەی کە لە دایک دەبێ، ناتوانێ خاوەنی بژاردە بێت. دایک و باب و چۆنیەتی لەدایکبوون و شوێنی لەدایکبوون و پێکهاتەی جەستەیی و تا ڕادەیەکیش دەرونی کۆرپە، «جەبر»ین و ڕەزامەندی و نارازی بوونی منداڵ ناتوانێ هیچ ئاڵوگۆڕێک لەمانەدا پێک بهێنێ. هەر ئەم شتانەش دواتر دەبنە بەشێک لە شوناسی مرۆڤەکان و لەگەڵیاندا گەورە دەبن. مرۆڤەکان دواتر دەتوانن بە ڕەزامەندی خۆیان هەندێ ئاڵوگۆڕ لە چۆنیەتی ژیانی خۆیاندا دروست بکەن و بەپێی خواست و دەسەڵات و توانای خۆیان لەوانەیە بتوانن چۆنیەتی و شوێنی ژیانی خۆیان و هەندێ شتی دیکەش هەڵبژێرن و هەندێ ئاڵوگۆڕیش بەدی بێنن کە شوێندانەری لە سەر نەوەکانی پاش خۆیان هەبێت. زۆربەی کاتەکان سیستمە سیاسی و دەسەڵاتدارەکانی وڵاتان ئیزنی ژیانکردنێکی ئاسایی و سەردەمیانە بە مرۆڤەکان نادەن. ئەو سیستمانە بە ناوی دین و ڕەگەز و هەندێ بەهای جێگای بایەخی خۆیان، ئازادی ئینسانەکان بەرتەسک دەکەنەوە. لێرەدایە کە مرۆڤگەلێک کە هاتنە جیهان بەسەریاندا سەپاوە، دەبێ خوو بە ژیانێکی نادڵخوازیش بگرن و لەڕاستیدا ژیان بۆ ئەو ئینسانانە دەبێتە جەبر و ئێختیارێکیان لە ژیاندا نابێ. ئەو ئینسانانە بەردەوام خوو بە چەمک و بەها و ئەرزشگەلێک دەگرن کە دەسەڵاتی حاکم و ژینگەی خۆیان بۆیان دیاری دەکات و ئەوانیش منداڵەکانیان هەر بەو شێوە پەروەردە دەکەن. بازدان بۆ دەرەوەی ئەم جەغز و سنورانە بقەیەکی گەورەیە کە کۆمەڵگا بە کۆ ناتوانێ لە یەک کات و شوێنی دیاریکراودا لە بارەیەوە کۆدەنگ بێت. هەوڵدان بۆ ژیانێکی باشتر بە بەها و ئەرزشی تازەوە دەبێتە خواستی مرۆڤە بوێرەکان. ئینسانگەلێک کە ناتوانن لە چوارچێوەی بەرتەسکی قەناعەت و گوێڕایەڵی سیستمە زۆردارەکاندا ژیان بکەن، دەبنە مرۆڤی پێکهاتەشکێن و سنورە دەسکردەکانی مانایی دەسەڵاتی زاڵ دەبەزێنن و دەبنە پێشەنگ بۆ کۆمەڵگا. ئەوان بزاڤێک دروست دەکەن کە بۆ هێزمەندی و دەسەڵات هەوڵ دەدات و بۆ ئەو ئاوات و ئارمانانە کە خۆیان تێیدا سەروەر و خاوەن ئێختیار بن خەبات دەکەن. لە جیهانی مودێڕندا ئەم بزاڤە دەچێتە قەوارەی حیزب و سازمانێکەوە کە لەگەڵ بانگەشە و تێگەیاندنی ئینسانەکانی دیکە لە ویست و داواکارییە ڕەواکانیان بەردەوام ڕێژەیان زیاد دەکات. بە جۆرێک کە گەیشتن بەو ئاوات و ئارمانانە دەبێتە خواستی زۆرینەی خەڵک و کۆمەڵگا و هەر کەس بە گوێرەی توانا، خەباتی بۆ دەکات. کاریگەری مرۆڤی بوێر و بەهەڵوێست لەم ڕێگادا زۆر گرینگە و دەوری ڕێبەر دەبینێ. ژیانێکی ئازاد و ئینسانی مافی هەموو تاکێکی کۆمەڵگایە و ئەوەی کە لە پرۆسەی ژیاندا هەتا ئێستا بەڕاستی ئینسان و زانست نەیانتوانیوە تێیدا ئاڵوگۆڕ دروست بکەن ئێختیاری کۆرپەلەیە لە هاتنە دنیای خۆی و پێشگیری لە مردنی ئینسانەکانە.

مرۆڤی ئاوەزمەند لە ڕێڕەوی فام و ژیاندا وەک چۆن بیر لە هەموو شتەکان دەکاتەوە بیر لە مردنیش دەکاتەوە. مردن لای زۆربەی ئینسانەکان کۆتایی ژیانە. باوەڕە دینی و ئایینییەکان بۆ کەمکردنەوەی باری تراژیکی ژیان بروایان بە جیهانێکی دیکە هەیە کە ئینسان تێیدا بە جۆرێکی دیکانە ژیان دەکات. بەو حاڵەش کەم نین ئەو ئینسانە ڕۆح مردووانە کە لە عەینی ئەوەدا کە لەم جیهانە زیندوون و توانای جوڵانەوەیان هەیە بەڵام هیچ کاریگەرییەکی باشیان بە سەر خۆیان و دەور و پشتەکانییانەوە نەماوە و لە واقعدا مردوویێکن کە توانای جوڵاننەوەیان هەیە. زۆر ئاساییە کە ڕێژەی ئینسانە بوێر و بە هەڵوێست و ڕاستگۆکان کە بۆ ژیانێکی باشتر تێدەکۆشن کەم و نایاب بێت. ئینسانگەلێک کە لەگەڵ ئەوە پەیوەندییێکی هزری ئەوتۆیان لەگەڵ جیهانی میتافیزیک نییە بەڵام لەباری مانابییەوە مەرگ بە کۆتایی ژیان نازانن. ئەوان هەتا لە جیهاندا بن، بێ ئەوە بیر لە زەرەر یان قازانج بکەنەوە بێوچان بۆ ژیانێکی باشتر نەک لە چوارچێوە ماتریالەکەیدا بەڵکو لە جیهانی بەرفراوانی مانا ئینسانییەکاندا بۆ سەربەستی تێدەکۆشن. ئەوان لەگەڵ ئەوە خۆیان و دەور و پشتەکەیان دەناسن چاوەڕوانی هیچ شتێکیان لە کەس نیە و خۆبەخشانە و بە کەمترین ئیمکاناتەوە هەوڵ بۆ گۆڕینی ژیان دەدەن. ئەو بەرزەمرۆڤانە دەتوانن ڕۆژانە لە نێو خەڵکدا بژیێن بێ ئەوە خوو بگرن بە ژیانێکی ئاسایی. ئەوان دەتوانن کەسانێک بن کە لەگەڵ ئەوە ڕواڵەتێکی ئاساییان هەبێت و لە وشە و جلوبەرگدا زۆر ساکار و خۆماڵیانە بن بەڵام لە بوێری و هەڵوێست و ئیماندا زۆر جیاوازی بنەڕەتیان لەگەڵ ئینسانەکانی دیکە هەبێت. مەرگ لای ئەوان قۆناغێکی نەخوازراوی ژیانە کە بە ڕێکەوت و لە کاتێکدا دێتە سەر ڕێیان. دوو تایبەتمەندی گەورەی ئەم ئینسانانە دوای هاتنە دنیا، خوونەگرتنە بە ئەو چوارچێوانە کە سیستمە زاڵەکان دەیانهەوێ بە سەریاندا بیسەپێنن و زاڵبوونە بە سەر ترسدا .

> **زۆر ئاساییە کە ڕێژەی ئینسانە بوێر و بە هەڵوێست و ڕاستگۆکان کە بۆ ژیانێکی باشتر تێدەکۆشن کەم و نایاب بێت. ئینسانگەلێک کە لەگەڵ ئەوە پەیوەندییێکی هزری ئەوتۆیان لەگەڵ جیهانی میتافیزیک نییە بەڵام لەباری مانابییەوە مەرگ بە کۆتایی ژیان نازانن.**
> **ئەوان هەتا لە جیهاندا بن، بێ ئەوە بیر لە زەرەر یان قازانج بکەنەوە بێوچان بۆ ژیانێکی باشتر نەک لە چوارچێوە ماتریالەکەیدا بەڵکو لە جیهانی بەرفراوانی مانا ئینسانییەکاندا بۆ سەربەستی تێدەکۆشن. ئەوان لەگەڵ ئەوە خۆیان و دەور و پشتەکەیان دەناسن چاوەڕوانی هیچ شتێکیان لە کەس نیە و خۆبەخشانە و بە کەمترین ئیمکاناتەوە هەوڵ بۆ گۆڕینی ژیان دەدەن. ئەو بەرزەمرۆڤانە دەتوانن ڕۆژانە لە نێو خەڵکدا بژیێن بێ ئەوە خوو بگرن بە ژیانێکی ئاسایی**

شەهید حەیدەر قوربانی ئەو بەرزەمرۆڤە بوو کە کردەوە و هەڵوێست و فەرمایشەکانی پیشاندەری ئیمان و بڕوای ناوبراوە بە ڕێبازی بەختیاری نەتەوەکەی. شەهید حەیدەرەکان و ئینسانە بەهەڵوێست و شۆڕشگێڕەکان هیچکات نامرن، ئەوان بۆ ژیان و داهاتویەکی باشتر و بەختەوەرانە بۆ خۆیان و نەتەوەکەیان خەبات دەکەن. گیان بەختکردنی ئەوان ئەگەرچی بە لای ئێمەوە سەخت و دڵتەزێنە بەڵام ئەوان مردن وەک ئەوە کە خەڵکانی ئاسایی دەیبینن و بیری لێدەکەنەوە، نایبینن و بەو شێوەش بیری لێناکەنەوە. ئەوان بزەیان بە مردن دێت و نەک لێی ناترسن بەڵکوو بە مردنیان زیاتر پەرە بە بەرحەقبوونی باوەڕەکەیان لە نێو کۆمەڵگادا دەدەن. بەرهەمی ئەم خەبات و گیانفیداییە کەتوارێکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەمڕۆ دەبیندرێ و هەموو تاکێکی کۆمەڵگا دەزانێ کە ڕۆحی بە کۆمەڵی ئازادیخوازی و دژایەتی ڕێژیم لە پاش شەهیدکرانی شەهید حەیدەر قوربانی لە کامێران و کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا زیاتر پەرەی سەندووە و ئەوە ڕێژیمی ئاخوندی بوو کە لە زەینی تاکەکانی ڕۆژهەڵاتدا مرد .

# «وە کوردی بوژ!»

زاگرۆس

ڕەزاخانی میرپەنج پاش ئەوەی بە سەرکوت و زەبروزەنگ و پشتیوانی دەرەکی توانی دەسەڵاتی خۆی بە سەر ئەو چوارچێوە جوغرافییەدا کە هەنووکە بە ناوی ئێران دەناسرێ بسەپێنێت، یەکەم کاری ئەوە بوو کە بە لاساییکردنەوەی ئەتاتورک و بە دروشمی یەک وڵات و یەک نەتەوە خەڵکانی غەیرەفارس یان لە نێو ببات یاخود لە نێو زمان و کولتوور و مێژووی فارسەکاندا بییان توێنێتەوە؛ ئەم بیرۆکە لەو کاتەوە هەتا ئێستا هەرچەند بە تاکتیکی جیاواز بەڵام وەک ئیستراتیژی نەگۆڕی دەسەڵاتەکانی پاڵەوی و کۆماری ئیسلامی بەڕێوە چووە و لە هەمبەر گشت گەلانی غەیرەفارسی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی تاراندا ڕەچاو کراوە؛ بەڵام لە بەرانبەر نەتەوەی کورددا کە هەر دوو دەسەڵاتی ئاماژەپێکراو وەک سەرەکیترین دوژمنی ناوەندتەوەری چاویان لێکردووە بە شێوازێکی هەمەلایەنەتر و بەربڵاوتر بەڕێوە چووە و لەم پێناوەدا ئەوەی لە توانایاندا بێت درێغیان نەکردووە.

ئەگەر ڕەزاخانی میرپەنج بە زەبروزەنگ و لە ڕێگەی کوشتن و فەلاقە و جەریمەکردنەوە خەڵکی ناچار دەکرد کە بە زمانی فارسی بدوێن و جلی فەرمی و ڕۆژاوایی لەبەر بکەن، لە سەردەمی حەمەڕەزای پاڵەویدا سیاسەتی زەبروزەنگ بۆ توانەوەی نەتەوەکان شوێنی خۆی دا بە سیاسەتێک کە لەودا تاکەکانی نێو نەتەوە غەیرەفارسەکان بە دانی ئیمتیازی وەک کار و پارە و دەسەڵات لە ئیدارە و ڕێکخراوەکاندا تەشویق دەکران کە واز لە زمان و کولتور و ڕەچەڵەکی خۆیان بهێنن؛ کەوابوو لەم سەردەمەدا هەر کوردێک بەو ڕادەیەی کە لە مێژوو و زمان و نەتەوەی خۆی دوور دەکەوتەوە و دەبووە پینەیەکی خواروخێچی نەتەوەی باڵادەست بەو ڕێژەیەش بەسەر پلیکانەی دەسەڵاتدا هەڵدەزنا.

لە ماوەی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامیدا هەمان ئیستراتیژی بەڕێوە چوو، ئەمجارەیان دەسەڵاتدارانی تاران کولتوورێکان بڕەو پێ دەدا کە لەودا نەک بەهۆی زەبروزەنگ یان وەدەستهێنانی سروەت و سامان مرۆڤ پشتی لە نەتەوەکەی خۆی دەکرد بەڵکوو مرۆڤی کۆلۆنیکراوی زاگرۆس ئەمجارەیان لە ژێر گوشاری ئەو خۆبەکەمزانییەدا کە ڕاگەیاندن و پەروەردەوبارهێنانی ناوەند دروستی کردبوو، خۆبەفارسزانین و پاشکۆیەتی نەتەوەی باڵادەستی پێ شانازی بوو و داکۆکی لە مافەکانی نەتەوەی خۆی و لەڕاستیدا زاگرۆسی بوون و کوردبوون وەک ئاماژەکانی دواکەوتوویی و هۆکارەکانی پێشنەکەوتن چاوی لێ دەکرا.

بۆ نموونە لەم بیست ساڵەی ڕابردوودا و پاش دەسبەکاربوونی شەبەکەی ماهوارەیی تایبەت بە پارێزگاکان لە گشت پارێزگا غەیرەفارسەکان و بە تایبەت لە ناوچەکانی زاگرۆس و لە بەرنامەی ئەم کاناڵانەدا زمانی کوردی وا پێناسەکراوە کە تەنیا زمانی گۆرانی‌وتنە و هیچ کەڵکێکی دیکەی نییە و ناتوانێ بەرهەمهێنەری زانست و بەرنامەی جیددی بێت و بۆ ڕاهێنانی منداڵان و بەرنامەی پەروەردەوفێرکاری نەشیاوە، هەر لە پاڵ ئەم بانگەشە ئاشکرا و بەرچاوانەدا دەیان فیلم و بابەتیان بەرهەم هێناوە کە لەودا کوردی سەرکەوتوو یان بە واتایەک زاگروس نشینی پێشکەوتوو ئەو کەسەیە کە خێراتر لە نێو نەتەوەی باڵادەستدا دەتوێتەوە.

> **بۆ نموونە لەم بیست ساڵەی ڕابردوودا و پاش دەسبەکاربوونی شەبەکەی ماهوارەیی تایبەت بە پارێزگاکان لە گشت پارێزگا غەیرەفارسەکان و بە تایبەت لە ناوچەکانی زاگرۆس و لە بەرنامەی ئەم کاناڵانەدا زمانی کوردی وا پێناسەکراوە کە تەنیا زمانی گۆرانی‌وتنە و هیچ کەڵکێکی دیکەی نییە و ناتوانێ بەرهەمهێنەری زانست و بەرنامەی جیددی بێت و بۆ ڕاهێنانی منداڵان و بەرنامەی پەروەردەوفێرکاری نەشیاوە، هەر لە پاڵ ئەم بانگەشە ئاشکرا و بەرچاوانەدا دەیان فیلم و بابەتیان بەرهەم هێناوە کە لەودا کوردی سەرکەوتوو یان بە واتایەک زاگروس نشینی پێشکەوتوو ئەو کەسەیە کە خێراتر لە نێو نەتەوەی باڵادەستدا دەتوێتەوە**


ئەوە نزیک بە سەد ساڵ بەسەر ئەم پیلان و ستراتیژییانەی داگیرکەردا تێدەپەڕێ و ناوەند بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی لە هیچ کارێکی نامرۆڤانە سڵی نەکردووەتەوە و هەمیشە وای نواندووە کە کێشەی نەتەوەی کۆلۆنیکراوی ئێمە یان بوونی نییە، یاخود ئەگەر هەندێ داخوازیش هەبێت لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی ناوەند و پارێزگای سنەدا قەتیس ماوەتەوە و پارێزگاکانی دیکەی زاگرۆس خۆیان بە ئێرانی و بەشێک لە ئێرانشاری فارسی دەزانن و لە پێناو گەیشتن بەم ئامانجەشدا ناوەندتەوەری دەسەڵات و تەنانەت ئۆپۆزسیونیش هەموو هەوڵی خۆیان داوە کە کەلێن و نایەکگرتوویی لە نێو تاک بە تاک و شاربەشاری وڵاتی ئێمەدا دروست بکەن و بەر بە یەکگرتوویی و هاوخەباتیمان بگرن.

ئەوەی تا ئێرە و لەم وتارە کورتەدا باس کرا بەشێک لە هەوڵ و پەلەقاژەی سەد ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتی ناوەند بوو بە ئامانجی سڕینەوەی زمانەکەمان وەک شوناسی سەرەکی نەتەوە و لەو ڕێگەوە لەنێوبردن و تواندنەوەی ئێمە لە زمان و کولتووری فارسدا لە هەمبەر ئەم هەوڵی جینوسایدەدا خەبات بۆ ڕزگاری لە کۆلۆنیالیزم بەشێکی مەزنی مێژووی سەد ساڵی نەتەوەکەمانە لە هەموو پانتایی ئاخی نیشتماندا و هەرچەند هێشتا بەرهەمی خوێن و فرمێسکی ئەم نەتەوە نەهاتووەتە بەر بەڵام کاتێک لە کرماشان و لە کۆبونەوەی نارەزایەتی مامۆستایان و لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەبینین کاتێک مامۆستایەک دەیهەوێ بە زمانی فارسی قسە بۆ هاوکارەکانی بکات، مامۆستایانی دیکە پێی دەڵێن «وە کوردی بوژ» و ئەویش سەرەڕای ئەوەی دەڵێت: ماوەیەکی زۆر بە فارسی قسەمان کردووە، بەڵام بە خۆشحاڵی و بە زاراوەی کەلهوڕی قسەکانی پێشکەش دەکات. ئەمە کەتوار و هێمایەکە بۆ سەرکەوتنی خەبات لە پێناو ڕزگاری لە کۆلۆنیالیزم و لە هەمان کاتدا سەمبوولی تێکشکانی ستراتیژی داگیرکەرە بە دوو هۆکاری سەرەکی:

یەکەم؛ قوتابخانە و مامۆستایان و بە گشتی وەزارەتی پەروەردە و بارهێنان ئەو شوێن و تاکانەن کە بەشی بەرچاوی ئەجیندا و پلانەکانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی بۆ تواندنەوەی نەتەوەکەمان لەو ڕێگە و لەو کاناڵەوە بەڕێوە چووە کەچی هەنووکە و پاش سەد ساڵ بە شانازییەوە و وەک ئاڵقەی یەکیەتی باس لە کوردبوونی خۆی دەکات.

دووهەم؛ پارێزگای کرماشان ئەو شوێنەیە کە بە درێژایی ئەم سەد ساڵە دەسەڵاتدارانی کراوات لە مل و عەمامە بەسەر لە هەر شوێنێک بوویێتن هەوڵی ئەوەیان داوە کە بە هاوردەکردنی خەڵک لە ناوچەکانی دیکەی جوغرافیای ئێران و دروست کردنی مێژووی ناڕاست و دەیان هەوڵی دیکە لە خەباتی دژەکۆلۆنیالیستی و شوناسخوازانە دایببڕێنن، بەڵام بەم هەڵوێستە پیشانی دا کە داگیرکەر لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتوو نەبووە.

کەواتە ڕاسانی شار و بەرهەمی خوێن و فرمێسکی سەدساڵەی نەتەوەکەمان لە گشت پانتایی زاگرۆسدا تینووی ڕێکخستن و پشتیوانی زیاتری شاخە و بەستێن بۆ خەباتێکی دژە کۆلۆنیالیستی لە هەمووی پانتایی وڵاتماندا بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەبار و ئامادەیە.



# سەلیم زەنجیری:
## بەگشتی قۆناخی ئێستا زەروورەتی وەلانانی جیاوازییە سیاسی و فیکریی و بەرژەوەندییە بچووکەکان و وەسەریەکخستنەوەی هێز و پۆتانسیەلەکانی ناڕەزایەتیدەربڕینی بە ڕۆژەڤ کردووە

وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی



لە ساڵێک کە تێپەڕی سفرەی خەڵک ئەوەندەی دیکە بچووکتر بووەتەوە و زۆربەی ڕۆژەکان توێژە جیاوازەکانی خەڵک هاتوونەتە سەر شەقام و داواکاریی و ناڕەزایەتییان دەبڕیوە؛ لە داواکاریی سێنفییەوە بگرە هەتا خۆپیشاندانی بەربڵاوی خەڵک دژی ڕێژیم. ئاڵی هاوبەشی هەموو ئەو ناڕەزایەتییانە، نارازیبوون بە دەسەڵاتداریی ناکارامە و نادێموکراتیک لە ئێران بوو.
لەو وتووێژەدا قەیرانەکانی بەردەمی ئێران لە ساڵی ۲۰۲۱دا لەگەڵ کاک «سەلیم زەنجیری» بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانمان خستووەتە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**- ساڵی ۲۰۲۱ بۆ خەڵکی ئێران کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە بواری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و.. گوشاریان دەخرێتە سەر چۆن تێپەڕی؟**

بە داخەوە لە درێژەی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی تێئۆکراتیک، تۆتالیتێر و دیکتاتۆری مەزهەبی و لەشکەری کۆماری ئیسلامیدا، ئێران و کوردستانیش دۆخێکی خراپتر لە ساڵانی ڕابردوویان لە بوارگەلی جۆراوجۆردا ئەزموون کرد و بەهۆی بەردەوامیی ئەو سیاسەتە خراپ و نامرۆڤانە و هەروەها ئاژاوەگێڕییە ناوچەییەکان و بەرزەفڕییە نیزامییەکانی ئەو ڕێژیمەوە کۆمەڵێک قەیرانی نوێ بە قەیرانە کەڵەکەبووەکانی پێشتری ئێران زیاد بوون و کاریگەریی نەرێنیان لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگا داناوە و کۆمەڵگایان هێناوەتە ئاستی داڕووخان کە بەداخەوە پشکی شێر لەو ستەم و قەیرانانە بەر کوردستان و ناوچە غەیرەفارسەکان کەوتووە.
ساڵێک کە لە نەبوونی ئازادی و مافدا، وێڕای هەڕەشە و گوشار و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، گرتن و کوشتن و ئیعدام و سەرکوت، دەیان دیاردەی وەکوو گرانی و بێکاری و هەڵاوسان، هەژاری، برسێتی، ئیعتیاد، کوڕۆنا و ... تەنگییان بە کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و کوردستانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی هەڵچنی و کۆی ئەوانە قوربانی زۆریان لە کۆمەڵگای بندەستی ئێران ستاند، بەڵام نەتەنیا نەبوونە هۆی بەچۆکداهاتن و پاشەکشێ لە خواست و ویستە ڕەواکانی خەڵکی ئێران و کوردستان، بەڵکوو حەرەکەتە ناڕەزایەتییەکان لە قاڵبی ئابووری، سێنفی، ژینگەپارێزی و مافخوازیدا بە شێوەی پچڕپچڕ و ماوەماوە وێڕای ڕادیکاڵتربوونی درووشمەکان و بەئامانجگرتنی کۆی سیستم لە سەرانسەری ئێران بەردەوام بوون و ئاگری خەبات و دژبەریی ئەو نیزامە و سیاسەتەکانی، بڵێسەدارتر لە ساڵان دەبینرێت.

**- ڕێژیمی ئێران بۆ ساڵی ۲۰۲۲ چ قەیرانێکی دیکەی بە سەر قەیرانەکانی پێشووی کەڵەکە کردووە؟**

گەورەترین و مەترسیدارترین قەیران بۆ کۆمەڵگای ئێران و جیهان لە ساڵی نوێی زایینی، مانەوەی ئەو ڕێژیمەیە لە دەسەڵاتدا، کە ڕێژیم بە هەموو مێتۆد و کەرەستەیەک لە هزر و هەوڵی پاراستنیدایە بەڵام بە سەرنجدان بە پرسە سیاسی، ئابووری و ئەمنییەتی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران، کۆمەڵێک قەیران هەن کە لە ساڵی نوێدا دەبنە هەڕەشە لە سەر خەڵکی ئێران و خودی ڕێژیم. مەسەلەی ناوکیی ڕێژیم و هەوڵدانەکانی بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکیی دەتوانێ گرینگترین و سەرەکیترینی بێ کە ئێستا گەیشتووەتە دووڕێیانییەکی دژوار و چارەنووساز و دەبێ یەکلا بکرێتەوە، چوونکە ئێرانی تەیار بە چەکی ناوکیی لە ژێر دەسەڵاتداری ئەو ڕێژیمە ئیدئۆلۆژیک و ملهۆڕە نیزامی و دینییەدا بە هەڕەشە بۆ سەر ئیسرائیل، وڵاتانی ناوچە و جیهان و بە گشتی بۆ سەر دێموکراسی و مرۆڤایەتی لەقەڵەم دەدرێت، بۆیە ڕێژیم چ ڕێک بکەوێ کە پێموایە کورتماوە دەبێ و چ لەمە زیاتر لە بەرانبەر کۆمەڵگای جیهانی ڕابوەستێ، شەپۆلێک لە قەیران لە بوارگەلی جۆراوجۆر بەدوادا دێ کە ناڕەزایەتیی بەرفراوانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێرانی لێدەکەوێتەوە.
چوونکە قەیرانی گرانی وهەڵکشانی نرخی پێداویستییەکانی ژیان بەشێکی پێوەندی بە ئابلۆقە ئابوورییەکانی سەر ڕێژیم لەلایەن ئامریکا و ڕۆژاواوە هەیە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرسەدا.
قەیرانی کوڕۆنا کە ڕێژیم چ لە هاوردەکردن و بڵاوپێکردنیدا و چ بەهۆی حەرامکردنی واکسەنی ئامریکایی و بریتانیایی و ئیدیعا و بەڵێنییە بێ بنەماکانیدا بووە هۆکاری مردنی سەدان هەزار کەس، بەداخەوە ئێستاش هەر بەردەوامە. هەروەها قەیرانی ئاو و دروست کردنی بەنداوەکان و کۆمەڵێک قەیرانی دیکە هەن کە زادەی مودیرییەتی ناکارامە و سیاسەتی هەڵە و شەڕئەنگێزییەکانی ئەو ڕێژیمە کولۆنیالیستییەن کە هەتا سێبەری ئەو قاپووسە مابێ، قەیرانەکانیش بەردەوامییان دەبێ.

**. بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستای ئێران چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە، دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە هەتا کوێ دەتوانن بەم شێوەیە بچنە پێشەوە؟**

مەشرووعیەت، مەقبوولییەت و مەحبووبییەتی ئەو ڕێژیمە لە نێوخۆ و دەرەوەدا گەیشتووەتە نزمترین ئاستی خۆی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا. چوونکە لە بواری سیاسییەوە دەستی لە بینەقاقای خەڵکی کردووە و مەجالی هەناسەکێشانی لێیان وەرگرتووە، خەستی و ڕژدی دیکتاتۆرییەت و سەرکوتی زیاتر کردووە، ئیسلاحاتە درۆیینەکانیان شکستیان خواردووە و بوونەتە بڵقی سەرئاو، جەوهەر و نێوەڕۆکی ڕاستەقینەی نیزام پتر خۆی دەرخستووە، بەهۆی سەرکێشییە نیزامییەکانیەوە، ئابووریی وڵات گەیەندراوەتە لێواری ڕووخان و گەندەڵی ئیداری و ماڵی، گرانی و هەژاری و برسیەتی و ... هاوار دەکات و کەرامەتی خەڵکی شکێندراوە، بۆیە بزاوتە ناڕەزایەتییەکان و دەنگە دژبەرەکان لە نێو ئێران لە دژی ئەو سیستمە سەرەڕۆیە و سیاسەتەکانی لە پەرەسەندندان، درووشمەکانیان ڕادیکاڵتر بوونە، کەمایەتییە نەتەوەییەکان وشیارتر و ئامادەتر هاتوونەتە مەیدان، بە گشتی ناڕەزایەتییەکان وێڕای پچڕپچڕبوون و سەرکوتکردنیان، ئەزموونێکی سەرکەوتوویان لە دژبەریکردنی نیزام نیشان داوە کە بەخۆشیەوە پەلی هاویشتووە بۆ هەموو ناوچەکانی ئێران و دوور نییە کە شۆڕشی برسییەکان و ناڕازییەکان بکەوێتە ڕێ، چوونکە ئیدی ئەو خەڵکە هیچ شتێکیان بۆ لەدەستدان نەماوە، بەڵام خاڵی لاوازی ئەو حەرەکەتانە، نایەکگرتوویی و کۆنەبوونەوەی هەموو پۆتانسییەلەکانە بە دەوری بەرنامە و ستراتێژییەکی هاوبەش کە خۆی لە ئێرانێکی سێکۆلار، دێمۆکراتیک و فێدراڵدا ببینێتەوە و ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینەی ڕێژیم دەتوانێ فاکتەری یەکلاکەرەوە و پێشخستنی ئەو بەرنامە و سەرکەوتنی سەرهەڵدانە جەماوەرییەکان بێ.

**. بە سەرنجدان بە دەستێوەردانەکان و ئاژاوەگێڕییەکانی ڕێژیمی ئێران لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دنیای دەرەوە هەتا چەندە لەگەڵ ئەو ڕێژیمە هەڵ دەکات؟**

بەرنامەی ناوکی و مووشەکیی ڕێژیم، دەستێوەردان و ئاژاوەگێڕییەکانی لە ناوچەدا گەیشتوونەتە نوقتەیەکی حەساس کە پێ ناچێ لەلایەن ڕێژیمەوە نیەتی گەڕانەوەیان بۆ دواوە هەبێ، بەڵام کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و لە سەرووی هەمووشیان ئامریکا و ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی زیاتر لە هەموویان بۆ ئەو مەسەلەیە هەستیار و لەسەر هێڵن. گەمارۆکان، گۆشەگیرکردنی سیاسی، هێرشە نیزامییەکان لە دژی گرووپە پرۆکسییەکانی ڕێژیم، هێرشی سایبری، گوشار و هەڕەشەکان و ... تا ئێستا وێڕای لاواز و خاوکردنەوەی پرۆسەکە، بەڵام نەیانتوانیوە پێش بەو بەرنامانە بگرن، بە داخەوە مەسەلەی کوڕۆنا و گۆڕینی ئیدارەی ئامریکا و ئیسرائیلیش تا ڕادەیەک ڕێژیمی درتر و پێداگرتر بۆ بەردەوامیدان بەو بەرنامانە کرد، بۆیە مەترسییەکانی ئەو ڕێژیمە و بەرنامەکانی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر و جیدیتر خۆی دەردەخات و کۆمەڵگای جیهانی بە پێچەوانەی درووشم و ئیدیعاکانی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ، ئەمجارە لە بەر بەرژەوەندییە ئابووری و ئاسایشییەکانی خۆی و بە هەر نرخێک و بوونی هەر بژاردەیەک بێ، پێداگرە لە سەر پێشگرتن بە بەرنامەی ناوکی و مووشەکیی ڕێژیم.
بۆ ئەو مەبەستە گرووپی ٤+١ لە لایەک و ئامریکا و ئیسرائیل لە لایەکی دیکە و ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبیش لە لایەکی دیکەوە خەریکی کاری هاوبەشن بۆ ڕاوەستاندنی ئەو بەرنامانە.
هەروەها کوشتنی قاسم سلێمانی و پرۆسەی ئاشتی ئیسرائیل و عەرەبەکان و هاوپەیمانییەتیان لە دژی ئێران، گورزی کاریگەری لە بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم و گرووپەکانی گرێدراوی لە ناوچەکەدا وەشاندووە، دەبینین کە ڕۆژ نییە لە یەمەن، سووریە و لوبنان و عێراقدا نەکرێنە ئامانج و تەنانەت سەرەڕای سەرمایەدانان و تێچوویەکی زۆر و بەهەدەردانی سامانی خەڵکی ئێران لەو وڵاتانەدا، بە خۆپیشاندانی گەورە لە دژی ڕێژیم و سیاسەتە ئاژاوەگێڕییەکانی ڕەوتی داکشانی خۆشەویستی و هێزی مەیدانیی ڕێژیم دەستی پێکردووە کە دوایین هەڵبژاردنی پارلمانیی عێراق و شکستی هێزە شیعی و پرۆکسییەکانی سەر بە ڕێژیمی ئێران سەلمێنەری ئەو شکستە گەورەیە و پاشەکشەی ڕێژیمن. بە گشتی ئێستا هەڕەشە و مەترسییە ناوکی و مووشەکییەکان و ئاژاوەگێڕییەکانی ڕێژیم لە ناوچەکە لە هەموو کات زیاتر لەلایەن ئەعراب و ئیسرائیل و ئامریکا و ئۆرووپاوە بەهەند وەرگیراوە و لە هەوڵی ئەوەدان سەرەتا بە وتووێژ بە جۆرێک لە سازان بگەن کە ڕێژیم بە هەندێ ئیمتیازەوە ناچار بە پاشەکشە لەو بوارانەدا و خواردنی جامی ژەهرێکی دیکە بکەن کە ئەوەش لەگەڵ ستراتێژی ڕێژیم بۆ خۆپڕچەککردنی ناوکیی لە دژبەریدایە، بۆیە ڕێژیم وێڕای کات کوشتن و گوشارهێنان لەلایەن گرووپە گرێدراوەکانی خۆیەوە، بە خێرایی لە هەوڵی پیتاندنی ئۆرانیۆمی سەرووی ڕێژەی دیاریکراوەیە تا دەسەڵاتی خۆی پێ بیمە و گارانتی بکات، ئەمەش واتای بەزاندنی هێڵی سووری ئامریکا و ئیسرائیل و ڕۆژاوایە، بۆیە ئەنجامی گفتگۆکانی ڕۆژ و مانگەکانی داهاتوو لەم پێوەندییەدا یەکلاکەرەوە دەبن.



**. خەڵکی ئێران چۆن دەتوانن بە سەر ئەو کێشانەدا سەربکەون؟ ڕێگاچارە چییە و چ فاکتەرگەلێک ئەو ڕێگاچارەیە وەدی دێنێت؟**

دوای چواردەیە لە دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە هەم کێشە و قەیرانەکان دیارن و هەم هۆکار و ئەکتەر و پاڵنەرەکانی. سەرقاڵکردنی خەڵک بە شتی لاوەکی و ژیانیەوە، سیاسەتی ڕێژیمە بۆ مەهارکردن و بەتاڵکردنی کۆمەڵگا لە پۆتانسیەلی گۆڕانخوازی، ڕابوون و سەرهەڵدان. چاشنی و کاتالیزۆری ئەو پۆتانسیەلەی کۆمەڵگا، لاوانن کە دەبینین لە ژێر سایەی ئەو ڕێژیمەدا چۆن یاری بە چارەنووس و داهاتوویان دەکرێ بۆیە ڕێژیمێک کە ڕیفۆرمپەزیر نەبێ، مەجالی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیکی نەهێشتبێ، ئازادییەکانی بەرتەسک و قۆرخ کردبێ، چەرخەکانی دەسەڵات و مانەوەی خۆی بە سەرکوت و خوێنی لاوان هەڵسووڕێنێ، سامان و سەروەتی خەڵکی تاڵان و ڕۆژانە هەناسە و ڕۆحیان بکێشێ و ....، ئایا شیاوی مانەوە و بێدەنگبوونە لە بەرانبەریدا؟ لە ڕاستیدا ئەو بزووتنەوەیە ئازادیخوازی و مافخوازییە هەیە، بەڵام گشتگیر و سەرانسەری نییە، ترسی هەرەگەورەی ڕێژیمیش لەو فاکتەرە ناوخۆیی و بزووتنەوە ناڕازییە جەماوەرییانەیە کە گشتگیر بێ، بۆیە لە پێناو کپکردن و تەشەنەنەکردنی زیاتریدا هەموو هەوڵێک دەدات. بەگشتی قۆناخی ئێستا زەروورەتی وەلانانی جیاوازییە سیاسیی و فیکریی و بەرژەوەندییە بچووکەکان و وەسەریەکخستنەوەی هێز و پۆتانسیەلە ناڕەزایەتیدەربڕینی بە ڕۆژەڤ کردووە. خواستی هاوبەشی هەموو چین و توێژە ناڕازییەکان، لە دوای مەسەلەی ئابووری، تێپەڕین لەو سیستەمە دیکتاتۆرییەتەیە، پێویستە ئەو خواستە سەرەکییە ببێتە خاڵی کۆکەرەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینەی ڕێژیم بۆ پەرەپێدان بە ناڕەزایەتییە سەرانسەرییەکان و مێحوەری دیالۆگ بۆ دواڕۆژی سیاسیی ئێران لە سەر بنەمای دێموکراسی و شەراکەتی یەکسان لە دەسەڵاتدا. کات کوشتنی ئۆپۆزیسیۆن و خەڵک دەتوانێ بۆ چەندین ساڵی دیکە مانەوەی ئەو ڕێژیمە خوێنمژە مسۆگەر و داهاتوومان نادیار بکات.

**. لە ساڵی ۲۰۲۱دا ڕەوش و بارودۆخی نەتەوەکانی ئێران و بە تایبەت کورد لە ژێر سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێراندا چۆن بووە؟ ئایا هەوڵی نەتەوەکان لەو ساڵەدا بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان چەندە سەرکەوتوو بووە؟**

کورد و نەتەوەکانی بندەستی ئێران دۆخێکی جیاوازتر و خراپتریان لە نەتەوەی سەردەست هەبووە.
هەڵاواردنی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و مەزهەبی ڕێژیم و ڕوانگە ئەمنیەتییەکەی بەنیسبەت کوردستان و ناوچەکانی دیکە بەردەوام بووە، لە سۆنگەی ئەو ڕوانینە کولۆنیالیستییە ناوەندگەرایانەوە، کوردستانی میلیتاریزەکراو و دواکەوتوو لە بواری گەشەسەندنی ئابوورییەوە، لە ساڵی ڕابردووی زایینی وێڕای ئیعدامی دەیان ڕۆڵەی، دەستبەسەرکردنی سەدان و هەزاران هاونیشتمانیی، کوشتن و بریندارکردنی نیزیک بە دووسەدوپەنجا کۆڵبەر، قوربانیکردنی دەیان کەسی دیکە بە مینی چێندراو و سەرکوتی بەردەوام و ... بەڵام سەربەرزانە لە بەرانبەر ڕێژیم و هەروەها یەکدەنگ و یەکگرتوو لە پشت حیزبە خەباتکارەکانیدا ڕاوەستاوە، بەڵام کێشەی سەرەکی لە ساڵانی ڕابردووشدا، تەنیابوونی کوردستان لە سەنگەری خەباتدا بووە کە ئەوەش دەستی ڕێژیمی لە سەرکوت و کپکردنیدا کراوە هێشتووەتەوە، هاوئاهەنگی، هاوخەباتی و هاوپێوەندی نەتەوەکان دەتوانێ پاشەکشە و بڵاوە بە هێزی سەرکوتی ڕێژیم بکات. هەرچەند کە لە ساڵی ۲۰۲۱دا لە سەرووی دوو هەزار حەرەکەتی ئیعترازی لە سەرانسەری ئێران بە جیا و بەتایبەتی لە کوردستاندا ڕوویان داوە و بەگوڕتر لە ساڵان خۆپیشاندان لە دژی ڕێژیم لە کوردستان، خووزستان و بەلووچستان و تاران و تا ڕادەیەک لە ئازەربایجان و شارەکانی دیکە هاتوونەتە ئاراوە، بەڵام بەداخەوە بە هۆی پچڕپچڕبوونیان کونترۆڵ و سەرکوت کراون، بەڵام بەدڵنیاییەوە درێژەیان دەبێت.

**. وەکوو ڕای خۆتان چ ئاڵوگۆڕێک لە ساڵی ۲۰۲۲ لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی ئێران و کوردستان پێشبینی دەکەن؟**

وێڕای سەرکوتی خوێناوی و سیستماتیکی ڕێژیم، وشیاریی سیاسی و خواستە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەکانی ئێران و خەبات و بەرخۆدانی خەڵک لە دژی ئەو ڕێژیمە چووەتە قۆناخێکی نوێوە، لەملاشەوە شۆڕش کە دیالۆگی نەبیستراوەکانە، دەنگی لەنێوخۆدا دەبیسترێت.
هاوکات گوشارە دەرەکییەکانی سەر ڕێژیمیش لە پێوەندی لەگەڵ بەرزەفڕییە نیزامییەکان و ئاژاوەگێڕییەکانی لە ناوچەدا بەردەوامن و لەو پێوەندییەدا نە ڕێژیم ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ماوە، نە خەڵک و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش ئامادەی پاشەکشە لە داواکانیان و وازهێنان لە گوشارەکانیانن بۆیە لە سایەی ئەو ڕێژیمەدا ئێران لەحاڵی گۆڕانکارییە و زوو یان درەنگ ناڕەزایەتیی پەنگخواردووی خەڵک وەکوو بورکانێک دەتەقێتەوە، چوونکە ڕەفتار و پراکتیکی ئەو ڕێژیمە لە ناوخۆ و دەرەوەدا زەمینەی قڵیشان و ڕەوتی ڕووخانی بلەزتر کردووە، بەڵام گرینگ ئەو دەرفەتە سیاسییەیە کە گەلانی ئێران نابێ هاوشێوەی شۆڕشی ٧٩ لە کیسی بدەن و تا زووە لە سەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش وەکوو ئاڵترناتیڤی ئەو ڕێژیمە ڕێک بکەون.

# ڕاوێژ لە دەقی ئەدەبیدا



**ساماڵ ئەحمەدی**

لە نووسراوەی ئەدەبیدا کە ڕیتم و مۆسیقای وتە لابدرێت، ڕاوێژی نووسەر لە ڕێی کۆمەڵێک تەکنیکی دیکەی وەکوو هەڵبژاردنی وشە، وێنەسازی، تەکنیکی دەنگی، ڕستەسازی، بەکارهێنانی گاڵتە و تەوس (ئایرۆنی) و ...هتدەوە دەناسرێتەوە. شیکاری ئەدەبی بۆ لێکدانەوەی ڕاوێژی دەقی ئەدەبی دەبێت ئەو تەکنیکانە لەبەرچاو بگرێت، هەموو شیکارییەک دەربارەی ڕاوێژ لێکدانەوەیەکی جیاوازی سەبارەت بە واتای دەق لێ دەکەوێتەوە.

ڕاوێژ لە نووسراوەدا بریتییە لە ڕەنگدانەوەی بابەتی هزری و دیدگای بێژەر دەربارەی بابەت، یان پێوەندیی وی بە خوێنەرانەوە، کە زیاتر لە لۆی کۆمەڵێک ئاوەڵکار و ئاوەڵناوی کارتێکەرەوە، یان لە توێی ئەو توخمانەی دیکەی زمانەوە کە دەربڕی بیرکردنەوەی نووسەرن، خۆی دەنوێنێت. سەرباری ئەوەی کە بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی نووسینی کەسی لە ڕاوێژدا بەدیار دەکەوێت و بە باشییش درک دەکرێت، بەڵام ئەو ڕاوێژە بەئاسانی لە وەسف نایەت و خۆی بە دەست ڕوونکردنەوەوە نادات.

ڕاوێژ، لەڕاستیدا دەنگی نووسەرە، هەموو نووسراوەیەک، ئەوەی زۆر فەرمییش بێت لە لۆی کۆمەڵێک وشە و ڕستەوە دەگاتە گوێ. ئەو دەنگە دەربڕی پێوەندیی نووسەرە بە بابەتەوە. ئەوەندەی کە دەنگدانەوەی ئەو دەنگە لە دەقدا بەرزتر بێت تاقانەبوونی دەقەکە پتر بەدیار دەکەوێت. ڕاوێژی چیرۆکنووس و شاعیر، هەمان دەنگی شاراوەی «من»ی هونەریی وییە کە بە لای هەڵوێست و هۆگرییە سۆزداری و ئایدیۆلۆژییەکانیدا دەشکێتەوە.

ڕاستە سەرچاوەکانی زمان(Langue) بەتەواوی لە بەردەستی هەموو شاعیر و نووسەرێکدا هەن و لەو کۆگا مەزنە، بە ئازادی پێداویستییەکان هەڵدەبژێرن بۆ خولقاندنی دەقی ئەدەبی، بەڵام واتای «ئەدەبی»، چۆنایەتیی دەقە، نەک لەبەر ئەوەی کە توخمە زمانییەکانی «دەق چ شتێکن»، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە ئەو توخمە زمانییانە «چی دەکەن»، یان بە واتایەکی دیکە، «چ ڕۆڵێکیان هەیە؟» کەواتە «ئەدەبیبوون»، بەرهەمی ئەو ڕۆڵەیە کە دانەر (نووسەر) بە زمانی بەخشیوە و لەمەشەوە دەگەینە ئەو تێگەیشتنەی کە دەکرێت هەر دەقێکی ئەدەبی خۆی یەکەیەکی زمانی بێت کە پەیامێک لە نووسەرەوە بە خوێنەر دەگەیەنێت، بەڵام پەیامەکە نێوەڕۆکێکی هەواڵیی نییە، بەڵکوو کەرەستەیەکە بۆ ڕاگواستنی ئەزموون، تەنانەت ئەگەر دەقەکە لە سۆنگەی مەبەستی کەسیی نووسەریشەوە خوڵقابێت، یان بۆ دەربڕینی پێویستییە دەروونییەکانی خۆیشی نووسیبێتی، لە خوێندنەوەیدا ئەزموونێک بە خوێنەر دەگەیەنێت کە ڕادەی گواستنەوەی ئەو ئەزموونە دەبێتە پێوەر بۆ ئەوەی بە دەقێک بگوترێت بەهێز، یان لاواز.

لێرەدا دەتوانین بڵێین، ڕاوێژ ئەو مەبەستەیە کە نووسەر بۆ گواستنەوەی ئەزموون، یان دەنگی شاراوەی «من»ی هونەریی خۆی بەکاری دێنێت و لەڕێی لایەنە بنچینەییەکانی زمانەوە، وەکوو کورتبڕی و درێژدادڕی، یان ڕاستی و خوازە و خواستن و ...هتدەوە کەشێک دەخوڵقێنێت کە تێیدا نووسەر ئەزموونەکانی خۆی بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە. بێجگە لەوانە لە زمانی ئەدەبیدا توخمی «سۆز» دەتوانێت لە گواستنەوەی ئەزموونی هونەریی نووسەردا زۆر کاریگەر بێت، تەنانەت ڕاوێژ بە ڕەنگاندنی بەسۆزی وتە لە ڕێی خوڵقاندنی کەشی زمانییەوە وەسف کراوە و پایەی سەرەکیی هەموو دەقێکی ئەدەبییە و هەموو چەشنە پەرچەکردارێکی خوێنەر لەهەمبەر دەقی ئەدەبیدا بەهۆی ڕاوێژی دەقەکەوەیە، بۆیە دۆزینەوە و هەڵبژاردنی ڕاوێژی شیاو لەلایەن نووسەر و تێگەیشتنی لەلایەن خوێنەرەوە زۆر گرنگە.

لێرەدا پێویستە ئاماژەیەکی خێرا بە جیاوازیی زۆر هەستیاری نێوان ڕاوێژ (tone) و کەش (mood / atmosphere) بکەین، چونکە هەردوو توخمەکە لە دەقی ئەدەبیدا بۆ گواستنەوەی ئەزموون زۆر گرنگن کە وەکوو باسمان کرد نووسەر لە ڕێی توخمی ڕاوێژەوە هەست و ئەزموونی خۆی سەبارەت بە بابەتێک دەردەبڕێت، بەڵام لە کەشی دەقەکەیدا هەست و دۆخی خۆی بۆ خولقاندنی کەشێک بەکار دێنێت کە تێیدا خوێنەر و وتەکەی خۆی پێک دەگەیەنێت.

ڕۆڵی جوانیناسانەی ڕاوێژ لە دەقی ئەدەبیدا و گرنگایەتییەکەی بۆ گواستنەوەی ئەزموونی هەست و دۆخی نووسەر وای کردووە کە نووسەران و شاعیران بە گوێرەی بابەتی جۆراجۆر، جۆرە جیاوازەکانی ڕاوێژ وەکوو ڕاوێژی ئەڤیندارانە، عارفانە، زیرەکانە، پەسندەرانە، ساویلکانە، خەمبارانە، ڕەندانە، بەگاڵتە و تەوس، بە خۆڕانان، بە پاڕانەوە، بە شڵەژاوی، خوڕافیانە و... هتد بەکار دێنن، بۆ نموونە لەم شیعرەی مامۆستا «هێدی»دا:

ماڵ و سەر ویستم بە جارێ وا فیدای تۆ کەم وەتەن
ئەوڕۆ چیرۆک بێ لەناو گەلدا، سبەی ئەفسانە بام

ئەندازیارییەکی ناوازە بە کۆمەڵێک وشەی سادە بۆ خولقاندنی ڕاوێژێکی ئەڤیندارانەی تێکەڵاو بە داستان (حەماسە) و ئەفسانە کە ئەزموونی ئارەزوویەکی مرۆڤانە دەگوازێتەوە بۆ هەرکەسێکی دەیخوێنێتەوە.

یان لەم شیعرەی جەلال مەلەکشادا:

کاتێک زانیان
ناوت بووە بە جوانترین وشەی ئەوین
دڵدارەکان دەبزوێنی
دەنگت بووە بە چەپکەتیشک
شەوی چڵکن ئەشڵەقێنی
شانت داوە بەژێر خەمی نیشتمانا و
فرمێسک لە چاو هەژار ئەسڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی..

ڕاوێژی شیوەن و خەمباری و گریانی نێو وشەکان گەرمتر و پڕ فرمێسکتر لە گریانی ئاسایی، ئەزموونی خەفەتی لەدەستدانی کەسێک دەگوازێتەوە کە شەهید بووە.

ڕەحیم لوقمانی شاعیریش لە شیعری «کە چاویان بەستم»دا بە لەکارهێنانی ڕاوێژێکی ڕندانە بۆ ئەوەی نیشان بدات کە بێباکە لەوەی کە دژمنەکانی ئازاری بدەن، چونکە ئەو سوورە لەسەر داوای ڕەوای خۆی، ئەزموونی خۆی لە شێوەی پرسیارێکی ڕندانەدا بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە:

کە چاویان بەستم
چاوم پێکەنی و گوتی تا ئێستا
لە قاقای سووری تفەنگ و
لە شەقامی ڕووزەردی بێدەنگی و
لە زامی سووری تەلبەندی ئەوین بەدەر
چیم بینیوە؟ با بمبەستن!

نووسەری لێهاتوو بە ڕەخساندنی کەش و کۆنتێکستی شیاو و وێناکردنی حاڵەتە بەرچاوەکییەکانی کەسایەتییەکانی نێو گێڕانەوەکەی و هەڵبژاردنی وشەی تایبەت و درکی ڕۆڵی مۆسیقای زەینی و دەروونیی وشەکانی کە بە شێوەیەکی هونەرمەندانە گیانیان وەبەر دەنێت، ڕاوێژێکی تایبەت بۆ گواستنەوەی ئەزموونی مرۆڤانە دەخولقێنیت، بڕواننە شیعری «ورتەورتێک»ی شێرکۆ بێکەس کە ڕاوێژێکی ڕەخنەگرانەی هەیە، ئەویش لە زاری بۆیاخچییەکەوە، بەڵام شاعیر بە لەکارهێنانی وشەی «بچکۆل» هۆکاری ڕاوێژە زەینییەکەی دابین دەکات کە وتە پیتۆڵانەکانی حەمە بچکۆلی بۆیاخچییە و بە وەسفی ئەو کەشەی حەمە بچکۆل سەری ماندووی تێدا داخستووە، «ورتەورت» دەکاتە کۆنتێکست و بواری بیانووی گاڵتە بە ڕێبواران و هێنانی ناوی خوا لە لەفزێکی ئایرۆنیدا:

ئێوارە بوو
حەمە بچکۆلی بۆیاغچی
سەری ماندووی داخستبوو
لە سووچێکی گۆڕەپانە گەورەکەدا
لە ناوەندی دڵی شامدا
لەسەر کورسییە نزمەکەی خۆی دانیشتبوو
پەیتا پەیتا
وەکوو فلچەی نێوان دەستی
جەستەی لەڕی ڕادەژەنی
حەمە بچکۆلی ئاوارە
لەبەرخۆوە بە ورتەورت
ئەمەی ئەوت:
تۆ بازرگان قاچت دانێ
تۆ مامۆستا قاچت دانێ
تۆ پارێزەر قاچت دانێ
ئەفسەر
سەرباز
جاسووس
جەللاد
کوڕی باش و هەرچیوپەرچی
هەر هەمووتان یەک لە دوای یەک
قاچتان دانێن
کەس نەماوە
هەر خوا ماوە
لەو دنیا
دڵنیام ئەویش ئەنێرێ
ئەنێرێ بە شوێن کوردێکا
پێڵاوەکەی بۆ بۆیاغ کات
ڕەنگە ئەو کوردەش هەر من بم
ئاخ دایە گیان!
ئەوە ئەبێ پێڵاوی خوا چەند گەورە بێ
ژمارە چەند لە پێ بکات
ئای دایە گیان!
ئەی بۆ پارە خوا چەند ئەدات
ئەبێ چەند بات؟

لەبەر ئەوەی ڕاوێژی دەقی ئەدەبی سەروکاری لەگەڵ هەموو توخمەکانی شێواز و ڕێبازی ئەدەبی هەیە، دەتوانین بێژین هەموو توخمەکانی دەقی ئەدەبی لە خوڵقاندنی ڕاوێژدا کاریگەرییان هەیە، هەربۆیە بۆ درکی ڕاوێژی دەقی ئەدەبی دەبێت سرنج بدرێتە فۆرم و واتا ڕوون و هێماییەکانی دەق، پێکهاتەی ڕستەکان، مۆسیقای دەرەکی و کەناری و دەروونی و واتایی و، وێنە وەسفی و خەیاڵییەکانی دەق.

جێیمز جۆیس گوتوویەتی: «هەموو نووسەرێک گشت زانینی خۆی لە نووسینەکەیدا بەکار دێنێت و ئەم گشتە، بێجگە لە زانیارییە بەربڵاوەکانی لە لایەنی جۆراوجۆرەوە، بازنەی وشە و پێکهاتەی زمانییش لەخۆ دەگرێت.» ئەم وتەیەی ئەو نووسەرە هەرە بەناوبانگەی دنیا نیشانمان دەدات کە بنەماییترین قۆناغی نووسەری، قۆناغی نقومبوون لە دەریای زمان و فێربوونی قووڵی زمانە، نووسەر کە بییەوێت ئەزموونە گرنگ و قووڵەکانی ژیانی مرۆڤانەی خۆی بە کاریگەرترین شێوە ڕاگوازێت، دەبێت لە توانایدا بێت وشە هەرە پێچەڵپێچەکان لە ڕاوێژێکی ئاساندا بەکار بێنێت.

لە دەقی ئەدەبیدا نەک هەر نەفسی زمان، بگرە توانایی گواستنەوەی وردی چەمک و وێنا و هەست و ئەزموونەکان لەڕێگای زمانەوە گرنگە، واتە زمان خۆی بەسەر دەقدا ناسەپێنێت، بەڵکوو ئەزموون و هەست دەگوازێتەوە و ئەوەش نابێت بە شێوەیەک بێت کە نووسەر زمانزانیی خۆی بە چاوی خوێنەردا بدات، چونکە ئەوە دەبێتە «چەنەبازی»، نەک گواستنەوەی ئەزموونی مرۆڤانە لەڕێگەی دەقی ئەدەبییەوە.

هەمینگوای دەڵێت، لە جۆیسەوە فێر بووە کە نووسەری «چەنەبازی» نییە، بەڵکوو تۆمارکردنی ئەزموونی مرۆڤانەیە بە سادەترین و زەلالترین ڕاوێژی زمانی. لەم قسەیەوە تێ دەگەین کە نووسەری هەر زانینی وشە و وشەبازی نییە، بگرە شارەزاییە لە تەکینکەکانی لەکارهێنانی زماندا، کە «ڕاوێژ» یەکێک لە گرنگترین تەکنیکەکانی نووسینە.

لە کۆتاییی ئەم یادداشتەدا دەمەوێت بڵێم نووسەر دەبێت لە زماندا نوقم ببێت و خۆی بە شەپۆلانی هەموو جۆرە زمانێکی زارەکی، زەینی، گوندی، شاری، شۆڕشگێڕی، ڕەخنەگرانە، جادوویی، ئەفسانەیی، شێتانە، خەون و خولیا، زانستی

**نووسەری لێهاتوو بە ڕەخساندنی کەش و کۆنتێکستی شیاو و وێناکردنی حاڵەتە بەرچاوەکییەکانی کەسایەتییەکانی نێو گێڕانەوەکەی و هەڵبژاردنی وشەی تایبەت و درکی ڕۆڵی مۆسیقای زەینی و دەروونیی وشەکانی کە بە شێوەیەکی هونەرمەندانە گیانیان وەبەر دەنێت، ڕاوێژێکی تایبەت بۆ گواستنەوەی ئەزموونی مرۆڤانە دەخولقێنیت**

**لەبەر ئەوەی ڕاوێژی دەقی ئەدەبی سەروکاری لەگەڵ هەموو توخمەکانی شێواز و ڕێبازی ئەدەبی هەیە، دەتوانین بێژین هەموو توخمەکانی دەقی ئەدەبی لە خوڵقاندنی ڕاوێژدا کاریگەرییان هەیە، هەربۆیە بۆ درکی ڕاوێژی دەقی ئەدەبی دەبێت سرنج بدرێتە فۆرم و واتا ڕوون و هێماییەکانی دەق، پێکهاتەی ڕستەکان، مۆسیقای دەرەکی و کەناری و دەروونی و واتایی و، وێنە وەسفی و خەیاڵییەکانی دەق**

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No :814 · 5 January 2022

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

## ئاماری کوژراو و برینداربوونی کۆڵبەران

لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردووی زایینیدا سەرجەم ١٥٩٠ کۆڵبەر لە کوردستان کوژراون و بریندار کراون.

ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆیی کوردپا، بەپێی ڕاپۆرتێکی جیاکاری ـ ئاماریدا، ئاماری کوژران و بریندارکردنی کۆڵبەرانی لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردووی زایینی (ساڵی ٢٠١٢ هەتا ٢٠٢١) خستە ڕوو.

بەپێی ئەو ئامارە، لە ساڵی ٢٠١٢ هەتا ٢٠٢١ی زایینی، سەرجەم ١٥٩٠ کۆڵبەری کوژراو و بریندارکراو بوونی هەیە کە لەو نێوانەدا ٥١٥ کۆڵبەر کوژراون و ١٠٧٥ کۆڵبەریش بریندار کراون.

هەروەهالەم ڕێژەیە ٢٩ کۆڵبەر تەمەنیان لە ژێر ١٨ ساڵەوە بووە.

بەپێی ئەو ئامارە ٧٦ لەسەدی کۆڵبەران بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران کوژراون یان بریندار کراون.

بەربوونەوە لە بەرزایی بە ڕێژەی ٧ لەسەد، بەهۆی سەرمابردوویی و ڕنووی بەفر بە ڕێژەی ٦ لەسەد و هەروەها بەهۆی تەقینەوەی مین بە ڕێژەی ٥ لەسەد لە هۆکارە گرینگەکانی کوژران و بریندارکردنی کۆڵبەران دێنە هەژمار.

## خستنەڕووی دووبارەی ئاماری ساڵانە بە شێوەی جیاجیا

**ساڵی ٢٠١٢:**

**ژمارە ٧٣ کۆڵبەر، ٤٤ کوژراو و ٢٩ برینداربوو**

**چۆنییەتی کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:**

**تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی ئێران:** ٦٣

**ڕنوو:** ٦

**تەقینەوەی مین:** ٣ کەس و بێسەروشوێنبوون کەسێک

کوژران و برینداربوونی کولبەرانی ژێر تەمەن ١٨ ساڵ

کوژرانی منداڵێکی تەمەن ١٧ ساڵە

**ساڵی ٢٠١٣:**

**ژمارەی کۆڵبەرانی کوژراو و بریندار ٩٢ کەس**

کوژرا ٣٨ و بریندار ٥٤

**چۆنییەتی کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:**

**تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی ئێران:** ٧١ کەس

**ڕنوو:** ٧ کەس

**بەربوونەوە لە بەرزایی:** ٣ کەس

**تەقینەوەی مین:** ٧ کەس

**جەڵتەی دڵ لە کاتی کۆڵبەری:** ٢ کەس

**کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران بە ڕووداوی هاتوچۆ:** کەسێک

**کەوتنە ناو کاناڵی سنووری:** کەسێک

**کوژران و برینداربوونی کۆڵبەرانی ژێر تەمەن ١٨ ساڵ:**

٦ منداڵ (٤ کوژرا و و ٢ بریندار)

**ساڵی ٢٠١٤:**

**ژمارەی کۆڵبەرانی کوژرا و بریندار: ٨٩**

**کوژراو:** ٣٤

**برینداربوو:** ٥٥

**چۆنییەتیی کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:**

**تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی ئێران:** ٦١ کەس

**ڕنوو:** ٧ کەس

**تەقینەوەی مین:** ٦ کەس

**گیانلەدەستدان لە ژێر باری قورسی کۆڵبەری:** کەسێک

**بەربوونەوە بۆ ناو ڕووبار:** ٢ کەس

**لێدان و ئەشکەنجە کرانی کۆڵبەران لە لایەن هێزە نیزامییەکانەوە:** کەسێک

**کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران بە ڕووداوی هاتوچۆ:** ١١ کەس

**کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران تەمەن ژێر ١٨ ساڵ:**

کوژرانی کۆڵبەرێکی تەمەن ١٧ ساڵ

**ساڵی ٢٠١٥:**

**ژمارەی کۆڵبەرانی کوژرا و بریندار ٧٢ کەس**

کوژرا ٤٢ کەس و بریندار ٣٠

**چۆنییەتی کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:**

**تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران: ٦٢ کەس**

**ڕنوو و سەرمابردوویی: ٢ کەس**

**بەربوونەوە لە بەرزایی: ٣ کەس**

**کەوتنە ناو ڕووبار: ٢ کەس**

**تەقینەوەی مین: ٣ کەس**

**کوژران و برینداربوون ژێر تەمەن ١٨ ساڵ**

**کوژرانی دوو کۆڵبەری تەمەن ١٧ ساڵ**

**ساڵی ٢٠١٦ :**

**ژمارەی کۆڵبەرانی کوژرا و برینداربوو: ١٢٢ کەس**

**کوژراو: ٥١ کەس**

**بریندار: ٧١ کەس**

**چۆنییەتی کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:**

**تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران: ٩٦**

**ڕنوو: ٢ کەس**

**بەربوونەوە لە بەرزایی: ٣ کەس**

**کەوتنە ناو ڕووبار: ٢ کەس**

**تەقینەوەی مین: ٤ کەس**

**جەڵتەی دڵ لە کاتی کۆڵبەری: کەسێک**

**کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران بە ڕووداوی هاتوچۆ: ١٣ کەس**

**گیانلەدەستدان بە هۆی باری قورس: کەسێک**

**کوژران و برینداربوونی ژێر تەمەن ١٨ ساڵ:**

**٢ کوژراو و بریندار (کوژرانی کۆڵبەرێکی تەمەن ١٧ ساڵ و برینداربوونی کۆڵبەرێکی تەمەن ١٦ ساڵ)**

**ساڵی ٢٠١٧:**

**ژمارەی کۆڵبەرای کوژرا و بریندار: ٢٢٠ کەس**

**کوژران: ٦٥ کەس**

**بریندار: ١٥٣ کەس**

**بێسەرشوێنبوون: ٢ کەس**

**چۆنییەتیی کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:**

**تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی: ١٣٢ کەس**

**سەرمابردوویی و ڕنوو: ٢٠ کەس**

**بەربوونەوە لە بەرزایی: ١٩ کەس**

**لێدان و ئەشکەنجە هێزە نیزامییەکان: ١ کەسێک**

**گازگرتووی لە ناو خێوە لە کوێستانەکان لە کاتی کۆڵبەری: ١ کەسێک**

**تەقینەوەی مین: ٩ کەس**

**جەڵتەی دڵ لە کاتی کۆڵبەری: ٣ کەس**

**بێسەروشوێبوو: ٢ کەس**

**کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران بە ڕووداوی هاتوچۆ: ٣٣ کەس**

**کوژران و برینداربوونی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ:**

**٤ کوژرا و بریندار (کوژرانی ٣ کۆڵبەری تەمەن ١٣، ١٦ و ١٧ و برینداربوونی کۆڵبەرێکی تەمەن ١٦ ساڵ)**

**ساڵی ٢٠١٨:**

**ژمارەی کۆڵبەرانی کوژراو و بریندار:٢٢٨**

**کوژراو: ٧٠ کەس**

**بریندار: ١٥٨ کەس**

**چۆنییەتیی کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:**

**تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران: ١٤٨ کەس**

**ڕنوو: ١٢ کەس**

**کەوتنە ناو ڕووبار: ٢ کەس**

**بەربوونەوە لە بەرزایی: ٢٣ کەس**

**تەقینەوەی مین: ٢٣ کەس**

**پچرانی دەمار لە کاتی کۆڵبەری: کەسێک**

**جەڵتەی دڵ لە کاتی کۆڵبەری: ٣ کەس**

**بەربوونەوەی بار بە سەر کۆڵبەر: کەسێک**

**لێدان و ئەشکەنجەی هێزە نیزامییەکان: کەسێک**

**گیانلەدەستدانی کۆڵبەران بە ڕووداوی هاتوچۆ: ١٤ کەس**

**کوژران و برینداربوونی کۆڵبەرانی تەمنەن ژێر ١٨ ساڵ**

**برینداربوونی ٢ کۆڵبەری تەمەن ١٥ ساڵ**

**ساڵی ٢٠١٩:**

**ژمارەی کۆڵبەرانی کوژراو و بریندار: ٢٥٠ کەس**

**کوژراو:** ٧٠ کەس

**بریندار:** ١٨٠ کەس

**چۆنییەتیی کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:**

**تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران:** ١٩٩ کەس

**ڕنوو و سەرمابردوویی:** ١٥ کەس

**بەربوونەوە لە بەرزایی:** ١٨ کەس

**لێدان و ئەشکەنجەکردنی کۆڵبەران لە لایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتییەوە:** ٣ کەس

**کەوتنە ناو ڕووبار:** ٤ کەس

**تەقینەوەی مین:** ٨ کەس

**جەڵتەی دڵ لە کاتی کۆڵبەری:** ٢ کەس

**کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران بە ڕووداوی هاتوچۆ:** کەسێک

**کوژران و برینداربوونی کۆڵبەرانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ:**

٦ کۆڵبەری مێرمنداڵ کە تەمەنیان ١٤ هەتا ١٧ ساڵ بووە بە تایبەتی فەرهاد خوسرەوەی کە تەمەنی ١٤ ساڵ، بە هۆی سەرمابردوویی گیانی لەدەستدا.

**ساڵی ٢٠٢٠:**

**ژمارەی کۆڵبەرانی کوژراو و بریندار: ٢٣٦ کەس**

**کوژراو:** ٥٣ کەس

**برینداربوو:** ١٨٣ کەس

**چۆنییەتیی کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:**

**تەقەی راستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتین ئێران:** ١٧١ کەس

**ڕنوو:** ٦ کەس

**تەقەی هێزەکانی ئەرتەشی تورکیە:** ١٧ کەس

**بەربوونەوە لە بەرزایی:** ١٢ کەس

**لێدان و ئەشکەنجە کردنی کۆڵبەران لە لایەن هێزە نیزامییەکانەوە:** ٤ کەس

**کەوتنە ناو ڕووبار:** ٢ کەس

**تەقینەوەی مین:** ٤ کەس

**بێسەروشوێن بوو:** کەسێک

**کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران بە ڕووداوی هاتوچۆ:** ١٩ کەس

**کوژران و برینداربوونی کۆڵبەرانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ:**

برینداربوونی ٤ کۆڵبەری مێرمنداڵ کە تەمەنیان لە نێوان ١٤ هەتا ١٧ ساڵ بووە.

**ساڵی ٢٠٢١:**

**کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران: ژمارەی گشتیی: ٢٠٨ کەس**

**کوژرا:** ٤٦ کەس

**بریندار:** ١٦٢ کەس

**چۆنییەتیی کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:**

**تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران:** ١٢٢ کەس

**تەقەی هێزەکانی ئەرتەشی تورکییە:** ١٠ کەس

**ڕنوو و سەرمابردوویی:** ٨ کەس

**بەربوونەوە لە بەرزایی:** ٢٥ کەس

**لێدانی و ئەشکەنجە کردنی کۆڵبەران لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتییەوە:** ١٢ کەس

**جەڵتەی دڵ لە کاتی کۆڵبەری:** ٣ کەس

**تەقینەوەی مین:** ٤ کەس

**خنکاندن لە ناو ڕووبار لە کاتی ڕاودوونانی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی:** کەسێک

**خستنەخوارەوە لە بەرزایی لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی:** کەسێک

**کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران بە ڕووداوی هاتوچۆ:** ٢٢ کەس

**کوژران و برینداربوونی کۆڵبەرانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ:**

عەلیشان ئەحمەدی، خەڵکی ورمێ، کە لە سنووری ئەو شارە بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی تورکیە گیانیلەدەستدابوو، تەمەن ١٥ ساڵان بوو.

***ئەم ئامارانە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپادا تۆمار کراون.**